ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی نه‌نجومه‌نی کارگێڕی و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

رۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
● هاوڕێ فه‌رمانده‌ی گشتی سوپای میللی ڕێزی سێ جه‌نگاوه‌ر له رۆڵه‌کانی گه‌ڵی کورد ده‌گرێت ل ٢

● پێنج شه‌مه‌ ١٩٨٤/٥/٢٤ ژماره‌ ٣٧٩ ● ٨ لاپه‌ڕه به ٥٠ فلسه ● الخميس ١٩٨٤/٥/٢٤ العدد ٣٧٩ ●

که‌له‌که‌بوونی پاپۆڕه‌کانی نه‌وت له که‌نداودا

جه‌نگاوه‌ر دلێره‌کانمان سه‌رکه‌وتنی زیاتر به‌دی ده‌هێنن

جه‌نگاوه‌ره دلێره‌کانی عیراقی مه‌زن به‌رده‌وامن له به‌ره‌نگار بوونه‌وه‌ی دوژمنه‌چاوچنۆکه داخ له دڵه‌کانی ئێرانو به‌رگری کردن له‌عیراقی مه‌زنو له هه‌موو به‌ره‌کانی جه‌نگدا سه‌رکه‌وتنی به‌رده‌وام به‌دی ده‌هێنن ودەستی دلێرانه له‌جموجوڵی دوژمن له‌سه‌ر سنوور ده‌وه‌شێنن .

به پێی به‌یاننامه‌کانی سه‌رکردایه‌تی گشتی هێزه چه‌کداره‌کانمان ئه‌م هه‌فته‌یه تۆ په‌کانمانو فڕۆکه هیلوکۆپته‌ره ئازاکانمان ده‌ستی توندیان له سه‌نگه‌رو مولگاکانی دوژمن وه‌شاندوه‌و زیانی سه‌رو ماڵی گه‌وره‌یان به دوژمنی داخ له دڵ گه‌یاندوه‌و له هه‌موو هه‌ڵمه‌ته سه‌رکه‌وتووه‌کانی فڕۆکه هیلوکۆپته‌ره‌کانماندا راسته‌و خۆنیشانه‌کانیان پێکاوه‌و هه‌مووش دوای به‌جێهێنانی ئه‌رکی سه‌رشانیان به سه‌لامه‌تی گه‌راونه‌ته‌وه بنکه‌کانی خۆیان .

دباره‌ی راکردنی سه‌ربازه‌کانی له‌شکری ئێرانو هاوڵاتیانی ئێرانی له ده‌ست جه‌ورو سته‌می ڕژێمی دڕنده‌ی خومه‌ینی جادووگه‌رو په‌نا هێنانیان بۆ لای هێزه‌کانمان ئه‌م هه‌فته‌یه‌ش به‌رده‌وام بوه‌و ژماره‌ی نوێ تر په‌نایان هێناوه‌و هێزه‌کانمان گواستونیانه‌ته‌وه بۆ هیله‌کانی دواوه .

هه‌روه‌ها هه‌ڵو ئازاکانی هێزی ئاسمانیمان ئه‌م هه‌فته‌یه چه‌ندان هه‌ڵمه‌تی سه‌رکه‌وتوویان بردۆته سه‌ر بنکه‌و مولگاکانی دوژمن به‌تایبه‌تی له که‌رتی ڕۆژهه‌ڵاتی به‌سره چه‌ندان سه‌نگه‌ریان به‌سه‌ر دوژمناندا روخاندوه‌و بڵاوه‌یان به زۆر مولگای هێزه‌کانی دوژمن کردوه .

نه‌نجومه‌نی هاوکاری که‌نداو

نه‌خشه‌یه‌کی سوپایی داده‌نێن بۆ به‌ره‌نگاریی‌ی هێرشی ئێران

ابوظبی : شێخ صباح‌الاحمد وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی کوه‌یت وتی ولاته‌که‌ی به‌هاوکاری له‌گه‌ڵ ولاتانی نه‌نجومه‌نی هاوکاری داخه‌ریکن نه‌خشه‌یه‌کی سوپایی دابنێن بۆ به‌ره‌نگاربوونی هه‌ر هێرشێکی ئێرانی له که‌نداوی عه‌ره‌بدا .

ئه‌م نه‌خشه‌یه له‌ماوه‌ی هه‌فته‌یه‌کدا ئاماده ده‌بێ . هه‌رچه‌نده هیچی تری ده‌رنه‌خست ڕاپۆرته‌کان واده‌گه‌یه‌نن که هێزی ئاسمانی سعودیه‌و کوه‌یت به‌رده‌وام خه‌ریکی فڕین ده‌بن به ئاسمانی ناوچه‌که‌دا بۆ ئه‌وه‌ی ئاکادار بن له هه‌ر نیازێکی ئێران بۆ هێرش بردنه سه‌ر پاپۆڕه نه‌وت هه‌ڵگره‌کان .

شێخ صباح وتی ئێمه بۆیه ڕوومان‌کرده نه‌نجومه‌نی ئاسایشی نێو ده‌وڵه‌تان بۆ ئه‌وه‌ی له‌باره‌ی سیاسی‌یه‌وه ئه‌وه‌ی پێویسته‌بێ بیکه‌ین‌و ئه‌وه‌ی نه‌ڵێن پێش ئه‌وه‌ی جیهان ئاکادار که‌ن شتێکیان کرد به‌ڵام ئامادەیشین بۆ پارانی ئه‌ماوو پاپۆره کانیشمان که‌گه‌یشتنه‌ به‌ره‌نگاربوونیشیان بۆ .

له‌وه‌ڵامی پرسیارێکیشدا که‌ئایا کوه‌یت داوای یارمه‌تی تازه‌ی سوپایی کردوه‌ وتی ئه‌مه شتێکی تازه نیه چونکه ئێمه چه‌ك دروست ناکه‌ین‌و له ڕۆژه‌ڵات‌و ڕۆژاواو هه‌موو ولاتێ داوای ده‌که‌ین .

له‌لایه‌کی تره‌وه روژنامه‌ی (الوطن)ی کوه‌یتی وتی ولاتانی نه‌نجومه‌نی هاوکاری که‌نداو نیازیان وایه خه‌تی ده‌ریاییه‌کانیان به‌ره‌و روژاوای که‌نداو به‌رن بۆ ئه‌وه‌ی له‌ڕێکخراوه‌کانی به‌رگری بکرن .

هه‌روه‌ها ده‌وڵه‌تانی نه‌نجومه‌نی هاوکاری‌ی که‌نداو داوای به‌ستنی کۆبوونه‌وه‌یه‌کی خێرای نه‌نجومه‌نی ئاسایشی ده‌وڵه‌تان کرد بۆ باسی ده‌ستدرێژی‌یه‌کانی ئێران بۆسه‌ر پاپۆره‌کانی سعودیه‌و کوه‌یت .

ئه‌نجومه‌نی ئاسایش ئه‌مڕۆکۆده‌بێته‌وه‌و لێژنه‌ی کۆششی خێرخوازیش بانگ‌کراوه بۆ کۆبوونه‌وه‌ی ده‌ست‌وبرد

دوای ئه‌و ده‌ستدرێژیه‌ناره‌وایه‌ی ڕژێمی ئێرانی‌دوژمن کردیه سه‌ر پاپۆره نه‌وت به‌ره‌کانی سعودیه‌و کوه‌یت باری که‌نداو ئانوزبوه که له‌وه ده‌چێت ڕژێمی ئێران به‌ئه‌نقه‌ست ده‌رگای‌ده‌ست وه‌ردانه کاروباری‌ناوچه‌ی که‌نداو له‌لایه‌ن هێزه‌کانی ده‌ره‌ودا بکاته‌وه‌وئاگری شه‌رو ئاژاوه له‌ناوچه‌که‌دا فراوانتر بکات وه‌ك ڕێگایه‌ك بۆ به‌دی‌هێنانی چاوچنۆکی‌وهه‌ڵوێستی دوژمنایه‌تی کارو باوه ڕی خۆ فراونکردنی ئه‌ورژیمه داخ له‌دڵه .

به‌رامبه‌ر به‌وه‌و له‌سه‌ر خواستی وڵاتانی ئه‌نجومه‌نی هاوکاری که‌نداو ئه‌مڕۆ ڕۆژی پێنج شه‌ممه ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی ده‌وڵه‌تان کۆ ده‌بێته‌وه بۆ سه‌رکردنی ده‌ستدرێژیه‌که‌ی ئێران بۆ سه‌ر نه‌وت به‌ره‌کانی کوه‌یت‌و سعودیه .

له‌لایه‌کی تره‌وه حبیب الشطی ئه‌مینداری گشتی ڕێکخراوی کۆنگره‌ی ئیسلامی داوای له‌ئه‌ندامانی لیژنه‌ی کۆششی خێرخوازی کردوه بۆ کۆبوونه‌وه‌یه‌کی ده‌ستو برد له‌باره‌گای ڕێکخراوه‌که له جده بۆ باسکردنی باری ناوچه‌ی که‌نداوی عه‌ره‌بی له‌به‌ر ڕووناکی گۆرانه‌کانی ئه‌م دوابیه‌ی باری ناوچه‌که‌و شه‌ری نێوان عیراق‌و ئێران.

ئه‌مه‌و هه‌واله‌کان وائه‌گه‌به‌نن که‌ده‌یان پاپۆری نه‌وت‌به‌ر له ده‌روازه‌ی که‌نداوی عه‌ره‌بی که‌له‌که بوون‌و ناوێرن بچنه ئه‌و شوێنه‌کانه‌ی ئابلۆقه‌ی عیراق گرتونیه‌تیه‌وه‌و زۆر کۆمپانیای هاتووچۆی ده‌ربایی قه‌ده‌خه‌ی کردوه پاپۆره‌کانیان به‌ره‌و که‌نداوی عه‌ره‌بی بڕۆن .

پاپۆره نه‌وتبه‌ره‌کان له ده‌روازه‌ی که‌نداودا وه‌ستاون

ابوظبی : سه‌رچاوه ده‌ریایی‌یه‌کان وایان ڕاگه‌یاند که ژماره‌یه‌کی زۆر له پاپۆره نه‌وتبه‌ره‌کان که بریاره له به‌نده‌ره‌کانی که‌نداوی عه‌ره‌به‌وه نه‌وت بار که‌ن له به‌رده‌م به‌نده‌ری خرفان‌دا له فجیره له‌نگه‌ریان گرتووه که له سه‌ره‌تای که‌نداودایه‌وه زاتی ئه‌وه‌یان نی‌یه بچنه ناوچه قه‌ده‌غه کراوه‌کانه‌وه .

کاربه‌ده‌ستی به‌نده‌ری فجیره وتی هه‌ندێ له‌م پاپۆرانه له دووری ٤٥ کیلۆمه‌تره‌وه له‌نگه‌ریان گرتوه‌و نۆ نه‌وت هه‌ڵگری که‌وره‌ش له ده‌ریای عوماندا چاوه‌ڕێ ده‌که‌ن .

له لایه‌که‌وه یه‌کێتی خاوه‌ن پاپۆره‌کانی نه‌رویج بریاری‌دا نه‌هێڵێ پاپۆره‌کانیان به‌ره‌و که‌نداو بڕۆن له لایه‌کی که‌بشه‌وه یه‌کێتی ده‌ریاوانه به‌ریتانیایی‌به‌کان له له‌نده‌ن داوای له پاپۆره‌کانی به‌ریتانیا کرد ڕوونه‌که‌نه که‌نداوو له هه‌مان کاتیشدا داوای له حکوومه‌تی به‌ریتانیا کرد فه‌رمانێ ده‌رکا بۆ پاپۆره‌کان بۆ ئه‌وه‌ی خۆیان دووربگرن له ناوچه‌ی که‌نداوو وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی به‌ریتانیا ئیستا سه‌یری ئه‌م داخوازی‌یه ده‌کا .

ئه‌وه‌ی شایانی باسه پاپۆره‌کانی ئه‌نه‌مایی له سه‌ره‌تای ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا نقوم‌کرا به تیژۆکێکی عیراقی‌و ئه‌مه شه‌شه‌م هێرش بوو برایه سه‌ر پاپۆره‌کان له شه‌ش ڕۆژدا .

له هه‌مان بواردا ڕۆژنامه‌ی فاینه‌نشیال تایمزی به‌ریتانیایی وتی جم‌وجوڵی بازرگانی‌و گواستنه‌وه له که‌نداودا خاو بووه‌و ئیستا خاوه‌ن پاپۆرو ده‌ڵاله‌کان له‌م مه‌سه‌له‌یه ده‌کۆڵنه‌وه . هه‌روه‌ها وتی ئیستا خاوه‌ن پاپۆره‌کان له به‌ریتانیادا حه‌ز له‌وه ناکه‌ن پاپۆر به‌ره‌و که‌نداو بنێرن‌و زۆر وڵات‌و کۆمپانیا به‌ته‌واوی بریاری ڕوونه‌کردنه که‌نداویان داوه .

له لایه‌که‌وه وه‌زیری به‌ریتانیا وتی وه‌زیرانی ئابووری‌و وزه له بازاری هاوبه‌شی ئه‌وروپا خه‌ریکی ئه‌وه‌ن له‌وه بکۆڵنه‌وه که ئه‌گه‌ر نه‌وتی که‌نداو بڕا نه‌وت به هه‌ندێ له ده‌وڵه‌ته پیشه‌سازی‌به کان بده‌ن .

په‌ره‌سه‌ندنی ئاژاوه له هیندستان

ئه‌مه چه‌ند ڕۆژێکه شه‌قامه‌کانی شاری بۆمبای له هیندستان به هێزی سوپایی ته‌نراون‌و خاتو ئه‌ندێرا غاندی سه‌ره‌ك وه‌زیران خۆیشی چووه بۆ شه‌ردانی ئه‌م ناوچانه ئاژاوه‌و کاروباری توندو تیژی تایفه گه‌ریان تیا قه‌وماوه‌و تا ئیستا بۆنه‌ته هۆی کوشتنی زیاد له ١٠٠ که‌س .

ئه‌وه‌ی شایانی باسه ئه‌م باره هه‌ریمی به‌نجاب‌و ماهاراشترایان گرتۆته‌وه پۆلیس له حه‌وت گه‌ره‌کی شاری بۆمبای ته‌قه‌ی له به‌ره ناکۆکه‌کان کردوه که به دارو به‌ردو ئاسن که‌وتبوونه یه‌ك .

ئاژانی برس تراستی هیندستانی ده‌ڵێ له بۆمبای‌که که‌وره‌ترین شاری پیشه‌سازی‌و مه‌ڵبه‌ندی دارایی هیندستانه ١٠٥ که‌س کوژراون‌و ٣٠٠ که‌س بریندار بوون .

میسر هه‌ر هه‌وڵی ڕاوه‌ستاندنی شه‌ڕ ده‌دا

قاهیره : کمال حسن علی‌جێگری سه‌ره‌ك وه‌زیرانی میسر ئه‌وه‌ی دووپات کرده‌وه‌که وا میسر به‌هۆی جووڵانه‌وه‌ی ده‌وڵه‌تانه‌بێ‌لایه‌نه‌کانه‌وه هه‌ر به‌رده‌وامه له‌کۆششیا بۆ ڕاوه‌ستاندنی‌شه‌ڕی عیراق‌و ئێران .

هه‌روه‌ها وتی ئه‌وه‌ی که‌کۆمه‌ڵگای جیهان کۆیه له‌سه‌ر ڕاوه‌ستاندنی شه‌ڕیارمه‌تی ئه‌م ڕاوه‌ستاندنه ده‌دا . هه‌روه‌ها وتیشی‌باسی شه‌ڕ له‌و بابه‌ته گرنگانه ده‌بێ که له‌گه‌ڵ سکرتێری‌گشتی نه‌ته‌وه به‌گگرتووه‌کاندا باس ده‌کرێ کاتێ که سه‌رله‌میسر ده‌دا .

وه‌زیری نه‌وت‌و دارایی کوه‌یت ره‌خنه له هه‌ڵوێستی ئه‌مه‌ریکا ده‌رباره‌ی شه‌ڕ ده‌گرێ

کوه‌یت : شێخ علی‌الخلیفه‌الصباح وه‌زیری نه‌وت‌و دارایی کوه‌یت ڕه‌خنه‌ی له‌هه‌ڵوێستی ئه‌مه‌ریکا گرت له‌سه‌ر ئه‌و یارمه‌تی‌یه‌بێ‌سنوورەی که ده‌یدا به ده‌ستدرێژی‌ی به‌رده‌وامی‌دوژمنی زایۆنی بۆ سه‌ر نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب‌و له‌هه‌ڵوێستی سه‌یرکه‌ریشی به‌رامبه‌ر به شه‌ڕی عیراق‌وئێران .

هه‌روه‌ها له‌و وتاره‌یدا که له کۆڕی پێوه‌ندی بازرگانی و ئابووری‌ی عه‌ره‌بیدا خوێندیه‌وه که له کوه‌یتدا گیرا وتی هیچ قسه‌یه له باره‌ی هاوکاری عه‌ره‌ب‌و ئه‌مه‌ریکاوه نابێ به شتێکی ڕاست ئه‌گه‌ر به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ئه‌مه‌ریکا سیاسه‌تێکی تازه‌ی ڕه‌وای وا نه‌گرێته‌به‌ر به‌رامبه‌ر به کێشه‌ی عه‌ره‌ب‌و زایۆنی که ببێته هۆی دانانی ئاشتی‌یه‌کی وا که ئۆی ده‌ستدرێژی بێ‌و مافی مرۆڤی عه‌ره‌ب‌و مافی گه‌ڵی فه‌له‌ستینی مسۆگه‌ر بکا له ده‌ستیشان‌کردنی سه‌رئه‌نجامیا .

ئه‌نجا وتی وڵاته عه‌ره‌به‌کان زۆر به سه‌رسامی‌به‌وه سه‌یری هه‌ڵوێستی سه‌رکه‌ری ئه‌مه‌ریکا ده‌که‌ن به‌تایبه‌تی به‌رامبه‌ر به شه‌ڕی عیراق‌و ئێران که ئه‌مه نزیکه‌ی چوار ساله هه‌ر به‌رده‌وامه .

ئه‌وه‌ی شایانی باسه کۆڕه‌که دوو ڕۆژ ده‌خایه‌نێ‌و له هه‌ندێ باسی گرنگ ده‌کۆڵێنه‌وه له باره‌ی پێوه‌ندی ئابووری‌ی نێوان ئه‌مه‌ریکاو نیشتمانی عه‌ره‌ب‌و گرنگی نه‌وت له بازرگانی ی نێو ده‌وڵه‌تانداو کاری ده‌رامه‌تی نه‌وت له‌سه‌ر بازرگانی‌ی عه‌ره‌ب‌و ئه‌مه‌ریکاو هه‌ندێ باسی تر .

به‌شداره‌کانی کۆڕه‌که‌بش ژماره‌یه‌ك له شاره‌زاکانی ئابوورین له نیشتمانی عه‌ره‌ب‌و ولاته به‌گگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکاوه .

چالاکی‌ی نوێ دژی ڕژێم له کوردستانی ئێراندا

پاریس : چه‌که‌داره‌کورده‌کان به هاوکاری له‌گه‌ڵ ده‌سته‌کانی به‌رهه‌ڵستیکارانی‌ئێراندا زنجیره‌یه‌کی تازه‌یان له چالاکی سه‌رکه‌وتوویان‌به‌رپاکرد دژی بنکه‌و نه‌فه‌ره‌کانی پاسدارانی‌خومه‌ینی له کوردستانی ئێراندا .

سه‌رچاوه‌کانی به‌رهه‌ڵستیکارانی ئێران له باریسدا ڕایان گه‌یاند که‌وا هه‌ندێ ده‌سته‌ی کورده چه‌کداره‌کان به‌یارمه‌تی جه‌نگاوه‌رانی موجاهیدینی خه‌ڵق توانی‌یان دێی (جوجهی) بگرنه‌وه‌و پاشی شه‌ڕێکی گه‌رم له‌گه‌ڵ پاسدارانی خومه‌ینیدا که به‌شێوه‌یه‌کی جانه‌وه‌رانه دانیشتوانی دێ‌به‌که‌یان دابوه به‌ر کوڵله‌و توپ سه‌رچاوه‌که وتی شکاندنی گه‌مارۆکه به‌وه بوو که ڕێگای ئازووقه‌یان بڕی له پاسداره‌کانی خومه‌ینی .

ڕاپۆرته‌کانی هێزه‌کانی به‌رگری ئێران ده‌ڵێن پاشی ئه‌وه‌ی هێزه‌کانی خومه‌ینی شکان ده‌ستیان کرده بۆردومان‌کردن‌و ئازاردانی شارو دێهاته‌کانی ناوچه‌که .

هێزه‌کانی به‌رگری‌یش له وه‌ڵامدا هاتن هێرشێکی توندیان برده‌سه‌ر بنکه‌ی (جلنجران) که هه‌ی پاسدارانی خومه‌ینی‌یه‌و فه‌رمانداری بنکه‌که‌بان کوشت‌و زیاتر له (٢٥) پاسداریان بریندار کرد .

هه‌روه‌ها هێزه‌کانی به‌رگری چوون به‌کۆز پاسدارانی خومه‌ینیدا له بنکه‌ی (بیردوك)و (١٦) یان له پاسداره‌کان کوشت که یه‌کێکیان به‌رپرسیاری ئاسایشی بنکه‌که بوو (١٤) یشیان لێ‌بریندار کردن .

به‌کورتی

● **فه‌له‌ستین :**

مه‌حکه‌مه‌یه‌کی زایۆنی دوژمن له نابلس فه‌رمانی دبل‌کردنی به درێژایی ژیانی داوه به‌سه‌ر هاووڵاتیه‌کی فه‌له‌ستینی‌دا به تۆمه‌تی کوشتنی زایۆنیه‌ك .

● **جده :**

محمد سیادبری سه‌ره‌کی صومال ناسه‌یه‌کی ناردوه بۆ مه‌لیك فه‌هد مه‌لیکی وڵاتی عه‌ره‌بی سعودی ، به‌ڵام ناوه‌ڕۆکی نامه‌که نه‌زانراوه .

● **به‌لگراد :**

سه‌ره‌ك وه‌زیرانی چیکوسلۆڤاکیا چوه بۆ به‌لگراد به‌سه‌ردانیکی ره‌سمی بۆ یوگسلافیا که چه‌ند ڕۆژێك ده‌خایه‌نێت .

● **قاهیره :**

سه‌ره‌کی میسری حسنی موباره‌ك به بۆنه‌ی ٢٥ی ئاباره‌وه ڕۆژی ئه‌فه‌ریقا نامه‌ی بۆ سه‌ره‌کانی هه‌موو ده‌وڵه‌ته ئه‌فه‌ریقایه‌کان ناردووه .

● **مانیلا :**

نزیکه‌ی ٣٠٠ سه‌ربازی فلیپینی‌و ئه‌مه‌ریکی له سه‌روی ڕۆژئاوای مانیلا مه‌شقیان کردوه به مه‌به‌ستی تاقی‌کردنه‌وه‌ی توانای به‌رگری هێزه‌کانی فلیپین .

Institut Kurde de Paris

هاوڕێ فەرماندەی گشتی سوپای میللی ڕێزی سێ جەنگاوەری کورد ئەگرێت

هاوری طه یاسین رەمەزان ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش فەرماندەی گشتی سوپای میللی ڕێزی سێ جەنگاوەری کوردی گرتووە لە کەرتی سەرکەوتنی سوپای میللی لە ناوچەی کوردستان .

دیاریەکانی هاوڕێ سەرکردەی گشتی سوپای میللی بۆ ئەو سێ جەنگاوەری برای یەکترین و خەلکی قەلادزێن لە پارێزگای سلیمانی لە لایەن هاوڕێ فەرماندەی ناوچەی تامیم ەوە پێشکەش کراو هاوڕێیان ئەندامانی سەرکردایەتی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لە تامیم لە ئاهەنگی پێشکەش کردنی دیاریەکاندا ئامادە بوون .

هاوڕێ فەرماندەی ناوچە وتەیەکی دا تیایدا شانازی حزب و شۆڕشی دەربری لە سەرویانەوە بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین بەرامبەر هەلویستی ئازایانەی گەلی کورد لەو جەنگە رەوایەی دژی دوژمنایەتی کاری نارەوای ئێران دەیکەین .

کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی راپەڕاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان

سەرەتای ئەم هەفتەیەبوو کە ئەنجوومەنی راپەڕاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان بە سەرەکایەتی بەرێز جمال حاجی شریف سەرەکی ئەنجوومەن کۆبوەوەو لەو راپۆرتانە دوا کە لە بەرێزان ئەمینداره گشتی یەکانە وەبەر چاوی خرابوو .

سەرەکی ئەنجوومەن داوای کرد کە سەردانی مەیدانی و بە دوادا چوونی کاروباری کارگیران لە دام و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بە پێی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان دەبێت بەردەوام راپەڕێنرێت .

دوو هەواڵ لە هەولێر

■ **نەخشەی چالاکی قوتابیان لە پشووی هاویندا .**

■ **لێکۆڵینەوەی پێداویستەکانی نووسینگەی کار لە کوردستان .**

■ یەکێتی نیشتمانی قوتابیان و لاوانی هەولێر کۆبوونەوەیەکی بەست بۆ لێکۆڵینەوەو چالاکی قوتابیان لە ماوەی پشووی هاویندا .

بەرنامەکە بریتی یە لە کردنەوەی ئوردوگایەك بۆ ئەوەی شەهیدان و سازکردنی هەولێکی تایبەتی بۆ کردنەوەی باخچەکانی ساوایان لەهاوینا بدرێت و لەم بارەشەوە ئەوەی ئێمە بزانین ئامادەیی خۆی هەیە.

دووەم :

دەتوانین بڵێین بەبێ چاوپۆشین تێکڕای بەرنامەی کاری باخچەکانی ساوایان نەخشەیەکی گونجاوە لەگەڵ دل و دەروونی منالانا چونکە پسپۆرانی بواری خۆی داینا وە بەلام بەو مەرجەی بەندەکانی وەکو خۆی جێبەجێ بکرێن !بەلام بەداخەوە هەندێ جار رەچاوی ئەو دیاردەیە دەکرێ کە گوێ نەدرێتە ئەم لایەنە دەرونیە گرنگەی منال ، بۆ وێنە سەعات (١٢) ی نیوەڕۆی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠-٥-١٩٨٤ یەکێك لە باخچەکانی ساوایان منالەکانیان بردبوە سەرچنار بۆ گەشت و گوزار بەلام ئەوەی خۆمان بینیمان ئەوەبو لەسەر هەموو جۆلانەکان دادەکانییان (حیولانێیان) دەکردو زوربەی زۆری منالەکانیش تەماشایان دەکردن و هەندێکیش لەو منالە بەستەزمانانە پاڵیان پێوە دەنان .

فریا

دوو بروسکە

بۆ بەرچاوی بەرێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی .

بەکەم :

سەلێتراوە کە کردنەوەی باخچەکانی ساوایان لە سەرانسەری جیهاندا کارێکی پرسودەو ئەمەش تائێستا لای خۆمان دەوامیان بەندە بە وەرزەکانی خوێندنەوە ، واتا لەپشوی هاوینا دەرگاکانیان دادەخرێن و سەرەڕای ئەوەی کە باوکو دایکی زوربەی هەرە زۆری ئەو منالانە فەرمانبەرن بۆیە دیسانەوە منالەکانیان پەرەوازەی کۆڵان و ماڵان دەبنەوەو بەکورتی ریسەکەی زستان لە هاوینا دەبێتەوە بەخوری !! بۆیە پێشنیاز وایە

کورتە هەوالی ناوخۆ

● سلێمانی :

لیژنەی ناوخۆیی ناردنە بازاری دانەوێلە لە پارێزگای سلیمانی یەکەم کۆبونەوەی بە سەرەکایەتی جێگری پارێزەر بەستوە بۆ باسکردنی پێداویستەکانی سەرکەوتنی نەخشەی ناردنە بازاری بەرهەمی گەنم و جۆی ئەم وەرزە لە پارێزگاکەدا .

لەم کۆبوونەوەیەدا بریاردرا بە دروستکردنی شەش لیژنەی لقی لە بەکرە جۆ و تانجەرۆ و سەید صادق و چەمچەمال و کەلارو رانیە بۆ وەرگرتنی دانەویلە لە جوتیارەکان .

● هەولێر :

نووسینگەی راپەراندنی یەکیتی ناوخۆی کۆمەڵە جوتیارەکانی پارێزگای هەولێر کۆبوونەوەیەکی بەستوە بۆ باسکردنی واقعی کاری چاندن و چالاکی جوتیاران لە پارێزگاکەدا .

لەم کۆبونەوەیەدا کە هاوڕێ ئەمین سری نووسینگەی جوتیاران لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست تیا بەشدار بوو لە چونیەتی کاروباری دروینەی بەرهەمی دانەویلەی ئەم وەرزە دوان بریاریش درا گەشت بکەن بە ناوچەکەدا بۆ سەرەکو ئەندامانی یەکیتی سەرپەرشتی کاروباری دروێنەو دابێن کردنی پێویستیەکانی جوتیارەکان لەم بارەیەوە .

کۆڕێکی تایبەت بۆ پولیسەکانی هەولێر

لە ماوەی چەند ڕۆژی رابوردوودا بە سەرپەرشتی بەرێز مقدم بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر چەند کۆڕێکی تایبەت بۆ پۆلیسەکانی هەولێر ڕێکخراوە ، تیایا باسی گرنگترین ڕێو شوێنی خزمەتکردنی هاوولاتیان کراوە ، هەروەها لە نوێ ترین یاساکانی تایبەت بەکاروباری پۆلیس و پاراستنی ئاسایشی هاوولاتیان کۆڵراوەتەوە .

ئەم کۆڕانە لەسەر داوکردنی بەرێز بەرێوەبەری گشت پۆلیسی هەولێر ڕێکخراوە .

لقی هەولێر

کۆڕێك لە دهوك

نەقابەی کرێکارانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لقی پارێزگای دهوك کۆبوونەوەیەکی بۆ کارگیرانی هاوینە هەواری سەرسەنگ ساز کرد بۆ خۆ ئامادەکردن لە پێشوزای وەرزی هاوینی ئەمسال .

لەم کۆبوونەوەیەدا سەرەکی لق داوای تەقەللای زیاتری کرد بۆ بەجێ هێنانی ئەرکی سەرشان لەم وەرزەدا

وێنە بە رادیو

● ئەندریە کرۆمیکۆ وەزیری دەرەوەی یەکیتی سۆڤیەت لە کاتی کۆبوونەوەیدا لەگەڵ هانز دیتریش گینشر وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کە لەم هەفتەیەدا سەری لە موسکۆ دابوو .

● سەرەکی ئیتالیا ساندرۆ برتینی لە کاتی چاوکەوتنیا بە پاپا یوحنا بولسی دووەم لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ فاتیکان .

● وێنەی کارگەی دروستکردنی پاسکیلی گەورە «بی ، ئم ، فی» لە شاری بەرلینی ڕۆژئاوا کە بە هوی مانگرتنی کرێکارانی پۆلاوە کاری تیا وەستاوە .

هاوڕێ سعدی مهدی صالح مەشقی جەنگاوەرانی ناوچەی کوردستان ئەبینێت

جەنگاوەرەکانی کەرتی سەرکەوتنی سوپای میللی ناوچەی کوردستان سەرەتای ئەم هەفتەیە مەشقێکی فراوانیان کرد وەك خۆ ئامادەکردن بۆ بەشداری راستەو خۆ لە جەنگی پیرۆزی قادسیەی صدامدا .

هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی قوتری و ئەمین سری نووسینگەی باکووری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست و هاوڕێیان سەرکردەی سوپای میللی ناوچەکەو سەرکردەکانی لقی تامیم ئامادەی بینینی ئەو مەشقەبوون .

هاوڕێ سعدی مهدی صالح ڕێزی لە دەوری چالاکانەی جەنگاوەرەکان نا لە وردەکاریاندا لە مەشق بە پێی وتە بە نرخەکەی سەرەکی فەرمانده : خۆ هیلاك کردن لە مەشقدا خوێن بەزایەدان لە شەڕدا کەم دەکاتەوە .

زنجیرەیەك دەورەی ڕۆشنبیری و هونەری بۆ ئەندامانی لیژنە لقیەکان بۆ فراوانکردنی شارەزاییان .

لە بەرنامەکە بایەخ بە لایەنی پەروەردەیی و زانستی و نیشتمانپەروەری قوتابیان دراوە بەو جۆرەی کە دەور لە پێگەیاندنی راستەقینەی پێشەنگەکاندا دەدات .

■ بەرێوەبەرانی کارو زامنی کۆمەڵایەتی لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهوك لە مەلبەندی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستاندا بە سەرەکایەتی بەرێز جێگری ئەمینداری کاروباری کۆمەڵایەتی کۆبوونەوە یەکیان بەستوە بۆ لێکۆڵینەوەی لایەنی دارایی و ئیداری ئەو نووسینگەیانەو ڕێگای بەدیهێنانی پێداویستەکانیان و چۆنیەتی هاوکاری کردنیان لەگەڵ دام و دەزگاکانی تردا دەربارەی مەسەلەی تەقاعدو زامنی کۆمەڵایەتی کریکاران .

ڕژێمەکا هو

دێ هەر هەرفت

● مختار فائق ●

ڕژیما ئیرانێ ڕوژ بۆ ڕۆژێ دیوارێن وێ دەرزێ تێ دکەفن و ڕۆژا هەرفاندنا فێ ڕژێمێ یا نێزیك دبیت .. دژمنێ ئیرانێ سەرنەکەفت لوان هەمی هێرشێت برینە سەر توخیبێ مەبێ مکوم لبەصراو میسان و مندلی و پنجوین .. ئینا رابۆ هزرا ڕێکەکا دی کر تێدا هەول بدەت جهێ پێتخۆ هندەك مکوم بکەت بەلێ نەشیایەو نەشێت دربێ دانتە عیراقێ و مللەتێ عیراقێ .. بەری چەند ڕۆژەکا ڕژیما ئیرانێ چەند فرۆکەیەك مابۆن .. بەرێ وان دا کناری عەرەبی داکو دربێن خۆ دانە وان پاپۆرێن پترولێ یێن کوێتی و سعودی .. بەلێ ئەفە براستی شکەستن و سەرنەکەفتنەکا دی یا عسکری بۆ فێ ڕژێمێ .

هەرچەندە ڕژیما خومەینی گەلەك هەول دا کو فێ چەندێ هەر فەشارتی بهێلیت و دیار نەکەت بۆ کەسێ کو وان ئەف پاپۆرە یێت بومباباران کرین ..

بەلێ ئەف کارە هەر ژڕۆژا ئێکێ دیارو ئاشکرا بۆ هەمی دام و دەزگەهێن زێرەڤانێ ئاشکرا کرن کو ئەو فروکێن پاپۆرێن پترولا سعودی و کوێتی بومباباران کرین ئیرانێ بۆن .. هەتاکو فروکێن ئاواکسی یێن سعودی ئاشکرا کرن کو ئەف فرۆکە ژ فرۆکەخانا - بوشهر - یا ئیرانێ رابۆن .

ئو وان هەردوو فرۆکەڤانێن ئیرانێ یێن کو رەفین ژئیرانێ و هاتینە سعودێ دەما رازی نەبۆین ببومباباران کرنا پاپۆرێت پترولا کوێتی وان بخۆو بدەڤێ خۆ گۆت کو ئەو هاتبۆنە راسپاردن بۆ فی کاری . ئەفەژی بەلگەو دەلیلەکێ دی یە بۆ وان فرت و فێلبازی یێن ڕژیما خومەینی بکار دئینین بۆ فەشارتن و نخافتنا وان کارێت جەردەیی یێن کو پێرادبیت ئو ڕامانا وێ ژفێ چەندێ ئەوە بۆ دەمەکێ درێژ تر پێت خۆ لسەر حوکمی مکوم بکەت و بۆ دەمەکێ درێژتر بەردەوام بیت دشەری دژی عیراقێ .. بەلێ نەشیایەو نەشێت ..

ئەف جەردەیەو ئەف کارێ چەپەلێ ڕژیما ئیرانێ پێرابۆی جهێ نەرازی بونیا هەمی لایەکی بۆ و گەلەك دەولەتان نەرازی بونیا خۆ دیارکرن لسەر فێ چەندێ چنکو دویماهیا فی کاری گەلەکا خرابە ودێ بارەکێ دژوار پەیداکەت لدەڤەرا کەنارێ عەرەبی و رەنگێ شەرێ عیراقی و ئیرانێ وەرگیریتە رەنگەکێ دی یێ گەلەك بترس ..

ڕژیما ئیرانی چەندا بەردەوام بیت بڤان کارێن خۆ یێن ترسنۆك وچەپەل . ئەم ژی دێ هەر دبەردەوام بین بدەورەدان و گەماردانا گزیرتا - خەرج - وناهێلن چ پاپۆرەکا پترولێ ئان هەر پاپۆرەکا هەبیت خۆ نێزیکی فێ گزیرتێ بکەت داکو ئیران باش بزانیت کو عیراق دەما بریارەکی ددەت دێ بجهێ ئینیت ودێ سەرکەفیت دکارێ خۆدا .. چنکو بریارێت عیراقێ دجهێ خۆدانەو بنەجیهن ولدویف بنیاتەکێ مکوم یێن هاتینە دانان بەلێ بریارێن ئیرانی هەر دبۆش و ڤالانەو دسەرنەکەفتی نە چنکی ئیران دەما بریارەکێ ددەت .. ئەو بریارا کەسەکی بتنێیە .. نەکو بریارا جڤاتەکا هۆشمەندە ئاقلدارە داکو سەربکەفیت .. ژبەر هندێ دێ بینین کو هەمی بریارێت وان بۆش و ڤالانەو سەرنەکەفتی نە .. وزیان و زەرەرا ئەنجامێت وان بریارا هەر بۆ وان ڤەدگەریتەڤە .. وهەر بسەرێ واندا دشکێت .

دەما ڕژیما ئیرانی ئەو پاپۆرێت سعودی و کوێتی بومباباران کرین هەمی جیهانێ نەرازی بونیا خۆ لسەر فێ چەندێ دیارکرو هەمی دام و دەزگەهێن راگەیاندنا عەرەبی و جیهانی نەدرازی بۆن بفێ چەندێ و مەترسی یا فێ چەندێ دیارکرن ..

بەلێ بریارا عیراقی دەما گزیرتا - خەرج - لگەمارەدای و هەمی ڕێك لبەر گرتین .. ئەفێ چەندێ کارەکێ زۆر کرە سەر ئیرانێ و پترولا ئیرانێ .. کو ئەو راپۆرتا فێ دویماهیێ هاتیە پێش کێش کرن بۆ خومەینی دیاردکر کو فرۆتنا پترولا ئیرانی یاگەهشتی یە ٨٠٠ هزار برمیلێن بترولێ درۆژێدا لدەمەکی کو فروتنا وان بۆ پترولێ درۆژێدا دگەهشتە ٥را ملیون بەرمیلێن پترولێ درۆژەکێدا .. ئو روژ بۆ ڕۆژێ فرۆتناوان بۆ پترولێ یا لکێمێ ددەت چنکو گەلەك دەولەتان بریاردان کو ئیدی پاپۆرێن خۆ نەهنێرنە گزیرتا - خەرج - چنکو وان دیت چەوا ئاگرو ئیتوین بەرزو بلند دبۆ ژوان پاپۆران یێن کو هەولددان خۆ نێزیکی فێ گزیرتێ بکەن ..

ئەڤجا ڕژیمەکا هۆ بت چەوا نا هەرفت .. ؟

Institut kurde de Paris

لە بەر ڕووناکی ڕووداوەکاندا

ئەبێ ڕژێمی ئێران تەمێ بکرێ

کە ڕژێمی دوژمنایەتی کارو خۆ فراوان کارخواستی ئێران سنووری سەرلێشێواوی و دەستدرێژیەکانی فراوان کردو گەیاندیە دەست وەشاندن لە پاپۆرە نەوت بەرەکانی کوەیت و سعودیە ، ئەم کارە ئەگەر بەلای هەندێ لایەنەوە لەناوچەکەو لەدنیادا سەر سوڕ هێنەرو کوت و پڕ بوو ، ئەوا بەلای عیراقی سەرکەوتووەوە وانەبوو ، بەلکو دەمێك بوو چاوەڕێ کراو بوو ، ئەء بەلکو ئەو کارە نامەردانەی ڕژێمی ئێران ، راستی و سافی هەموو بۆچوونەکانی عیراقی بەرامبەر بەو ڕژێم گومان لێکراوە سەلماند ، دەمێك بوو عیراق لایەنەکانی ناوچەکەی وریا ئەکردەوە لەوەی وەنەبێت ڕژێمی داخ لەدڵ و گومان لێکراوی ئێران لە دوژمنایەتیەکەیدا هەر چاوی لە عیراق بڕی بێ بەلکو ئەو ڕژێمە شەرخوازو چاوچنۆکە هەلوێستی سەرجەمی دوژمنایەتی کاریە بەرامبەر ولاتانی عەرەب بەتایبەت و خواست و ئاواتی کەسانی ناوچەکە بەگشتی لەبەر ئەوە دەبێ هاوکاری دڵسۆزانە بکرێ بۆ بەرەنگار بوونەوەی چاوچنۆکی وا گومان لێکراو ، عیراق مەردانە هاتە دەست هەموو خەونەکانی خومەینی و دارو دەستەکەی لەسەر سنووری عیراق لەگۆڕنا ... بەلام خومەینی جادووگەر وازی لە چاوچنۆکی و هەلوێستی دوژمنایەتی کاری نەهینا ، نەء بەلکو ئەیەوێت سنووری شەرەکە فراوان بکات .. بۆیە ئەوەی لەباریکی وادا پێویستە ، یەکگرتنی بێ سڵ کردنەوەی ولاتانی ناوچەکەیە بۆ لێدانی توندی چاوچنۆکی ئێرانی خومەینی و تەمێ کردنی بەجۆری چۆن عیراق تەمێی کردو کردیە

پەندی زەمانە ئاوای لێ بکرێ .

ڕژێمێکی بۆگەنی وەك ڕژێمی خومەینی کە بەکردەوەکانی سوودو قازانجی زایۆنی و ئیمپریالی جیهانی دەپارێزی سەرشێتانە دەیەوێ ئاگری شەرەکە فراوان کات ، لە هەلویستو ئەنجامی هەلویستدا ڕژێمی ئێران هەروەك قەوارەی زایۆنیەکانە دوژمنایەتی و شەرخوازی ڕێگایانە بۆ مانەوەیان ، لەبەر ئەوە گوێ بەبریارو خواست و بانگەوازی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش نادات بەتایبەتی ئەگەر بریارەکان بنەبڕکەرو توند نەبن بەلگەو تاقی کردنەوەکانی رابووردوی چوار ساڵەی شەری ئێمە لەگەڵیانداو گوێ داچستنیان لەئاستی هەموو بانگەوازیکی دڵسۆزانە بۆ شەر وەستاندنی بەلگەیە .... لەبەر ئەوە خۆکۆکردنەوەی مەوزوعی متمانە بەهێزو باوەربوونی مبدئی بەئاشتی عادیلانە تاکە ڕێگایە بۆ تەمێ کردنی ئەو ڕژێمە چەپەلەی لە زەلکاوی شەرا نەبێ ناژی و دەبێ بەهێزی باوەر بەخۆبوون بەرەنگاری ببین و لە زەلکاوی شەردا سەری پان بکرێتەوە .

● عەین ●

Institut kurde de Paris

گرانەتا

دکتۆر هیوا عمر احمد

گرانەتا ... نەخۆشی‌یەکەهێزەدەی کۆنی مرۆڤ دێرینە ،تەنها خۆرەکەی مـــرۆڤ‌نەخۆش ئەخات ، ئەویشـــ [سالۆنیلا تایفی]یە ، حەز بەشوێنەواری پیس ئەکاو بـــە هۆی پیسایی‌و هەندێ جـارمیزی نەخۆشەوە ئەگاتـــــە رۆخانەو ،

بەو دەوروبەرەدا بـــلاوئەبێتەوە یان بە هـــــۆی تێکەڵبوونی رۆخانەو ئـاوی‌خواردنەوە ، یـان لـە رێی ئاودێری گێلکە بە رۆخانـــەتێکەڵ بە سەوزە ئەبێ ... جگە لەوەی مرۆڤی نەخۆش‌بە هۆی دەست لە خواردن دانەوە خۆرەکە بـــــلاوئەکاتەوە . پاش ئەوەی خۆرە بە هۆی خـــــواردن‌وخواردنەوەوە ئەگاتـــــە ڕیخۆلەکان ، ئەمشـــترێ‌وئەچێتە خوێنـــەوە ، زاوزێ ئەکاو پاش چەند رۆژێ لـەلیمفەگلاندەکانی ڕیخۆلـــەو سپڵ‌و جگەردا جێگیـــــرئەبێ ، بەتایبەتـــــــی بەڵەلیمفی‌یەکانـــی [پایرس]لەڕیخۆلەدا ... وردە وردە ئەیان ئاوسێنێ‌و هەویان پـێ‌ئەکاو زۆربەی جاران سارێژ ئەبێتەوە ، بەڵام هەندێ جارئەتەقن‌و خوێن ئەدەڵێنن .

نیشانەکانی :ـ

دە تا چواردە رۆژ پاشـچوونە ژوورەوەی خـــــۆرە پۆلەشی مرۆڤ ، نیشانەکانی‌دەرئەکەوێ کە بریتین .

١ـ لە منالدا : تـــا ،ڕشانەوە ، ڕەوانی ، کۆکە ، سەرنانـــەوە ، گەشـــــکەوقسەبزرکاندن . لێوەزمانیان تەڵخێکی سپی چڵکن ئەگرێ‌وشیروخواردن ناخۆن ، هەر ئاو ئەخۆنەوە ، تامی دەمیان‌ناخۆش ئەبێ‌و وشك ئەبێنەوە سەرو پشت‌و سـکیان ژانئەکات ، خوێنی لووت بـــەر بوون .

٢ـ گەورە : تا ، سـەرئێشە ، پشت ئێشە ، لەش داهێزران چوار پەلیان دێتە ژان‌و وا هەست ئەکەن چاڵی چاوو چوار دەورەی چاویان دیشێ ... حەز لە خواردن نەکردن تەڵخ‌گرتنی زمـــان‌و لبۆ ، تامی دەم ناخـــۆش ئەبێ‌و وشك ئەبنەوە ، کۆکە ،کرفتی [الامساك] .

تاـکە ، تا دێت بەرزتر ئەبێتەوە ، تا چوار پێنـــج رۆژێ ڕوو لـــە بەرزبوونەوە ئەکات . لەشەودا نەخۆشەکە هەراسان ئەکات ... کـــە نەخۆشەکە بەرەو چـــــاك بوونەوە ئەچێ ، وردە وردە تاکـەی دائەبەزێ‌و ئارەزووی بۆ خواردن ئەگەڕێتەوە لەش داهێزرانەکەیان نامێنێ .

چارەسەر :

دۆزینەوەو جیاکردنەوەی لە نەخۆشی‌یە تا داری‌یەکانی تر هەنگاوی یەکەمـــــی چارەسەرە ، ئەویش لەبـەر شاراوەیی نەخۆشی‌یەکەنی‌یە بەڵام لەبەر ئەوەیە کە دەرمانی [کلورامفینیکۆل]ی بەرامبەر بەکارە ، کە بەکارهێنانی ئەم دەرمانە لەبەر ماکەکانی بۆ هەموو جۆرە نەخۆشی‌یەکی تر هێجگار کەم‌و بێزراوە.. دۆزینەوەشی لـــــە ڕێی پشکینی خوێنەوە ، کـــــە خرۆکە سپی‌یەکانی خوێـــن کەم ئەبنەوەو ئەزموونـــــی [ویدال] پۆزەتیف دەرئەچێ.

پزیشکی ئەمەریکی [ناسنی کستر] مامۆستایە لە کۆلیجی پزیشکی لە زانکۆی ئەمەریکا.

خۆپاراستن لە ئازاری پشت

تانیوویەتی بیسەلێنێ کـــە خۆپاراستن باشترین چارەیە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئازاری پشت .

ئەم جۆرە خۆ پاراستنەش لەم چەند خاڵانەی لای خوارە بۆمان دەست نیشان ئەکات .

* نووستن بە شێوەیەکی گونجاو کە جۆری جێگاکـــە نەنەرم بێت نەڕەق بێت .

* [ناسنی] ئەڵێـــــت ڕاکشاندن لەسەر لابان دەم‌و چاو ئەبێتە هۆی مانـــدوو پێویستە هەمیشە تێبینـــی ئەوە بکەین کە قاچ بخەینـــە سەر قاچ یان کەمێك پێمان بەرز بێت لەسەر زەوی‌یەوە بەبەرزی [١٠سم]و بـــــە شێوەیەك هەردوو قاچـــت ڕاکێشی بە گۆشەیەکی کراوە بۆ بێشەوە .

* ڕۆیشتن‌و ڕاکردن لـــە کاتی وەرزش‌دا ئەبێ گرنگی بێ بدرێت ئەوش بـــــە شێوەیەك زۆر خۆمـــــان ماندوو نەکەین لە کاتـــــی وەرزش‌داو پەیـــــرەوی یاساکانی وەرزش بکەین .

کردن‌و ئازاردانت .

* [لیون‌روت] لە ئەنجامی چەند تاقی‌کردنەوەیەکـــی زانیارانە بۆی ئاشکرا بـــووە کە نووستن لەسەر لایەکـــی سك شێوەیەکی ڕاستە بـــە مەرجێ لە کاتی درێژکردنی هەردوو قاچ کەمێـــــك نووشتاوە بێت .

* لە کاتی دانیشـــــتنا

زانستی ماتی ژێ کرنا زارۆوا

عبدالرحمن نقشبندی

*** مللەتێ مە ، وەکـــی هەمی مللەتێن دن ، ئاوایـــن ماتی‌ژێ‌کرنا زارۆکا ، یـــــن ژرابـــونو رونشتنا رۆژێ هوی بوی ، ئەڤ زانینە چاخ بو چاخی یا بەرفرهە بوی‌و بوی‌و هاتیە وەربانەن ، تاکو شیای ئێدی زارۆکێن خـــو لدویف هزرو باوەریێن خـــۆ راکەت‌و لدویف بارێ تێـــدا دژین هوی‌کەنو بخـــــودان کەن .**

لگەلە جها دایك بخـــــویابویە داپیرك‌و لگەلە دەرافا داپیرکێ بیسپوریا خـــــووزانیناخو زارۆ یان دایکا وی پێن ژمرنێ خلاس کریـــن . بێ‌خش گەلە جـــاران ژی نەشیایە وێ گرفتاریـــــــنێ‌چارەکەت . لێ هەر چـــەوا بیت ، بەری زانـــــــتنێ‌نوژداریێ‌و زانستێ هوی‌کرن‌و ماتی‌ژێ‌کرنا زارۆی دنـــاڤ جڤاتێن مللەتێ کورددا بەلاڤ ببیت ، نوژدار ولوقمانێـــن‌وان ، داپیرك‌و شەهرەزایێن وان بسەربوڕێن خو هـــــەرگرفتاریەکا هەبا خو لێـــددا فێجا بدەستی‌ڤە بهێت ئـــان‌نەهێت ئەو تشتەکێ دی‌یە.

ئەڤ نوژداریە ژی ئـــان‌بدەرمانان بویە ، گیـــــاو بەلگێن داراو ...هتد

ئـــان ژی بنفشـــــتیاو پێڤەخاندنێ‌و چارەکرنـــــا دەرونی .

هەکە هێڤکەبنە چێـــروك‌و سەرهاتیێن فولکلوری دێ بو مە خویا بیت کو کـــوردان رەنگەکێ تایبەتی‌و ئاوایەکـــێ جـودا هەبویە دخودان‌کرن‌و ماتی‌ژێ‌کرنا زارۆی‌دا .

ئەڤ چەندە ژی یالســـەر هاتیە سەباندن ژبەر بـــارێ ئەو مللەت تێدا دژیـــــتو گرفتاریێن سروشتی‌و جڤاکی

یێن وەلێ‌کرین کو زارۆیێ خو لدویف ڤان بارو زروفـــــا بخودان‌کەن .

لگەلە دەفەرا . بـــاوەری بهندێ هەبو کو هەکـــە زارۆ گەهشتە ژیەکێ تایبەتـــی‌و نەڕابو سەر یێن خو . دڤـــێ زوی چارەکێ بو ببینن چارا وان ژی لدویف باوەریێـــن وان ئەو بو کو زارۆی ببـــەن دانە سەر ڕێکا مروڤـــەك مەزن ، داکو هەکە رابـــوڕی هەچکو باوەری یێ هەی .لێ مهانەیە ، مرۆڤەك بترس ئان بیانی بیت ، داکـــو زارۆ ژێ شەرم‌کەت‌و ژێ بترسیت . ئەڤیرە ، سەرهاتیەك راست‌و بوی لبیرا منە ئەز بـــدەراڤ دزانم زۆرەرە ڤەگێڕم .

میرکەکی کوڕەك هەبو .. کوڕێ وی مەزن‌بو . هاتـــە هندێ کو دڤێ رابیتە بیا . کوڕك نەڕابو . هەر مـــــا روینشتی . هندی.برە سەر بهێت بەندکێ پێـــــن زارۆی ببڕیت‌و راکەتەڤە .

ئێدی دێ بیتە ئەو رابون. زارۆ دێ بیا چیت .

ئەڤیرە . من نەهێـــــــت بەروکێ هندێ ڤەکەم کانـــــی ئەڤ کریارە راستەو هەتا چ بیفکەکی زانستی‌یە . لـــــێ هەر هند دێ بێژم کو ئـــەڤ کریارە هەتا لسەر دەمەکـــێ نێزیك گەلەکا باوەری پـــــێ هەبو .. کەلو سویچـــــــا رابونا زارۆی بقی ئاوایـــــی چی‌یە ؟

لنك من . هەکە ئەگـــەرا نەڕابونا زارۆی نەساخـــــەك لەشی بیت وەکی (کساح)، بێ‌خش زارۆ ببڕینا بەندکـــی ناڕابیتە پیا . لێ هەکە بناس نەساخیەك دەرونی بیت ئان ژی نازاندن بیت . چێد بیت بڤی ئاوایی زارۆ رابیتە سەر بیا . ڤێجا مهانە نینە ئـــەو مرۆڤ . مرۆڤەك مەز بیت مەزاراو نڤشتی بو چێکرن . کوڕك هەر وەکی خۆ مـــا. رابون برنە سەر ڕێکا ئێکێ مەزن‌و بەندکەك کرە پیـــا . مەزن بوری‌و چو کێـــــر دا بەندکی‌و کـــوڕك راکرەڤە . نەهەرێ کوڕك کەت‌و خـــو بەردا سەر عەردی . هەمیا گوتە بابێ وی کوڕێ تـــــە چێنابیت . دیارە هەکو بوی یێ لەنگ‌و شل‌بـــو . کـــوڕك مەزن‌بو . دەبکا وی کەتبـــو دادەکی ژبەر هەما ژێ‌گەڕە. بابێ وی کەلە ژێ بێهـــــن تەنگ‌بو . روژەکێ بابێ بوخو گوت : هەکە ئەز چارەکێ لێ نەکەم کەس نەشێت چ چارا لێ کەت .

باب رابو کوڕێ خـــــو لکەرەکی سویبارکرو چـــۆن قەستا ناڤ رەزی کر . لناڤ رەزی بابێ هەر سەهـــم دانەبەر کوڕی . دگوتێ .. ئێڤاریا فێری تـــــــزی گورگـــــك دبیـــــت . ردەدەرەڤدە دهێن . هەمـــا مرۆڤەك تشـــــــتەك دەستبکەفیت دکاڤێـــــدا دخون . کوڕك گەلە ترسا . بو ئێڤار . باب لکـــــەری سویباربوو رێکا مال گرت . گوتە کوڕێ خو . ئەفە ئـــەز چوم . تە دڤێت وەرە بکەهە من . تە نەڤێت بلا گورك تە بخون .

کوڕکی کرە هەوارو گازی‌و گری‌و جلکێت خـــو دڕاندن‌و خو دئاخێ گەفزاندن . بابـــێ کوهێ‌خو نەدابێ هاتەڤە مال. دەبکا کوڕکی گوتێ . جامێرۆ کا کوڕك ، وی ژی سەرهاتیا خو بو گوت . بـــو قیزقیزا دەبکا کوڕی‌و دەستهاڤێتـــە شەڕی‌و گری . گاڤەکـــێ دەیك هێڤدەکەتێ کـــوڕێ وێ یێ لبەر دەری‌و یێ لســـەر پێن خو .. بەزی خـــــو تێوەرکرو کوڕی دەســـت بگرێ‌گر .

پلاتین‌و شێرپەنجە

ئەمڕۆ هەندێ کانـــــزاو گەوهەر بەکار دەهێنرێت لە کاری پزیشکیدا وەك یاقووت‌لە لێزەردا . وەئالتون‌و زیو لە تێبرتن‌و پرکردنـــــەوەی‌ددانـــدا .

هەروەها لەسەدا هەشتا[٨٠٪] ئەلماس لـــــــــە دروستکردنی ئامێری بڕەردابەکار دەهێنرێت ئێستاش لە زانکۆی [مشیکان] هەندێ لەزانایانی بایەلۆجـــــــی دۆزیویانەتەوە کە پلاتیـــــن بەکەلکە دژی شێرپەنجـــــە ئەویش کاتێ هاتن کـــــاری[بواری کارەبایی]یان لەسەر گەشەکردنی بەکتریا ڕەچاوکرد لەم ڕەچاوکردنـــــــەدا [بۆلێك]ی پلاتینیان [قطب‌بلاتینی]ـ هێنا بۆ ئەوەی ئەم بوارە کارەبایی‌یەیان دەســـت‌کەوێ . گەیشتنە ئەنجامێك کە هەرگیز چاوەڕێ نەدەکراسەیریان کرد بەکتریا کـــــە گەورە دەبێت بەڵام توانـــای‌دابەش بوونی نەدەما تـــــا بتوانێت خانەی نوێ دروستبکات وەپلاتینیش توانای ئەو بڵاو بو ئەوەیەی ناهێڵێت بەم‌شێوەیە توانراوە ئەم تێکەڵاوە دروست بکرێت بە ڕێگەیەکی‌کیمیـــــاوی وەئێستاش وەك چارەیەك بۆ شێرپەنجـــــەی‌ڕەحم‌و هێلکەدان بەکـــار دە هێنرێت .

محەمەد مەحمود

ج ا ر ك ا و

ووتەکانی ژیان و نووسینکەی نیازی و وردە سەرنجێك

عثمان محمود احمد

هەر هەوڵو کۆششـــــێك‌دەربارەی نـــــــەدەبوڕۆشنبیری‌و هونەری کوردی بکرێ بە مەبەستی پێشکەوتنی‌ڕەوتی ڕۆشنبیری کـــوردی‌بکرێ بە مەبەســـــتی پێشکەوتنی ڕەوتـــــــی‌ڕۆشنبیری کوردی بێـــــت‌کارێکی لە بارو بەجێیـــە . دیارەکێبی (ووتەکانی‌ژیان)یش یەکێکە لەو کاراتـــــە ،وەکەلێنێکی گونجاوی لـــــە کێبخانەی کوردی پـــــــر کردۆتەوە .

هەر لە هەوەڵەوە ویستم هەڵسەنگاندنێکی تێـــــرو تەسەلی بکـــەم‌و تیشـــــــکی‌تێبینیشم بخەمە سەر چەند لایەنێك . بەڵام هەر چۆنێك‌بێت کارەکەم‌وە دواکەوت ،تا وەکو لەم‌د وایەدا لـــە ژمارە(٧٠٧)ی ڕۆژنامـــــــــەی (هاوکاری)دا کاك (نیـــازی‌حەمە عەزیز) چەنـــــــد تێبینی‌یەکی دەربـــــــارەنووسیبوو . ئەمە زیاتـــــر هانی‌دام منیش دەست پـــێ‌بکەم ، بەڵام با جارێ بێمـــە سەر نوسینەکەی کاك نیازی‌ئەوجا دێمە سەر کێبەکە.

کاکی ڕەخنەگر دەڵـــــێ«ئەوەی ڕاستی بێ کاری ئەم برایانە ئەرکێکی هـــــەر وانیاسان نی‌یەو هی ئەوە نیە کە هەموو کەسێك خـــۆی لـــە قەرە بدات»(١) .

منیش دەڵێم هیچ کارێك‌بێ ئەرك‌و ماندوو بوون نابێ بەڵام بەو ڕادەیەش نیە کـــــەدەڵێ هەموو کەسێ ناتوانێ خۆی لە قەرە بدات .لێرەدامەبەستم ئەوە نیە کە لـــــە نرخ‌و ئەرکی برایانی نووسەرکەم بکەمەوە . دیســـانـــەوە ڕەخنەی لەوە هەیە کـــــــەکۆمەڵێـــك هەڵسەنگاندن‌و ووتەی پڕو پووچی دەربارەی‌ئافرەتی تێدا کەلەکە کراوە. کە دەبوایە نووسەر هەر وانیاسان ووتەکانی ڕاگوێـــــز نەکردایەو پەنجەی بۆ ئەوەڕاکێشایە کە ئەو ووتانە پڕو پووچن ، وەدەڵێ [دیارە ئەمبرا نووسەرانە قەناعەتـــــی تەواویان بە ڕاستی ئـــــەم‌ووتانە هەیە بۆیە وەکـــــو خۆیان هێشتۆتەوە] .

بەڵام وا دیارە کاك نیازی‌باش پێشەکی کتێبەکـــــەی نەخوێندۆتەوە کە دەڵـــــێ«ئەمە وای لێ کردم کـــــە زوربەی قسە بە نرخەکانـــی‌کتێبەکەی (سەمیرشێخانی) کە بە ناوی «من حصاد الفکرالعالمی»یەوە وەرگێڕم‌و لەگەڵ کۆکردنەوەی چەندەهـــــــاووتەی‌کە ، ئەکەر چی لەگەڵ هەندێ ڕادا نین» .

ئەو ووتانەی کە هەش چ‌پەندی پێشینان چ ووتـــەی زانایان لام وا نیە هـــــەرواسەرپێ‌یانە ووترا بن . بەڵکو هەر بەکەیان لە ئەنجامـــــی‌ئەزموونێکی زۆرو ڕوودانـــی کارەساتێك هاتوونەتە کایەوەبەتایبەت ووتـــەی پێشینان کـــە ئەوەش دەڵێم مانای وانیە هیچ کەم‌و کوڕیەکیـــان تێدا نیە با لێرەدا بە نموونەئەو پەندە کوردی‌یە بهێنینەوە کە دەڵێ [دەست بە کڵاوەکەی‌خۆتەوە بگرە بانەی بـــا] . ڕەنگە ئەم ووتەیە لە کاتی‌خۆیدا بەجێ بوو بێ بەڵام بۆ ئیستا نەء چونکە ئەوە لـــە کاتێك‌دا ووتراوە کە کۆمەڵ لە ژێر زەبرو زەنگێکـــــی زۆرداری‌دا ژیاوە کەنـــەی توانیە بڵێ (لەل) جا بۆ ئەوە تووشی کووشتن‌و بڕین نەبێ دەستی‌یە کڵاوەکەی خۆیەوە گرتووەو سەرکزانـــــــە دانیشتووە . بەڵام ئەمـــــە بەکاری هەرێمی فەلسفەی ئیمرۆ نایە .

با نموونە لەسەر ووتەی بیانی بهێنینەوە کە بەشێکی زۆریان بەکاری ئێمە دێـــن زۆریشیان بە کارمان نایـــەن وەك ئەوەی کە شکســـپیر دەڵێ [ئەوەندە گەوج نیـــم باوەڕ بکەم کە ئافرەت لێوی هەر پێشکەش بە تاقە یەك بیاو دەکا] ڕەنگە بۆ ئـــــەو کۆمەڵەی کە شکسپێری تیا دەژیاوە یا کۆمەڵگایەکـــــی ئەوروپی شتێکی ئاسایـــی‌و گونجاو بێ بەڵام لای ئێمە بە ڕاوڕی ووتەکـــــــە ـ مەبەستەکەـ جێی نابێتەوە. هەندێ لەو نووسەرانە کـــــە گەیەك دەربـــارەی ئافرەت نوسرا بەشتی پڕوپوچـــــی دەزانن‌و ڕەنگە ئەو کەسەش بە بیر ئەسك‌و ساویلکـــــە بزانن .

هەر وەکو کاك نیازی کـــە ئاماژەی بە کۆمەڵێکی ووتـــــە کردووە کە دەربارەی ئافرەت نووسراون وبەشتی پڕوپوچی لە قەلەم دەدا . ئێمەش نازانین پڕوپوچ دەربـــارەی ئافرەت نەووتراوە بەلکـــــە زۆریش نووسراوە . بـــەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شـــــتی بەجێش نوسراوە کـــــــە هەرچەندە کەم‌و کـــــوڕی ئافرەتیش دەردەخـــــــا بەلکەشمان بۆ ئەوە جیهـــان بڕە لەم ووتانە لە ناو هەموو نەتەوەیەکدا هەیە کەوابـــــێ دیارە بارۆمەتری هەمـــــوو جیهان هەلەی تێدایـــــــە . بەکێك لەو ووتانەی کە ئەو برایە بەپڕوپوچی دەزانـــــێ کە دەڵێ [ژن بهێنم یان نەی هێنم هەر بەشیمانم] بەلای منەوە زۆر کونجاوە با بزانین بۆ ؟ کاتێ کـــــە مرۆڤ ژن ناهێنێ تەنگ‌و چەلەمەی زۆر نیە بەڵام کە ژن دێنـــــــێ پێویستە خێزانێك پێکـــەوە بنێ‌و زیاتریش هەوڵ بـــــدا تا خێزانەکەی بەختیار بێ ، کە منداڵێشی پەیدا ببـــــن ئەرکی پەروەردە کردنیانـــی دەکەوێتە سەر ئـــــدی زۆر تەنگ‌و چەلەمەی دیـــــش وەئەگەر لە وولاتێکی پـــڕ پشتیوی‌و ئاژاوەو هـــــەژاری دابزێ ئەویش سەربـــــاری هەموو تەنگ‌و چەلەمەکانـــی ترە . مرۆڤیش لە تاقـــــی لاویدا حەز دەکا وەکـــــو زۆربەی خەلکی بە دڵی خۆی ژن بهێنێ خێزانێك پێکەوە بنێ ، بەڵام کاتێك تووشـــی تەنگ‌و چەلەمەی خێزانـــــی دەبێ ئاوای نەهێشانـــــی دەخوازێ . وەبەندێکـــــی کوردیش هەیە کە دەڵێ [ژن هێنان .... کە هەر دەبـــێ بخوێ] .

با نموونەیەکی تـــــــر بێنینەوە بۆ زیاتـــــر ڕوون کردنەوەی باسەکەمان کـــــە دەڵێ [ئافرەت لە هیـــــچ مشت‌و مرێکا بوارنادات ،وا تێدەگات کە نەی توانیـــــوە ئەوەی دەیەوێت بـــــــز بەرامبەرەکەی ڕوونی‌کاتەوە] ئەم ووتەیە بمانـــــــەوێ‌و نەمانەوێ ڕاستی شتەکەمان دەداتە دەست چونکە کاتـــــێ دوو سێ ئافرەت دەکەوونـــە لای یەکدی کەسیان بـــواری کەسیان‌دا یەك بە یەکـــــی دەڵێ [دەڵێی حەمامـــــــی ـ ژنانە]. با لێرەدا ئەوەش بڵێم کەمن مەبەستم لەمـــــە ـئەوە نیە کەسیەتی ئافرەتی پێ‌کەم بکەمەوەو لە نرخـــــی دابەزێنم بەلکو ئافرەت لای من بەڕێزو بەهرەمەنـــــدو بیرۆزە تەنها ئەوەندە دەڵێم‌و هیچی دی لێ زیاد ناکـــــەم چونکە هیچ نەبێ ئافـــــرەت ئەوەندەی بەسە کە دایکە !..

ئەوجا با بێمە سەر چەند تێبینیەك دەربارەی کتێبـــی (ووتەکانی ژیان) هەرچەنـــدە کە کاك (نیازی)یش هەندێکی تێبینی جوان هەبوو کـــــەئامانجی خۆی پێکابـــوو . ئاماژەی بە دوو ووتە کردبوو کە دووجار نووسراون . کە ئەمەش دەبێتە سووکـــــــەگلەیی‌یەکی تر لە کاك نیازی کە پەلەی کردووە ودووبات‌کردنەوەی ووتەکانی ئـــــەو لاپەڕانەی من پێشانـــــــم‌داونەوە یەلەو سەر ـبێ‌یـــی ڕوانینی کاك نیاز لـــــــــەنوسینەکەیدا دەردەخات .

منیش ئاماژە بە مـــــــــــی‌ووتەی تر دەکەم کە دووجار نووسراونەتەوە یەکەمیان :لەلاپـــــەڕە (١٢) و (٢٤)دا دوو جار نووسراوەتەوە کە دەڵێ[ئەو پیاوانەم خۆش ئەوێ کە داهاتوبان هەیە . ئـــــــەوژنانەشم .

ـ خۆش ئەوێ کـــــــەڕابردوویان هەیە] .

دووەمیان : لە لاپەڕە (١٨)و (٢١)دا دوو جـــــــار نووسراوەتەوە کە دەڵـــــــێ[ئەو کەسەی چاکە لەگـــەڵ پیاو خرابا بکا . دوو جـــــارتووشی ئارار دەبێ یەکەم جار بارەکەی بۆ خەرج دەکـــاودووەم جاریش کە هیـــــچ سوپاس ناکرێ دەربـــــارەی‌پیاوەتیەکەی] .

سێ‌یەمیان لە لاپـــــــەڕە(٤٦) و (٤٩)دا دوو جـــــار نووسراوەتەوە دەڵێ [هیـــچ‌دیمەنێك لە جیهـــــــان‌دا فرمێـــك ڕاناکێشی . وەکودیمەنی دڵداریکی دڵ شکاو]

هیچ نەبوایە دەبوایـــــــەبرایانی نووسەر ژمارەیان بۆ ووتەکان دابنایە بۆ ئـــــەوەی‌کاتێ کە لێکۆڵەرەوە یـــــا ڕەخنەگر دێتە سەر ئـــــەوکتێبە ئاماژە بە ژمارەی ئەو بەندە بکات .

● باشتر وا بوو ئـــــــەووتانەی کە لە کۆماریـــــك وەیان ڕۆژنامەیەکـــــــك‌وەرگیراون لەژێر بەکـــــدا بنووسرابانایەوەو لـــــــــەکۆتاییشدا بەنجەی بـــــــز سەرجاوەکان درێژ بکردایە. کە ئەمەش بە کارێکی بەجێتر دادەنرا وەماندووبوونێکـــــی‌واشی نەدەویست . چونکـــە زۆربەی ئەو .

ـ ووتانە لە ڕۆژنامـــــــەی«راصد»و گۆڤاری «العربی»دا وەرگیراون کە ناوی خاوەن‌ووتەکانیشی لەگەڵ بەتایبەت لە گۆڤاری (العربی)دا .

دیسان کۆمەڵێك ووتـــــەی‌تری کە ڕاستەو خۆ لـــــــە گۆڤاری (نووسەری کورد)دازمـــــارە ٧ حـــــولی دووەم ڕاگوێزراوە کە لەگەڵ ئەوەشدابە کەم‌وکوڕی‌و .

ـ شەڵ‌و سەفەتیەود کەتەنها ئاماژە بە ووتە هەڵەکان دەکەم ئەویش ئەوانەن :

[ل٦]دووەم ووتـــــە [ل٢٧]یەکەم ووتە [ل٤٩] یەکەم‌ووتە ڕەنگەبرای نووسەر بڵـــــــێ‌ئەمانە هەڵەی چاپبن بەڵام خۆ هیچ نەبێ دەبـــــــــووواستونێکی) هەڵەو ڕاستی بۆ بکردایە .

Institut Kurde de Paris

مامۆستایانی هونەری جیهانی

هونەرمەندی ئیتالی بلیمەت

جۆرجۆنی

● محمد عارف ●

لە ڕووسی‌یەوە وەری‌گێڕاوە

● بەشی یەکەم ●

لە ڕاستیدا ، بەشی یەکەمی سەدەی شازدەمینی زایینی ، بە لووتکەی زێڕینی سەدەی ووریابوونە (Renaissance) ی ئیتالی دەژمێردرێ ، چونکە هونەرمەندانی بلیمەت :- (لیۆناردۆ دافینشی ، ڕوفائیل‌و مایکل ئەنجیلۆ) ، لەم قۆناغەدا ژیاون‌و بەرهەمە نەمرەکانیان دروستکردووە . لەهەمان قۆناغی ناوبراودا ، هونەرمەندێکی بلیمەت ژیاوە ، ئەویش : (جۆرجۆنی کاستیلفرانکۆ)یە ، بەڵام بەداخەوە بایەختێکی ئەوتۆی پێنەدراوەو سیبەر لخراوەتە سەر بەرهەم‌و مێژووی ژیانی ، بۆیەش ناوبانگی هونەرمەندانی باسکراوی وەرنەگرتووەو لە چوارچێوەیەکی تەسک‌دا ، ناسراوە .

ئێمە ، بەدڵنیایی‌یەوە ، دەتوانین ، بەرهەمە نەمرەکانی جۆرجۆنی ، لەگەڵ بەرهەمی مامۆستا بلیمەتەکانی سەدەی ووریابوونەوەدا ، بەراوورد بکەین .

● بەداخەوە لەنێوان ژمارەیەکی زۆری نیگارەکانی هونەرمەند ، تەنیا (بیست) نیگاری

بۆمان ماوەتەوە . زانایانی هونەر ، ئەوەیان بەخەڵك سەلماندووە ، کەبیست نیگاری ناوبراو ، بەدەست هونەرمەند دروستکراون‌و خەڵکیان لەم ڕووەوە دڵنیا کردووە ، بەڵام هیچ یەکێکیان مۆرنەکراون‌و مێژوویان لەسەر نەنووسراون .

ڕووداوەکانی نیگارەکانی ناوبراو ، بەشێوەیەکی گشتی ، زەمینەیەکی تەمۆمژاویان هەڵگرتووەو ئەوەی سرنجی مرۆڤ ڕادەکێشی ، ئەوەیە ، کە هیچ بەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ڕێڕەو فەلسەفەی هونەری‌و ئیستاتیکای گشتی سەدەی ووریابوونەوەدا نیە ، بەڵام لەبەر ستاندارت بەرزی‌و پلەی کەم هاوتایان ، بەهەنگاوێکی شۆڕشگێرانەی هونەری زماردراون پاش ماوەیەکی زۆر نرخی بەرزی هونەری‌یان پێ‌بەخشراون .

● هونەرمەند ، بەشداری‌یەکی گرنگی لە دۆزینەوەی ئەو ڕێبازە ڕیالیزمی بەکردووە ، کە لەبەشی یەکەمی ، سەدەی شازدەمین‌دا ، بۆ دەربڕین‌و بەرجەستە کردنی گیانی مرۆڤایەتی‌و جوانی سرووشت باو بووە .

لەم ڕووەوە مێژوو نووسی ئیتالی بەناوبانگ : (ڤازاری) ، جۆرجۆنی‌و لیۆناردۆ دافینشی بە : (دامەزرینەرانی ڕێبازی تازە) دادەنێ .

● قەوارەی نیگارەکانی جۆرجۆنی ، بەشێوەیەکی گشتی ، بچووکن ، لە پاشەکێی (Back - Ground) نیگارەکانی ، سروشتێکی سادەو جوان‌و هێمنی بەکار هێناوە .

پاڵەوانەکانی هونەرمەند ، ئافرەتی جوان‌و لاوی شۆخ‌و شەنگ‌و سوارچاك‌و شوان‌و خەڵکی لادێن .... بەڵام بەپاکی ڕووخسارو دەوڵەمەندیی هەستی دەروون‌و شێوەی بیرکردنەوەیان ، هەستی بینەرانیان بۆ خۆیان ، ڕاکێشاوە . مۆرکی تایبەتی هونەرمەند ، کە لە هەموو هونەرمەندانی سەدەی ووریا بوونەوە (Renaissance) جیاوازی دەکاتەوە ، ئەو زەمینە وێژەیی‌یەو هەست تەنکی‌یەیە ، کە لە نیگارەکانیدا ، دروستی کردوون .

● هونەرمەندانی شاری ڕۆماو فلۆرەنسا ، کە سروشیان لە لەش‌و لارو ئەندامی مرۆڤ‌و جوانی ئافرەت‌و بەهێزی فیگووری پیاو وەردەگرت‌و لە بەرهەمەکانیاندا ، بەوپەڕی ڕێزەوە ، بەهۆی (بنیاتدانان واتە Drawing و ڕەنگەوە : Color و ڕۆناکی‌و تاریکی‌و پلەکانی : Tone) ەوە ، ئەم هەموو شتانەی باسکراویان ، بەرجەستە کردووە .... بەڵام ئەگەبشتوونەتە پلەی بسپۆڕی‌و

بروانە ل : ٦

هاوکاری لە گفتوگۆیەکدا لە گەڵ «رجاء النقاش»

باسی ئەدەب و ڕەخنەی ئەمڕۆی عەرەبی

رجاءالنقاش ناوێکی دەرکەوتووی جیهانی ڕەخنەسازی‌یەو ژمارەیەکی زۆر نووسراوو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەسازی هەیە ، لە چاوپێکەوتنێکدا لەبارەی جوولانەوەی ئەدەبەوە لە نیشتمانی عەرەبدا .

★ ئایا ڕەخنەسازی بە گیروگرفتدا تێدەپەڕێ ؟

ـ ڕەخنەسازی عەرەبی ئیستا دووچاری جۆرە کشانەوەیەك بووەو بە گیروگرفتدا تێدەپەڕێ‌و هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەرژوبڵاوی‌یە ڕۆشنبیری‌یەی کە نەتەوەی عەرەب تووشی بووە لە کەسانی داهێنەرو بیرکەرەوەکانیاو ئەم پەرژوبڵاوی‌یەش لە دەریایەك دەچێ کە لەبەر شڵپ‌وشۆڕی ڕێگای ڕاپەرینی بگرێ‌و پێویستی‌یە ڕاپەرێکی لەش‌پتەو هەیە لە بیرو هەستقیا بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەم هەلویستە ببێ . ئەم ڕاپەرە چاوەڕێکراوە دەبێ لە داهێنەرەکان بێ پێش ئەوەی لەوانەبێ کە لێکۆڵەرەوە یاڕەخنەگربن ، بە کورتی من چاوەڕێی سەرکەوتنی داهێنان دەکەم بۆ ئەوەی ڕەخنە پەیدابێ‌و هەتاوەکو ڕەخنە لەم گیروگرفتەی ڕزگاری بێ .

بە لای منەوە ڕەخنەگران‌بەزیون چونکە داهێنانی تازە هێشتا هەر خەریکی کێشەوزۆرانبازی‌یەو هێشتا دانەسەکناوەو سەرنەکەوتووەولەگەل یەکەم هەنگاویانا ڕەخنەی وێژەیی عەرەبی‌گەشەدەسێنێ چونکە وێژە بە هەموو جۆرەکانیەوە داهێنان‌بێ یا ڕەخنە یا بیرکردنەوە بریتی‌یە لە جەنگ‌وگەشتێکی ناسکی ئاسان نیە

★ چۆن تازەکاری‌هەلدەسەنگێنی لە شیعری عەرەبیدا ؟

ـ هەندێ ڕاستی‌لەبەردەممانایە .. ئەوەی ناوی شیعری تازەبوو ئیستەجوولانەوەیەکی نامۆی وا نیە چێژی عەرەبی وەری‌نەگرێ‌بەڵکو بووە بە جوولانەوەیەکی جەسپاوو پتەوی وا کەکەسی ناودارو لایەڕەی کاریگەری خۆی هەیە لەمێژووی هەمووی شیعری عەرەبیدا بەڵکو ئەم جوولاوەیە گەیشتووەتە دەروونی جیهانی‌و نموونەی زۆری لێ وەرگێڕاوە بە ئاشکرا دەنگی‌داوەتەوە لای زۆراوایی‌یەکان وەك نموونەی بدرشاکرالسیاب . عبد الوهاب‌البیاتی . صلاح عبد الصبورو حجازی‌و کەسانی تر .. ئەمە ڕاستی‌یەکەم. ڕاستی‌ی دووهەم ئەوەیە کە شەپۆلی دوای ئەم لە جوولانەوەی شیعری تازەدا دوای شەپۆلی سەرمەشقەکان ناتوانێ لەسەر بناغەی لاسایی‌کردنەوە یا دووباردبوونەوە بڕی یا بمێنێتەوەو دەبێ شتی زیادە بەبدابکاو شت دابێنێ‌و ڕێگای تازە بۆ خۆی بکاتەوە بۆ دەربڕین‌و بیرکردنەوە ئەگینا دەکەوێتە داوی سڕبوون . ئەمەیە ئەو بەرەنگاری‌یەی کە لەبەردەم شەپۆلی شیعری‌ی تازەدا پەیدابووەو بە دەیان بوێژی عەرەبی لاو هەولی ئەوە دەدەن بە شێوەیەکی داهێنەرانە ڕووبەڕووی ئەم کۆسپە بوەستن‌و .. هێشتا جەنگەکە هەر بەردەوامەو بەرەکەت‌و ڕێکەوتنی هونەری‌ی زۆری لێوە پەیدادەبێ‌و ساڵانی کەمی داهاتوو گەشەی زۆری تیادەبێ ئەك هەر لە بواری شیعردا بە تەنیا بەڵکو لە شانۆی شیعری‌و بوارەکانی تری بناغەی قەسیدەی عەرەبیدا لەبارەی هونەرو

بروانە ل : ٧

ذکریات محمد

هەڕەشێ

هندەك دۆژمنید هەیقێ نەو
دڤێن ..
فەکوژن
ژ بەر کو کوژەکن ..
دژن
شەڤا تاری دڤێتن
پێڤە (نوژن)
بەلێ هەیڤێ نەهێلایە
شەڤ ڤەشێرێت
نەستێرا هێلا ..
هەیڤێ بمژن
چونکی هەردەم گوری کەرن
هەر شەڤ هەزار
ژێ دڕژن
دبنە بزووت
دۆژمنێد هەیڤێ ..
دسوژن .

صدیق خالد هروری

داخازە ژدلبەرێ

هەی هو جانێ ..
دەمێ بەرێ وەکو د هاتم
لێ خوەزی بو ببینم بەس چاڤێت تە
نێ ئەفرو وەکو لێ د نێری
دلو جەرگێت من د هێری
نزانم چ هزر دناڤدا د گێری
ئەرێ ڤینە ..
ئان چ نینە ..
نێ من داخازە ژتە یارێ
بەرسڤەکێ لێ بنێری
داکوریا خوە بزانم
بەس بکم نالین‌و قێری

■ عصمت محمد بدل ■

ئالان ڕۆب گرێ و کێشەکانی ڕۆمانوسی نوێ...

■ غفور سالح عبدالله ■

کردویەتی بەکوردی

● بەشی دووەم ●

ڕۆب گرێ کێبی « لە پێناوی ڕۆمانێکی نوێدا » بلاودەکاتەوە ، بریتیە لە کۆمەلە نووسینێك دەربارەی ڕۆمان ، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٥٥ ـ ١٩٦٣ ، بەڵام ڕۆمانی « خانووی داوێن پیسی » ١٩٦٥ ڕۆمانێکە بەرەو جیهانی ڕۆمانی میللی ڕامانەدەکێشێ ، یان بەرەو جیهانی چەتەبازیی ، کە چەند بوارێکە ڕۆب گرێ بەشێوەیەکی فراوان حیوارە ڕاستەقینەکانی لێوە هەڵدەگۆزێ .

بابەتی ئەم ڕۆمانە وەکو « دڵ‌پیسی » دیاری‌کراو نیە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە تا کۆتایی بەربڵاو دەبێت‌و لق‌وپۆپی لێ‌دەبێتەوە . ڕۆمانێکە پاڵەوانەکەی کابرایەکە لە هۆتێك‌کونك ناوی جۆسنە . گومانی لێدەکردێ ئەو کەسە بێت « مانورێ »ی گوشتبێ ، دەیەوێ لە « ماکاو » را بکات‌و سۆزانیەکی جوان کە ناوی « لۆرین »ە بەبارە دەکڕێ لە « لیدی ئافا » سەرپەرشتی خانوویەکی گەورەی داوێن‌پیسی دەکا ، هەوڵ‌دەدا پارەیێکی پێویست بە قەرز وەربگرێت ، بەڵام پاش هەوڵ‌و کۆششێکی زۆر بە « مانورێ » دەگات‌و ئەنجامیش دەبکوژێ . ئەم کارە ئەدەبیە لە خۆیدا دەمەتەقیەکی گاڵتەجاری نیە لەگەڵ ڕۆمانی میللیدا . بەڵام نووسەر توێژە سەرەکیەکان بەکار دەهێنێ بۆ دامەزراندنی ڕۆمانە تازەکەی بەبێی هونەرێك کە تایبەتە بەخۆیەوە .

بەڵام فلیمی « شەمەندەفەری تیژڕەوی ئەوروپا » ١٩٦٦ . بابەتەکەی لە ئەدەبی پۆلیسی‌و ئەدەبی دڵداربەوە وەرگرتووە . لەو شەمەندەفەرەی کە لەسەر هێڵی پاریس ـ ئەنیفەر کاردەکات . یەکێك لە پیاوانی سینەما « ئەم دەورەش ڕۆب گرێ خۆی دەیبینێ » بیردەکاتەوە لەچیرۆکی بازرگانێکی تلیاك کە هەمان گەشت دەکات لە شەمەندەفەردا ، بەو جۆرە فلیمی بە ئەندێشە دروست‌کراو دەبێتە ڕەواڵەتێك لەبێش چاوماندا ، چەند ئەزموونێك لە دیمەنە سینەمایەکاندا بەدی‌دەکەین ، ئەنجاش ئەو دیمەنە تەواوانەی کە هەمیشە پەیوەندیان نیە بەوەی کە کابرای سینەمایی بیر لێ‌کردۆتەوە ، بەڵام بازرگانی تلیاك کە تازە دەستی بە پێشەکەی‌کردوە فەرمانەکانی ڕادەبەڕێنی هەروەکو پێی‌راسپێرراوە ، دواجاریش تووشی سۆزانیەك دەبێ‌و دەیکوژێ . لێرەدا ئەندێشە وا دەردەکەوێ کە مەبەستەکە خودی خۆیەتی ، جگە بۆپێکەنین کە بەشێوەیێکی ئاشکرا دبارە ، دەوری سەرەکی « جان لوی ترانتینیان » دەبینێ ، کە لە فلیمەکەدا دەیناسین‌و هەمان ئەکتەرە لە ژیاندا دەیبینین .

فلیمێکی‌ترینش « ئەو پیاوەی درۆ دەکات » ١٩٦٨ . لەوەش دوورتر دەڕوانیە بۆ ڕەتکردنەوەی گشت بەردەوامیەکی ڕۆمانووسیی . لە فلیمەکەدا کابرایەك دەردەکەوی بەناوی « بۆریس » وە . لە دارستانێکەوە وەدەردەکەوێ‌و دەچێتە بەکێك لە گوندەکان ، ئەنجاش دەست بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەکات ، چەند کارەساتێك دەهێنێتەوە چەند بەڵ‌وپۆپێکی لێ‌دەبێتەوەو بەیەکا دەچن : زۆربەشی لەگەڵ یەکتردا ناگونجن . بەڵام دەتوانین ئەو چیرۆکەی لێ جیابکەینەوە باسی بەرگریکردن دەکات . « ژان »ی هاوڕێی بۆریس سەرۆکی دەستەو تاخمێکی نهێنیە . بەڵام دەگیرێ‌و دەتوانی بەرەو داستانەکە دەربازبێت ، و لەلای چەند براەرێکی خۆی دەشارێتەوە بەڵام یەکێك لەوانە دەیداتە دەستەوە .. بەڵام بۆریس لە ناستی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەسانی فلیمەکەوە داهێنان وەدەست دەهێنێ . ئەك ڕابووردوی چونکە بێ‌ڕابووردوە « هەروەکو لەمەڕ ڕۆب گرێ هەمیشە بەو جۆرەیە » بەڵام مێژووی ئیستای لەگەڵ واقیعی دەوروبەری بەك ناگرنەوە . ساڵی ١٩٧٠ ڕۆمانێکی تازەی دەردەچێ لەژێر ناوی « پرۆژەی شۆڕش لە نیویورکدا » ئەمەبش بابەتەکەی زۆر لق‌وپۆپی لێ‌دەبێتەوە . بەجڕی‌و خەستیەوە نموونەی تازەی تاوانکردن‌و سێکس بەکار دەهێنێ . شاری نیویورك دەبێتە چوارچێوەی ئەو بەسەرهاتانەی ڕوو دەدەن . لەگەڵ پالپشتێکی تەواوی کێژە بەندکراوەکان‌و پزیسکە دەروون‌شناسە شێتەکان‌و دزەکان‌و زەویە نامۆکان . و بەتایبەتی ئەو مێرۆڤیەی کە گشت کردەوەیەکی توونڈوتیژی تیدا دەگونجێ ..

نووسەر ئەم هەموو کەرەسانە بە ئەندێشە ڕێك‌دەخات‌و تێکەڵیان دەکات . و پەرەدەسێنێ تا وەکو دەبێتە جۆرێك لە یاری‌کردن .

لە هەمان ساڵدا ڕۆب گرێ فلیمی « عەدەن‌و باش ئەوە » هەمان لایەنە سەرەکیەکانی ڕۆمانووسیی ڕچاو دەکەین . کۆبوونەوەی کۆمەڵێك فوتابی لە‌و قاوەخانەی کە ناوی « عەدەن »ە و چەند یاریەکی

بروانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

وشەی هێزدارو ڕۆڵی لە هۆنراوەدا

لەگەل بەرەو پێشچوونی و گەشە کردنی کۆمەڵو ئەو گۆڕان و پێشکەوتنانەی روو بە رووی ژیان دەبێتەوە،فەبارەی دەستوور وفەرهەنگیش گەورە دەبێت و پەرە دەستێنێت و ووشەی‌نوێ و شارستانیەت سەرهەلدەدات ، جا ووشەکان کشتوکالی ، ئابووری ،تەندروستی ، پیشەسازی ،زانستی ، رامیاری ، فلسفی ،بیانی .. هتد

نووسینی محسن ئاوارە

واتە گەیێك ووشەی‌هاوتەریب دێتە گۆڕێ کە ووشە نوێیەکە بەرامبەر بە ووشە کۆنەکە دەوەستێت و دەتوانین لە چۆنیەتی کارکردن و هێز و دەور بینینیان لە یەکتریان جیابکەینەوە بەو پێیەی هەر یەکەیان لە ئان و زەمان وتافی کردنەوە و سۆز و هەست بزواندن و خەیاڵداڕۆڵی مێژوویی خۆیان هەیە، جێگای دیاریان دەبێت لەکاتی بەکار هێنانیان لە هۆنراوەدا بۆ نمونە :

(شخارتە) بەرامبەر بە(بەردەستێ) دەوەستێت .
(ئەلکتریك ـ گلۆب)بەرامبەر بە (فوتیلە و چرا) .
(تەلنکتەر) بەرامبەر بە(هەوجار) .
(دەڕاسە) بەرامبەر بە(شەن و داس و جەنجەر.. هتد) .
(بانکە) بەرامبەر بە(باوەشێن) .

کەوا بێ لێرانەدا ووشەی‌نوێ پەیدا بوو بەلام ئەوە ناگەیێنێ (تەلنکتەر) ووشەی(هەوجار) دەسڕێتەوە و شوێنەواریشی نامێنێ .

ئەگەر تەماشا بکەین هەردێرێك لە چەند ووشەیەکەوە پێك دێت هۆنراوەیش لەچەند دێرێك ، واتە هۆنراوە پێك هاتووە لە کۆمەلە ووشەیەك ، دیارە ئەگەر هۆنراوە درەختێك بێت ئەوەووشە ڕەگ و ریشال و چڵ و گەڵا و پۆپ و هەمووئەندامانی تری بنبات نێنەر و پێك هێنەر و بەرهەمهێنەرێتی لە پاڵ بیر و سۆز و خەیاڵ و بەهرەی شاعیردا، خۆ ئەگەر رووبار بێت ئەوە ووشە ، چۆڕاوگە و گۆم وکانی‌و جۆگەلەکانێتی بە هەمان خەسیەت و نیشانە وشێوەی باسمان لێوە کرد وەکو کەرستە سەرەکیە بەنرخەکە .

هیچ ووشەیەك نیەمانایەك نەبەخشێت و ناوەڕۆکێکی پڕ لە تاقی کردنەوە و ڕووداو و سۆزی ئەفسوناوی تیا نەبێت ، بەلام باسەکەی من لێرەدا تەنیا بەندە بەو ووشانەی هێزدارن و ڕۆلی تایبەتیان هەیە لە بەهێز کردن و درەوشاندنەوەی هۆنراوەدا چونکە هەر ووشەیەك بە پێی ڕۆلی مێژوویی و تاقی کردنەوەی بە سەرا ڕۆیشتنو ، توانا و کاریگەری و هێزی ڕاکێشانی خۆی و مانا گەیاندن و هیمایەکی گەورە و بەرز بە جۆرێك ئەگەر هۆنراوەکە ئاگردانێك بێت ئەتوانین سوورە پشکۆی گەشاوە و بلێسەدار لەگەڵ پشکۆکانی تری سیس و زەرد بوو و لاواز جیا بکەینەوە چونکە دوای خوێندنەوەی هەر هۆنراوەیەك بازنەی مێشك دەبێتە بێژینگێك و ئەو ووشانەی درشت و درەوشاوەن ، ڕادەوەستن و ناچنە خوارەوە کە لە تاکەکانی (مفردات)ی پوختو هەڵبژاردەی شیعرین و هێزدارن .

تا ئێرە ئاوا و دەمەوێ ڕاستیێکی تریش هەبە ڕوونی کەمەوە ، زۆرەها ووشەی وا هەن مانان و چێژی تایبەتیان هەیە لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی‌تر بە پێی ڕۆلی مێژوویی و کۆمەلایەتی‌و ناوچەکانیانا دەگۆڕێت ، ڕەنگە لەوێ تەوژم و سۆز و مانایەك بگەیێنێ کەچی لێرە بە شێوەیەکی‌تر ، هەر بۆیە گەلێك هۆنراوەی ڕەسەنی وەك ئەو بخاتە بەر و گوڕە گەرمەی تیا نامێنێ چونکە لە کاتی وەرگێڕاندا نەیتوانیوە ووشەیەکی ڕەسەنی وەك ئە و بخاتە بەر شیعرەکە کە مانا و هەستو ڕەسەناتی جارانی بمینێ .

وە بە پێچەوانەی ئەم حالەتەیش ڕوو دەدا ، زۆر جاری وا هەیە شیعر ووشەی هێزداری بە بەرا نەکراوە کەچی وەرگێڕی بە توانا و هونەرمەند بە جۆرێ هۆنراوەکەی وەرگێڕاوە چێژو گەورەییەکی تری بە هۆنراوەکە بەخشیوە کە لە پێشدا ئەو مەزنیەی تیا بەدی نەدەکرا .

خاڵێکی تریش هەیە لە بارەی ووشەی هێزدار و ناهێزدار ، ئەویش ئەوەیە کە لە کاتی خوێندنەوەی هەر هۆنراوەیەکدا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکەین وەختێك دەبێنین لە شیعرێکا ووشەی داتاشراو یان ووشەی فێرکردن و زانیاری کە ووشەی ساده و ساکارن یان ئەو ووشانەی لە قسە ئاسا یەکانی ڕۆژانەمان‌دا پێی ئەدوێن ، زۆر بە بەر چەرخو خەرەکی ڕۆژانەمان کەوتوون و سواون بە ووشکی و بە بێ تامی دێتە بەر گوێمان بە بێ ئەوەی خورپە و تینو تەزووی موچرکێك بە لەشماندا ببەخشێ هەر وەکو زەیت و نەوت بە سەر ئاو بکەوێت ئاوا بە زەقی هەڵدەبەزێتەوە و ئەگەر بە سەر پردی مێشکیشدا تێپەڕ ببێت ئەوە هیچ شوێنەوارێك بە جێ ناهێڵێ وەك دەڵێن لەو گوێچکەیەماندا دەدات‌و لەو گوێچکەیەی‌ترا دەردەچێت . کەچی ووشەی هێزدار ، ئەو ووشانەن لە قسەی ئاسایی ناو خەڵك ڕەت دەکاو لە یەك مانایش زیاتر دەبەخشێت بالاتر و کاریگەرتر و پڕە لە وێنەی ئەفسوناوی و تاقی‌کردنەوەو هیمای بەرز ، واتە لە گۆشەگیری‌و قۆزاخەی یەك قالبی ڕووت و کاڵ بوو نامێنێ‌و وەکو زەرنەقووتە سەر لە ناو قەپێلکی هێلکەکە دەردەهێنێ‌و تا لێی قووڵ بیەوە وورده وورده چاوەکانی دەتروکێنێ‌و پەڕ و باڵ دەر دەکاو گەورەتر دەبێت ، تا وای لێ دێت لە شەقەی باڵ بدا و بۆ ئاسمانێکی‌تر هەڵفرێت ..

دەبا چەند ووشەیەك بە نمونە بهێنمەوە لەم ڕووەوە بۆ سەلماندنی نووسینەکەمان ...

ووشەی ((کێلووکە))

واتە (ئەو تاکە گوڵە گەنمو جۆیانەی پاش دروێنە لە پەریزدا بە پێوە ئەمێننەوە).

ئەگەر سەیری ئەم ووشەیە بکەین لە کاتێکدا لە هۆنراوەدا بەکار دەهێندرێ ، یەکسەر هەست بە تەنیایی‌و غوربەت و خەمباری‌و داماوی ئەم ووشەیە دەکەیت، دەبێنین چەند کاریگەرو بەهێزەو هەردەم لە جولەو بریسکانەوەی خۆی ناکەوێت و بە زیندوویی دەمێنێتەوەو دانامرکێت ، ئەم گوڵە گەنمو جۆیانەی کە بە پێوە وەستاون و (شنەی) دەیانلەرێنێتەوە ، تاك تاك لیرە و لەوێ‌و هەموو دۆست و خۆشەویستانی خۆیان وون کردووە و لە دەورو بەریاندا نەماون‌و بە بەر داس کەوتوون ، ڕەنگە خواستی ئەوە بکەن‌و خۆزیا هەڵکێشن بڵێن بریا ئێمەش بە بەر داس ئەکەوتین ئەوەك ئاوا بە نامۆیی‌و غەریبی لەم ئاقارە چۆڵو هۆڵەدا بمێنێنەوە .. کێ هەیە ئەم ووشەیە کاری لێ نەکات‌و نەکەوێتە ناو پووڕەی وەی‌و ئاخ هەڵکێشان ،خۆ ئەگەر وەکو هیمایەکیش شاعیر بەکاری نەهێنێت ئەوە لە جۆش‌و خرۆش‌و بڵێسەی خۆی هەر ناکەوێت و ئەو تینە مەزنەی هەر تیایە .

با بزانین (یسینین) شاعیری گەورەی سۆڤیەت چۆن لەم هۆنراوەیە باسی ئەو گوڵە گەنم و جۆیانەی دوای دروێنە دەکات کە لە لای ئێمەدا تەنیا بە یەك ووشە (کێلووکە) هەمان مانا دەبەخشێت «یسینین» ئەڵێت :

(لتضرب الريح في الاقل سيقان الحنطة السوداء المتبقية بعد الحصاد)*(١)

واتە :

دەبا هەر هیچ نەبێ (با) لە لاسکی ئەو ڕەش‌گوڵە گەنمانە بدات کە لە دوای دروێنەدا ماونەتەوە

ووشەی (تیرێژ)

بە لای منەوە ووشەیەکی جوان و ناسك‌و هەست بزوێنە ، چەپکێك هەتاو لە کون و قوژبن و درزی دیوار و دەلاقەو کولانکەدا دێتە ژوورەوە وەکو هێلێکی ستوونی شۆڕ دەبێتەوە ، کەسێك نیە بیرەوەری منداڵی نەیتەوە بەر چاو ، خرپەی تیشکێکی نوێ بەرەو ناخی نەبێتەوەو یاخەی نەگرێ لەو وەختەی منداڵ بووین هەوڵی ئەوەمان ئەدا ئەم تیشکە بگرین بۆمان نەدەگیرا ،ئینجا بارچە ئاوێنەیەکمان ئەدایە بەر و ڕوو بە ڕووی چاوی دایك یان یەکێ لە هاوخێزانەکەماندا دەکردەوە و هەرەسانمان دەکردن ، خۆی ووشەیەکە بەڵام چەند بە توانا و نەمر وپڕ تاقی‌کردنەوە و زیندووە . وێنەی پڕ مبهری تیایە .

ووشە (کارێز)

ووشەیەکە دەتخاتە سەربانی خەیاڵ و دەتباتەوە بۆ ناو دنیایەکی پڕ لە حسوسیحر و بیرەوەری زیندوو و گەردوون ، دەتباتەوە بۆسەیری ئەم ئاوە سازگارە جوانەی ڕێبوار بانگ دەکات‌بۆ ئەوەی سەر لار کاتەوەو سەیری ئەم ئاوە سازەکارەخاوێنە بکات ، هەر کە گوێت لەم ووشەیە دەبێت.. هەست بە فێنکی و خوڕەی تەزیو دەکەیت ، وەك ئەوەی‌لە چەقەی هاویندا باسی تاڤگە و کوێستان بکەیت ،یان‌لە چلەی زستاندا باسی ئاگردان بکەیت ... یەك‌ووشەیەو هەناوی هێندە تەلیسماوی‌و فێنك‌و خەم‌ڕەوێنە .

ووشەی (شەوارە)

خۆی یەك ووشەیە ،بەڵام‌لە ووشەیەکی ڕووت‌و تەریك ڕەت دەکاو ناوەڕۆکێکی بە پێزو مانایەکی فرەوانی هەیە. بەر لە هەموو شتێك ئەم‌ووشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی کۆنینەی ناوکۆمەڵەکەمان ، لە کوردەواری خۆماندا بە دوو مانا لێك‌ئەدرێتەوە بە پێی شوێن‌و ناوچەکانا ، ڕەنگە زیاتریش.

١ـ لە ناوچەی هەولێرودەور و بەری‌دا بۆ ئەم مەبەستە دەگوترێ ، وەختێ‌لە خێزانێك‌دا ، منداڵێ تازە لە دایك دەبێ ، لە خاوخێزان‌و بنە ماڵەکەو خزم کەس‌و کاری منداڵەکە چەندکەسانێك ، شەوان ، سێ یان حەوت ڕۆژ کودەبنەوەلەو ماڵە تا بەیانی بە نۆرە شەو بە گالتەو گەپ و یاری‌و شەوچەرە خواردن‌و شەونخونی ئەو شەوانە بەسەر دەبەن بۆ ئەوەی لەپەی ڕەشی شەڕ (شەوە) کە جۆرەجنۆکەیەکی شەڕە نەگاتە ئەو منداڵە و بیکوژێت ، ئەوشەوانەی کەوا بەڕێ دەکرێ پێی دەڵێن (شەوارە) .

٢ـ لە ناوچەی سلیمانی‌دامانای‌تر هەڵدەگرێ ئەویش بەو شەوانە دەوترێت ،وەختێ کوڕەکەی گوندی بە هەڵدێر و بەرزایی‌و چیاداهەڵدەشاخێن و چرا بە دەستەوە دەگرن بۆ ڕاوەگورگ‌و ڕێوی‌و بەرازو پلنگ .. هتد ، دەچنە ڕاوئەو شەوە پێی دەڵێن (شەوارە) .

بزانە یەك ووشەیەو چەندمانای فرەوان‌و ڕافەی لە بەر دایەو بە تایبەتی ئەگەر وەکوهیمایەکیش بەکار بهێندرێ لە لایەن شاعیرەوە کە زیاتریەلو پێی لێك ڕادەکێشرێتەوە. کاك جەمال‌شارباژێری لە شیعری (ئەم شەو) ئەڵێت :

بێ .. بۆ لای دل .. ئەوشارەی تۆی خۆش ویستووە
بە مێوانیت .. ئاوەدانی.. تێ ئەکەوێ
دەی .. فەرموو .. لەو ئاوازانەی نەت بیستووە
گوێی بۆ شل کە .. (شەوارە)یە و کەس ناخەوێ

دەبا چەند ووشەیەکی‌تریش بە نمونە بێنینەوە و لە یەك دووانێکیان بە کورتی‌بدوێن لە بەر بنەتا نەهاتووی ووشە هێزدارەکان ئەگەر بەبژار و ژماردنیان بکەین ، چونکە زمانە دەوڵەمەندەکەمان‌هێندە ووشەی گەورە و تەلیسماوی و پڕ لە مانای‌هەیە کە کوتایی بێ نایێ هەر وەخت دەبێنین کۆمەڵێك‌ڕووداو گیر دەبن‌و ئاهێکی فێنك‌و گەرمت پێ دەبەخشن ،وە بۆ ئەوەی درێژە بە

بڕوانە ل : ٦

کۆڵەبارێك لە هەڵبەستی

● هیقی بەرواری ●

من گوڵێ بوو
هات گوهێ من من گوڵێ بوو
گری‌و زێمار
ژخەوێت شەڤا هوشیار بووم
چ زێمارە ؟!
نێ شلقاندن مەژی و تێکبرن
ڕەهو دەمار
من گووت بەلکی دەنگێ گریێ
زاروێەك برس‌و ساڤابە
دا ئەز بچم
ڤێ داینێ ژخەو ڕاکەم
بێژ مێ هلو
لبەر لاندکا خۆ روینە خار
چوم نە داین نە لاندك
بەلێ من دیت
شەنگە بێریەکا روی خونافك
دبێ زیندانەکا گویردا
یا دلورینیت
من گووتێ توکی وتە چیە ؟!
گووتی ئەزم
کچا گوردا مەلویلو ژار
ما نەبەسە ؟
لێ زیندانا ڕەش‌و تاری
بێ خوینا من دمێژێتن
هەر گورەمار
هەستی خۆ لن ئەڕویچکاندن
ئی دەهبێ هار
هەر دبێژنە من هشبە کچێ
تەبەسەرێ
بۆتە شەرمە نەکە هەوار
نەکە هەوار

بیرەوەری بە ساڵدا چووەماڵێ

بیرەوەریەکانی حاجی حسن کرێڕەیی

تۆمارکردنی : ■ عبدالرقیب یوسف ■

یەکێك لە پیرەمێردە کوردەکانی بیرنیژوو خاوەن بیرەوەری یەکجار زۆر حاجی حسن کوێخە محمد امین اسماعیل عوزەیری‌یە کە خەلکی دێی (کرژە)یە لە سوورداش لە باکووری ڕۆژئاوای سلێمانی . تەمەنی لە دەوروبەری (٩٥) ساڵی دایە

بۆ جاری یەکەم چووم بو تورمارکردنی زانیاری بیرەوەریەکانی لە ١٩٨٢/٦/١٨ تەندروستی زۆر باش‌بوو بەوە نەدەچو کە ئەم تەمەنە زورەی هەیە هەر وا تەندروستی پورە (ئایشە)ی ژنیشی (کە لەم وێنەدا دیارە) زورباش بوو یەکەم ژن‌و هاو تەمەنی بو بەڵام لەم شەش مانگی ڕابوردودا وەرزعی تێك‌چوو پورە ئایشە کە بەشداری گوفتو گۆیەکەی دەکرد لە مانگی حوزەیرانی ڕابوردودا کۆچی دوایی‌کرد ، لە دوای ئەوە ژنەکەی تری کۆچی‌کرد . ئیستا دەستولاقێکی حاجی حسن کە توشی مەراق بو ئیش ناکات گەرچی لە ژیانی‌دا خوی بەدەست خەفەتەوە نەداوەو بە مرۆڤەکی لەسەرخۆو ئاقلمەندوو راستگۆ ناسراوە .

حاجی حسن ژیانی کوچەری‌و لادێی دیووەو هەر وا ژیانی شارەوانیش (کە ئەوا [١٠ ـ ١٥] ساڵە لە سلێمانی دادەنشی) حاجی حسن بەشداری لەجەنگی یەکەمی جیهانی‌و شۆڕشەکانی شێخ محمودی کردووەو زانیاری‌و بیرەوەریەکی زوری لە بیرە دەربارەی ڕودا وەکان‌و ژیانی کوردەواری لە قۆناغەکانی تەمەنە درێژەکەی‌دا تا ئیستا پتر لە چوار ساعەت بیرەوەریەکانی ئەو و بە دەنگیم تومار کردوەو کە قسە دەکا مرۆڤ دەڵی بیرەوەریەکانی بە نوسراوی لە بەرچاویەتی‌و دەخوێنی هند بیری تیژە ، دەتوانم بڵێم زۆربەی ئەم پیرەمێردانەی کە تا ئیستا بیرەوەریەکانیانم تومارکردوە زۆر بیر تیژ بون وەکو خوالێخوشبو میرزا محمد ئەمین کوێسنجقی‌و بەرێز حاجی بەگ جاف‌و طاهر بەگی نفوس (بابان)و شێخ مستەفا شێخ علی قەلبەزەو مام صالح (دەرویشی شێخ علی لە رانیە) دەربارەی (ساڵی ڕشانەوە) حاجی حسن دەڵی ئەو کاتە من بالغ ببووم‌و هاوین بو لە کوچەری بووین‌و عێلاتمان لەلای (شیوەکەل) بوو لە ژێر زنجیرە شاخی قەدەغە کردبوو بو ئەوەی خەلك لە یەکتر توشی نەخۆشی نەبی‌و دەڵێ ئەم شێوە زانینە تەندروستی‌یە لە نیو خەلك‌دا هەبوو بەهۆی دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە نەبووەو دەڵێ پیاوێکی فەقیر لە عێلاتمان‌دا هەبوو ناوی (شنە) بوو کەل‌وپەلی مردووەکانی لە دێیەکان دەهێنا دەڵی (مام قادر)م گەورەی عیلەکەبو پیاوی ناردو کەل‌وپەلەکانی لی‌ستاندو سوتاندی پیش ئەوەی بگاتە عێلاتەکە .

دەربارەی ساڵی (بەفری گەورە ساڵی ١٩١١) حاجی حسن دەڵی : ئەو هاوینە (ئایشە)ی ژنم هێنا یانی هاوینی پیش بەفرەکەو لە شاخە کوێستانەی (کەلیخان) لە ناوچەی (بانە) شایی خومان کرد . دەڵی من چومە ماڵی باپیرم لە دایکەوە حاجی محیی‌الدین ئاغا لە سلێمانی‌و بەشەو بەفریکی زور باری‌و چل ڕۆژ لە سەر ئەرزامایەوە کۆڵان نەمابوو خەلك لەو بانە دەچونە سەر ئەو بانە بۆ چونە ماڵی یەکتر دەربارەی زەرەو زیانی بەفری گەورە کە بۆتە ساڵێکی مێژوویی لە کوردەواری‌دا وەکو ساڵی ڕشانەوەو ساڵی ڕوژگیران‌و ساڵی گرانی کە ئێمە بەم ساڵانە تەقدیری تەمەنی بە ساڵدا چووەکان دەکەین ـ دەربارەی زەرەرو زیانی دەڵێ زەرەری زۆری لە مەڕو ماڵات‌دا حەیوان لە برسان‌و سەرمان زۆری مرد و ئەم لیستەی زیانی خۆی داوە دەستمان دەڵێ :

لەپێش بەفر (٢٤٠) سەرە مەڕم هەبو ، و (٧) ماهین‌و (١٦ ـ ١٧) ڕەشەو ولاغ .

لە بەفرەکەدا هەمووی مرد تەنیا دەوری (٤٠) سەر مەڕو (٢) ماهین‌و (١) ڕەشەو ولاغ مایەوە .

حەیوان‌و باڵندە کێویش زۆری لە برسانا مردن تا دوجەلەب حەیوانە کێوی هاتنە نێو شاری سلێمانی لە برسان‌و کەو زۆر دەهاتە نیو شارو بەدەست دەگیرا .

حاجی حسن لە کاتی خۆی‌دا گەنجەکی دلێر بووەو لەو موجاهدە کوردەکان بووە کە لەگەڵ شێخ محمودی نەمردا شەری روسەکانیان کردووە لە جەبهەی پێنجوین تا سەقزو بۆکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی‌و دەڵی هیزی ڕووسمان شکاند تا نیزیکی (بۆکان) لە

بڕوانە ل : ٧

■ ئیسماعیل تاها شاهین ■

بێخە کنجێن خەمێ ، بێخە
هلو رابە گری بەسە
فەلەکو بەخت نە ڕێبەرن
تم بهێزێ ئێش دخەسە
خێرە هۆسا خوە دمرینی
دلێ تە بتە نەبێ سۆتن
برابابن زۆری و کۆڤان
مە لوولی و رسوایی دۆتن
ڕەشبینی کونجا تەمبەلە
ژیرو دلێر دەڤ بکەنە
شەرمە ئەنیا تە گرێك
مادەم تە دەست‌و لەپ هەنە
خوە مت مەکە دکەڤلێ شێرا
هەکە ژدلێ دل نەشێری
هەڤالێن تە دارو بەربن
ژ بنێ پیا بکە قێری
پۆز بلندیێ مەکە مزا
ماڵ ئافا نابێ بترا
بزکرەشی‌و کەربێ دێ مری
ڤیانە ژبۆ دلی چرا
قەت مەبەهێسیرێ خەما
ئەگەر هەزار جارا بکەڤی
داوی یا ترسۆنەکا ڕەشە
ئەڤینداریێ راست نارەڤی

Institut kurde de Paris

ئەڤەنە... نەڤینیت صلاح الدینی

كا چەوا صلاح‌الدینی ایوبی بی كورد شیری خۆ هلكرتبو دژی دوژمنیت بوسولمانەتی و عەرەبا هەتا كو فەلەستین ستاندی د جەنگەكا مەزن دا دژی صەلیبیا و هەتا كو ل دوماهیی بۆیە سولتانی مصری ،

ئەفرۆكە نەفیتیت وی ژی بی ب وی ئەجوین و هزرو بیرێت وی یێت هلكرتین و هەر وەكو مە دیتین دەمێ ب سەدان و ب هزاران ژ كوردیت عیراقی خوینا خۆ رێتیین د قادسیا دوی دا ـ قادسیا صدامی دا ل روژهەلاتا بەسرە و میسان و مەندلی و پێنجەوین .ئو روژ بۆ روژ ئەو یێ فی و پتر یێ ل پەی دچن . ئەف كوتنە نهە دێ پتر دیار و روهن بن د ئی فەكولینێ دا ل سەر شەركەرێت كورد دەمێ ئەم ب سەرەدانەكێ رابویت بۆ دەفەرا شێخان وەختێ مە زانی كو فەوجەكا نوی یا فان شەركەرا یا پێك هاتی و دێ چەكی وەرگریت ل روژا ١ـ٥ـ١٩٨٤ ئەف فەوجە **ژ هێزێت سفكە بەر پسیارێ وێ هێزا [ابراهیم علي الحاج ملو المزوری]** یە نافداری بنەمالا مزوریایە بو د بەلاڤن ل نافبەرا دەفەرا دهوكێ و شێخانێ . ل سەرێ فێ فەكۆلینێ مە چاف ب وی بخۆ كەفت و مە داخواز ژێ كر كو بۆ روژناما هاوكاری چەند ئاخفتنەكا بێژیت ل سەر دەورێ هێزا خۆ و كارێ وێ و فەرموو گوت :

ئەم دێ ئەفروكە چەكی راكەین دا كو پشكداریێ د قادسیا صدامی دا بكەین و بەر سینگێت دوژمنێ ئیرانی بگرین و نە هێلین كەسەك زوردارین ل وەلاتێ مە بكەتن ئو ئەز و عەشیرەكا خۆ د ئامادەینە هەر دەم بۆ بەرەڤانیا عیراقێ ـ عیراقا كورد و عەرەبا ل ژێر ئالایێ سەرەكێ خوشتفی صدام حسێنی .

پشتی هنگی دەلیڤە دا چەند سەر فولیت هێزێ دا كو ئەو ژی هزرو بیرێت خۆ ژ مەرا دیار كەن . ئیك ژوان هەفال (عبدالعزیز عبدالقادر) بۆ یێ كو فەرموی گوتی :

من پشكداریا د قادسیا صدامی دا كری ل شەرێ روژهەلاتا میسان ل ٨ـ٨ـ١٩٨٣ ب مێرانی و دلسوزی ،ئو نهە ژی دێ باوەریا خو پتر موكوم كەم و دێ چەكی راكەم د هێزا براهیمێ علیێ حەجی مەلوی دا ، داكو بیمە سەربازەكێ ئەمین بۆ سەرەكێ مەزن صدام حسێنی . ئو هەر دەم ئەز یێ ئامادەمە كو بەرسینگێت دوژمنی بگرم .

ب دیڤدا برادەرەكێ دێ كەرەمكر ئاخفت ئەو ژی هەفال حسێن عبدالكریم بۆ ئو گوت :

من كەلەك جارا پشكداریا د شەرێ قادسیا صدامی دا كری ل حاجی عمران و پێنجەوین . ئو نۆكە ئەز دێ د ئی هێزا شەركەرا نوی دا چەكی راكەم . پاشی هەفال عبدالقهار جانگیر بۆ من ئاخفت و گوت : من ژی كەلەك جارا پشكداری یا د قادسیا صدامی دا كری و جارەكا دی دێ دلسوزی و بەرودریا خۆ بۆ قوماندارێ‌و. صدام حسێنی دبار كەم كو دێ چەكی هلكرمە ئە ب دلێ خۆ د ناڤ فێ فەوجا سڤكدا .

پشتی وی دۆرا هەفال (ابراهیم رشید) ی هات و ئەوی ژی گوت :

برایێ من د شەرێ حاجی عمران دا بەرزەبو دەمێ دوژمنێ ئیرانی هەولدای هێرشێ بكەتە سەر عەردێ مە . ئو نۆكە ئەز دێ چەكی هلكرم دا كو جهێ وی بگرم د قادسیا صدامی دا . ئو ل دوماهیێ مە دەلیڤە دا هەڤال (علي سلیمان حسین مزوری) كو ئەو ژی ئێكە ژ سەرقولیێت فەوجێ بۆ مە ئاشكەرا كر كو ئەم هەمی دەما سەربازێت سەروك صدام حسێنی نە بو بەرەڤانیا عیراقێ ئو ئەم دێ ب دلسوزی كاری كەین بۆ بەرەڤانیا ئاخا عیراقێ وژبۆ سەربلندیا عیراقێ .

هەر وەسا هەفال (محسن محمد عبدالعزیز) ی وە گوت و ئامادەبونا خو دیار كر بو بەرەڤانیێ ژ عیراقا مەزن ل بن سیبەرا سەرەكێ تێكوشەر صدام حسێنی .

رمضان عیسی

كیلانی زەوی

د. جهاد كیانی

كیلانی زەوی بە نرخترین مەرج دەژمێردرێن بۆ بەرزبوونەوەی پیت‌و دەولەمەندبوونی زەوی بە خۆراكی رووەك .

زەوی كیلراو بە چاكی دەتوانێ ئاو هەلمژین وە پارێزگاری بكات لە كەم‌بوونەوەی بەهۆی بوون بە هەلمەوە بەتایبەتی لەو شوێنانەی كە بارانیان زۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاوی زیاد فرێ بدات بەلاوە بۆ ئەوەی باشترین رژێمی هەوایی (aerial systum) لە چینەكانی (طبقات) كیلراو بهێنێتە كایەو لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی كە بتوانێ بە جۆرێكی ئەوتۆ هەموو ئەو فاكتەرانەی (Factors) پێویستین بۆ ژیانی رووەك ئامادەیان بكات . لە پیش هەموو شتێك ئاو خواردەمەنی‌و كیلانی زەوی چینێكی (coat) كیلاو پێك دەهێنێت كە بتوانێ تەڕایەتی (شێیاتی) (Moisturs. . .) و ـهەواو خواردەمەنی كۆ (گەرد) بكاتەوەو پارێزگاریان بكات هەتا ماوەیەكی رۆرو لە باشترین رێژەدا كە رووەك بەكاری دەهێنێت لە كاتی (دەوری) ژیانیدا .

مەرجی پێكهێنانی رەگی بە هێزی رووەك بە هۆی كیلانی باش‌و داخستنی تەواو مەیسەر دەبێت كە ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی رووەكی بەتێن‌و تووانا كە دەتوانێ خۆی لەبەرامبەر نەخۆشی‌و شێوە نالەبارەكانی سروشتدابگرێ چونكە دەتوانی بە ئاسانترین‌و چاكترین رێگا خواردەمەنی‌و ئاوو هەوا هەلمژێت .

كیلانی زەوی بە چەندین جۆری مالەی تری كە پەیوەندی هەیەو كار دەكاتە سەر ژیانی رووەك شیكارە (حل) هەر وەكو نەهێشتنی ئەو جۆرە رووەكانەی كە بژارن (weeds) و زیان بەخشن بۆ رووەكی بنچینەیی . ئاشتنی ئەمان لە ژێر كیلگەو پێوەركردنی زبل‌و پەیبنی كیمیا دەبێتە هۆی ئامادەكردنی زەوی بۆ چاندنی دەنكی رووەك‌و پێكهێنانی ئەو مەرجانەی كە یارمەتی دەدات بۆشبن‌و بوون وەبەرە پێ دان .

ئەم بروسیسانەی خوارەوە بۆ كیلانی زەوی بەكار دەهێنرێت ..

١ ـ نەرم كردنەوە (Loosening, Vipping) (شۆبرین) ..

بە نەرم‌كردنەوەی زەوی دەگوترێ گۆرینی جێگای كەستەكە بچوكەكانی جیا جیا لە یەكتری لە ناو زەوی‌دا پەیدا بوە كە بەمە پارچەیەكی گەورەی یەكگرتو پێك‌دێت‌و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی نەرم‌كردنەوەی كیلگە سەبارەت ئەو زەویانەی كەوا زۆر رەقن (گرانن) داخستنی قوولیان پێویستە بۆ نەرم‌كردنەوەیان . چونكە رەقی دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەلستی گەورە بوون‌و پەیدابوونی رەگەكانی رووەك وەكو چەوەندەرو پەتاتەو گۆرینی رێژەی ئاوو هەوا كە زۆر پێویستە نەرم‌كردنەوەی كیلگە دەبێتە هۆی كۆكردنەوەی خواردەمەنی نمرایەتی كە لە كاتی گەشبوونی رووەك پێویستەوە باشترین رژێمی ئاو هەوا پێك دەهێنێت‌و كە لە ئەنجامدا چاكترین بەرهەم دەست دەكەوێت .

٢ ـ وەرددان (Ckumble) (وەردان) ..

وەردانەوە واتا بچووك كردنەوەی قەبادە (پێوانە)ی ئەو كەستەكانەی كە لە ناو كێلگەدا پەیدا بوبنە كە سەرەنجام پلەی نەرم بوونەوەی زەوی زیاتر دەبێت .

هەلگێرانەوە (وەردانەوە) (Trun - Over

بەم رێگایەش دەتوانرێ باشترو چاكتر چینەكانی زەوی تێكەلاو بكرێ و بە دووبارە هەلگێرانەوەی كێلگە هەموو چینەكانی زەوی‌كە نەكێلراوە دەكێلرێ هی ژێرەوە دەكەوێتە سەرووە بە پێچەوانەش بەم چەشنە بە بەچاكی قەلاچۆیی ئەو جۆرە رووەكانە دەكرێت كە دەبنە هۆی بلاو بوونەوەی زیان بۆ رووەكی بنچینەیی واتە بژاری زۆر دەبێ . هەروەها لەم رێگایە شەوە دەتوانرێ زەوی بەبار بەرهەمی باش بێ وەبۆ كێلانی ئەو زەویانەی كە داپۆشراوە بەگیاو گۆل بەوەردانەوەی دووەم جار رەگ‌و ریشەی بژار دەردەهێنرێت تین‌و توانا بەزەوی دەدات كە بەبێ كۆسپ دەغلەكە یاخود ئەو رووەكەی كە تۆ دراوە شین بێ .

تێكەلاوكردن (agitation , stirring)

واتە گۆڕینی چینەكانی زەوی بەرامبەر یەكتری‌و تێكەلاوكردیان لەگەل كیمیاو زبل بۆ ئەوەی كێلگەیەكی یەكسان پێك بهێنێت وە دەبێتەهۆی ئەوەی كە لە پارچەیەكی دیاری كراو بە یەكسانی شین بوون بێتە كایەوە بەرەبستێنی واتە ئەو چینەی كە خواردەمەنی كەمە لەگەل ئەو چینەی كە خواردەمەنی زۆرە لەم رێگەیەوە تۆلەی بۆ دەكرێتەوە واتە كێلگە تەنكی‌ی بۆری بە شێوەیەكی دیاری كراو لە ناو دەبرێت .

پەستنەوە (Compaetion)

واتە گۆڕینی باری پارچە پارچەكانی زەوی كێلراووە ووردكردنی كەستەكی گەورە .. ئەم پروسێسە دەست پێدەكرێت كە كێلگە تۆ نەدرایێت ... پەستنەوە دەبێتە هۆی بەرزكردنەوەی تواناو هەلمژینی تەڕایەتی پارچەكانی ژێر كێلگەو پاراستنی لەوەی كە بێ بە هەلم‌و ووشك بوون لە كاتی رەشە باو تیشكی خۆر .

لەم رێگایەوە كەستەكی گەورە گەورە لە ناو ئەو زەویانەی كە خاكەكەیان رەشن یا گرانن دەشێلدەرێ‌و دەبێتە مەرجێك بۆ ئەوەی تۆی رووەك لەگەل خاك‌و خۆل دایەك بكرێ واتە (پێوە نووساندیان بە یەكەوە) .

راستكردنەوە (Lorelling)

واتە نەهێشتنی بەرزی‌و نزمی رووی كێلگە .. وەدەورێكی گرنگ دەگێرێت بۆ چاندنی تۆ رووەك لە قوولایێكی یەكسان‌دا و دابەش بوونی ئاو بەسەر رووبەری زەوی بەشێوەیەكی رێك‌و پێك چ بە هۆی باران یاخود ئاو دێری . هەروەها لەم رێگەیەوەش بەتایبەتی لە كاتی گواستنەوەی بەرهەم‌و رۆیشتنی كۆمباین‌و ئۆتۆمبێل زۆر ئاسان تر دەكات .

بەرگری كردن لە بژار (Weeds Control)

بژاركردن واتە پاك‌كردنەوەی زەوی لە رەگ‌و ریشەی رووەكی زیان بەخش‌و قەلاچۆكردنی گیاو گۆل‌و درك‌و دال‌كە دەبێتە هۆی بەرهەلستی پەرەپێدانی رووەك چونكە بژار هاوبەش دەكات لە خواردەمەنی ژێر زەوی لەگەل رووەك‌و لە دووبیدا تووشی سێیی‌ی و بەژن كورتی دەكات . ئەم كارە هاوكات لەگەل ئەو بروسیسانەی كە باسمان كرد دەكرێت یاخود بەتایبەتی‌و بە ئامێرێكی دروست كراو بۆ ئەم مەبەستە .

خوتە (Stubble Preseration)

پاراستنی قەسل (پەرێز) لەسەر زەوی بە هەموو جۆرەكانی (پووش) لەسەر رووی كێلگە قازانجێكی زۆری هەیە لەو شوێنانەی كە بارانیان كەمە چونكە دەتوانێت پارچەكانی رووی زەوی‌كە دەولەمەندن بە خواردن بپارێزێت‌وە سەبارەت بە تەڕایەتیش وەلە زستانیشدا قەسل دەبێتە هۆی ئەوەی كە رووەكی تازەشین بوو بپارێزێت كە ناتوانێ بەرگری سەرماو سۆل بكات . بۆیە خرتەكردن‌و تۆدان بێ ئەوەی وەردوشو بدرێ لەم كێلگانەدا سوود بەخشن چونكە پێویستی‌یەوە ناكات ئەو پروسیسانەی سەرەوە ئەنجام بدرێ .

ووشەی ـ پاشماوە

نووسینەكەمان ئەدەین و خوێندەواریش ئەمەندە ماندوو نەكەین بەم چەند ووشانەی خوارەوە كە بە نمونە دەهێنینەوە دەوەستین ،كە ئەم ووشانەیش لە هۆنراوەدا ، دەنگ‌و رەنگ‌و تام و پرۆشكیان لێ بەرز دەبێتەوە بە جۆرێ هێمزو تواناو ڕاچەنینی تیایە كە خوڕپە لە دل‌و دەروون هەلدەستێنێ‌و تاوی گەرمی راتدەگرێ‌و دێرەكان دەجولێنێتەوە ، چ لە رووی هەلبەزینەوەی كەل و تلیشە و پریشك و بلێسە‌و هاوارو دەنگدانەوە و هەژانا لە خۆشی‌و ناخۆشیدا ، یاخود لە خول خواردنەوە و بەردەوام بوونیان لە ژیانی ئێستا و داهاتوماندا .

«كۆڕژن ـ بارژن ـ هارژن ـ ڕێژنە ، لێزمە ، لەنگێزە ـ خرپە ـ شلپە ـ گلپە ـ وڕژم ـ جۆش ـ تریشقە ـ تەلەزم ـ هاژە ـ هاشە ـ وڕشە ـ شەققژن ـ هەلاوە ـ نێلە ـ زرمە ـ گرمە .. هتد ...»

ووشەی كۆڕژن

دەنگی حیلەی تونەدی ئەسپ لە دوو حالتدا یەكەمیان كە توڕە دەبێت و دەكەوێتە سەر پاشوو و دەڕەوێتەوە زۆر جاری وا هەیە پەت و گوریش دەپسێنێ‌و ناگەڕێتەوە بان سوار لە سەر ئەسپدا فرێ دەداتە خوارەوە ، واتە لە كۆڕژن دەدا .

دووەمیان .. كە كەیف خۆش‌و سەرفرازە ، بە نێسكە نێسك لە كۆڕەپانی مێرگێكی سەوزدا سەما و پێكۆلە دەكات بە تونەدی دەحیلێنێ‌و لە كۆڕژن دەدا ، یان بەرەو رووی جۆگەلە ئاوێك دەبێتەوە كە زۆر ماندوو و تێنووە و لفاوی گەفی دەركردووە لە خۆشی ئاوەكە لە كۆڕژن دەدا ، بزانە ووشەیەكی چەند بەهێزە و وێنەی زیندووی تیایە .

ووشەی تەلەزم

لەكاتی دارشكاندا پارچۆكەی داری درشت و وورد هەلدەبەزێتەوە و زۆر جاری وا هەبە پیرەژن ئەلێت (لە سەرخۆ بە حەمە هیچ نەما بوو بەو كەلە دارانە چاوی كوڕەكەم كوێر كەبت).

هەروەها بە مانای ئەوەبشەوە دێت ، وەختێ بەرد دەشكێنیت تلیشە بەرد دەبەڕێت و تروسكە لە نێوانی چەكۆش و بەردەكە هەلدەستێت ، یاخود ئاسنگەر وەردەگەڕێتە سەر ئەو ئاسنە سوور كراوەبە بە چەكۆشان دابدەگرێ وەكو تەرزە ڕووشكی سووری لێ بەرز دەبێتەوە .. چەند جوانە یەك تاقە ووشە ئەو مانایە مەزنە دەبەخشێت . ئەگەر وەكو هیمایەكیش بەكاری نەهێنی لە هێزو گەوردیی خۆی هەر ناكەوێت لە كۆتایی‌دا هیوادارم شتێكم ووتبێ و سوودێكی بە خوێندەواران گەیاند بێ.

پەراوێز

* (١) لاپەرە ٩١ قصائد مختارە بسینین وەرگیرانی حسب شێخ جعفر .

هونەرمەندی ـ پاشماوە

داهێنانی جۆرجۆنی لە بەكارهێنانی (هونەری ڕەنگ‌كردن)دا . جۆرجۆنی یەكەم هونەرمەندی ئیتالی بووە ، كە هێزی (بێ‌سنووری) ، (دەربڕینی ڕەنگ)ی بە جیهان سەلماندووە .

● مێژوو نووسی سەدەی ووریا بوونەوەی ئیتالی (ڤازاری) دەلێ :ـ ((دەتوانین بلێین كە جۆرجۆنی ، بایەخێكی ئەوتۆی بە هونەری بنیات‌دانان‌و دامەزراندنی تابلۆ : (Composition) ی نەداوە ، بەلام بەهۆی هێزی بەكارهێنانی ڕەنگەوە . بەداهێنانەوە نیگارەكانی درووست‌كردووە)) .

● بەم جۆرە هونەرمەندی مەزن جۆرجۆنی ، ڕێگایەكی تازەی بۆ درووست‌كردنی نیگار دۆزیوەتەوە ، لە ڕاستیدا هونەرمەندی ناوبراو ، بەوپەڕی دلسۆزی‌یەوە ، خزمەتی هونەری ئیتالی‌و بەتایبەتی هونەری شارەكەی خۆی ڤینیسیا : (شاری هونەرو ڕوشنبیری) ، كردووە ، بێ ئەوەی بیری خۆی بەوە خەریك بكات سەرنجی خەلك‌و لێپرسراوەكان ، بۆ خۆی ڕابكێشی .

لەو كاتەدا ڤینیسیا ، شارێكی بازرگانی‌ی دەولەمەند بووەو پەیوەندی‌یەكی بەهێزی لەگەل ڕۆژهەلات‌و ڕۆژئاوادا هەبووە . ئەم ژیانە خۆشە ، ڕەنگدانەوەی لەبەرهەمە جوانەكانی هونەرمەندانی ڤینیسی (بەتایبەتی لە كۆتایی سەدەی پازدەمین‌دا) بەرجەستە كراوە ، بۆ نموونە بەرهەمەكانی هونەرمەندانی مەزن : (جۆقانی بێلینی‌و ڤینتۆرێ) .... بەرهەمەكانی باسكراو ، پڕ بوون لە زەمینەی كامەرانی‌و گەشبینی‌و ئافرەتی پرچ زێڕینی شۆخ‌و شەنگ‌و كوتالێ بریسكەدارو كۆشك‌و بالاخانەی قەشەنگ‌و گەندوولی ڕەنگ‌زێڕین‌و دیمەنی سرووشتی دلگیرو كەم هاوتا .... بەلام ... هەموو ئەو شتانەی ناوبراو ، لە بەرهەمی هونەرمەندی مەزن ، جۆرجۆنی‌دا ، جوانترو پڕ لە ڕۆمانتیكی‌یەت تر ، بەرجەستە كراون .

● جۆرجۆنی هونەرمەند ، ژیانێكی كوورت ژیاوە .... لە ساڵی ١٤٧٧دا لە شارێكی بچووكی ناو : (كاستێلفرانكۆ) ، لەدایك‌بووەو لە ساڵی ١٥١٠دا ، كۆچی دوایی‌كردووە . كەواتە تەنیا (٣٣) ساڵ ژیاوەو لە هەڕەتی لاوێتی‌و جمووجۆڵی هونەری‌دا ، مردووە .

مێژوونووسی ژیانی هونەرمەندانی ئیتالی : (ڤازاری) ، دەلێ : « هونەرمەند ، مەبەستی : جۆرجۆنی‌یە ، لە هەژارترین خێزان هەلكەوتووەو بەرزترین ڕەوشت‌و خووی هەبووەو لە لایەن خزم‌و برادەرانەوە ، نازناوی (جۆرجۆنی ، واتە : جۆرجی مەزن)ی ، پێ‌بەخشراوە ». ئەوەی شایانی باسە ، هونەرمەند مۆسیقا ژەنێكی كەم هاوتاش بووە .

Institut kurde de paris

بیرەوەری ـ پاشماوە

کوردستانی ئێران‌و ئیمە لە شەریك‌دا شکاین لە بەینی سەقزو بوکان‌و لە کشانەوەماندا کە دونیا بەرەو تاریکی دەچوو روسەکان ئیمەیان دایە بەر تۆپ‌و گوللەو لە وولاغی شێخ محمودیان‌داو سەر سمی کرد شێخ محمود تفەنگەکەی لە دەست پەڕی بەلام وولاغەکە نەکەوت‌و شێخ بابا رەسوول کە خەلکی قەرەداغ بوو لە دوو شێخ محمود بوو دابەزی‌و تفەنگەکەی لە ئەرز هەلگرت. دەوری (٩) شەهیدمان‌داو شکایین هاتین بۆ سەقز کە لەشکەری تورکی لێ‌بو .

لە بەر ئازایی حاجی حسن لەم شەرانەدا تورکەکان نیشانە (وسام)ی ئازایەتی‌یانە پێ‌بەخشن .

جارێك تایبەتی من‌و بەرێز کاك محمدی ـصابر بەگی کەریمی فتاح بەگ چووین لای حاجی حسن کە بیستم چووە بو شاری (شعیبە) لە بصرە لەگەل شێخ محمود بەلام گوێ من بەشداری ئەم شەرەم نەبوم مامم (مجید فەقی گومەیی) بەمنی گوت تۆ لە مال بمێنە با حسینی براگچکەت لە گەلما بێتە شەری ئینگیلزەکان (لە شعیبە) بەلام لەگەل ئەمەش حاجی حسن زانیاریەکی زۆرباشی دەربارەی بەشداربوونی کورد لەم شەرەدا هەیەو ئەو زانیاری‌یە لەگەل زانیاریەکی هەندێ کەسی تر لەم بارەیەوە بلاودەکەینەوە لەگەل بەلگەنامە (وثیقە)یەکی دەستنوس کە بریتی‌یە لە نامەیەکی شێخ عمر شێخ احمدی شێخ رەسولی بەرزنجی کە لەگەل شێخ محمودو کوردەکان بووەتا (سماوە)و لەوێ گەڕایەوە چونکە فەرمانبەر بووە لە کوفری (صلاحیە) .

بیرەوەری حاجی پرە لە زانیاری‌ی مێژوویی گرنگی نەنوسراو زۆر پیرەمێردی تریش وەکو خۆی کە هیچ کەسێك بەلایانەوە ناچێ تا ئەو زانیاری‌یە نوێ‌یەو بەنرخەیان لێ‌وەرگری‌و نەهێڵێ لەگەلیان بچێتە ژێر خاك . بیرەوەری حاجی حسن دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ محمودیش زۆر گرنگە باسی کۆبونەوەیەکی شێخ محمود دەکا لەگەل کوێخاکانی عەشیرەتی شوان کە دور نیە تا ئیستا نەکەوتبێتە سەر کاغەز هەروەها لایەکی باش لە شۆڕشی ١٩١٩ روون‌دەکاتەوە ئەوەش شەرەکانی بانی مەقان‌و قەرە هنجیرەیە لە پێش شەری دەربەند چونکە خۆی لە نێویدا بووە .

مام حاجی دەڵێ کە شێخ لە شکەری خۆی کۆکردەوە لە دەربەندی بازیان لەگەل پەنجا سوارێك گەرانێکی کرد بۆ ناوچەی (شوان) منیش لەگەلی بووم ، چووین بو دێی (برایم ئاغا)و لە مالی کوێخا عەزیزی کوێخا شریفا . کوێخەکانی شوان کوکردەوەو پێ‌ی گوتن کە هندە لە ئینگلیزەکانمان لە سلێمانی گرتووەو هندەکیان هاتوونەتە چەمچەمال‌و خومان کوکردۆتەوە بو دەرکردنی‌یانە لە وولاتمان دەبێ ئێوەش بەشداری شۆڕشەکە بکەن .

شێخ چەند جارێك قسەکرد هیچ کەسێکیان قسەیەکی نەکرد شێخ گوتی بۆ قسە ناکەن گوتیان : قوربان جەوابت قورسە پێمان نادرێ با کوێخا (رشید) ولامت بداتەوە . کوێخاش پێ‌ی‌گوت : یا شێخ تۆ ئەو قورحانە تو ئەو مەرفەدی حاجی کاك احمد راستم پێ بڵێ شێخ گوت : مردووت مرێ بۆ راستت پێ‌ناڵێم .

کوێخا رەشید گوتی : یاری دەرت هەیە ؟ گوتی نا گوتی شوێنت هەیە ئەگەر لە شەردا دەرقەتی ئینگلیز نەهاتین ئەو ئینگلیزەی کە تورکی قوت‌دا ـ شوێنت هەراکەین ؟ شێخ گوتی : نا ... کوێخا گوت : من دەتوانم (٤٠٠) تفەنگدار کوبکەمەوە بەلام (٢٠٠) یان کۆن‌و رزیون هەر تفەنگێك بیست فیشەکی لەگەلایە ... ئەم شەرە بە ئیمە ناکرێ .

شێخ محمود زۆر تورە بوو و زۆر قسەی پێ‌گوتن . ئیمە گەراینەوە بو دەربەندی بازیان‌و کوێخا عەزیزیش لەگەلمان هات . هەموو روژێك فڕۆکەی ئینگلیز دەهاتە سەرمان‌و دوورو ژی پێ‌چو خەبەر هات کە هیزی ئینگلیز لە کرکوك کەوتەری بەرەو چەمچەمال‌و سلێمانی شێخ محمود و شێخ قادری برای‌و کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند لەگەل هێزیکی باشی نارد بۆ (بانی مەقان) منیش لە ناویان بووم بو ئەوەی نەهێڵن هێزی ئینگلیز بێتە پیش‌و ئیمە چووینە دێی (باش بلاغ)و هەسپەکانمان لە چنارەکانی‌دا حەشاردا لە ترسی تەیارە هێزی ئینگلیز هات لێمان‌داو گەراندمانەوە بو دووا و دو جیبی ئەوانمان شکاندو بەیانی ، رۆژی دوایی بوو بەشەری گەورە ئیمە لە دەستە راست‌و ئەوان لە دەستەچەپ‌و هەوڵمان دەدا جەبلخانەیان بگرین بەلام نەمان دەتوانی بڕژێنە ناوو ئیمە بەسواریمان شەر دەکرد لەو رۆژە فتاحی عەزە دۆینە شەهید کراو رەشیدی نادر خەسرەو زامار بوو و هەردو هەمەوەندبون .

چەند شەرێك لەو رۆژانەدا رووبدا تا هێزی ئینگلیزمان لە قەرەهنجیریش دەرکردو لەو شەرانەدا صالحی محمود پلاوخۆری هەمەوەندیش شەهیدبو .

لە قەرەهنجیر هەسپەکانی خۆمان لە ترسی تەیارە لە نیو چنارەکانی‌دا حەشاردو دو تەیارەهات ، ئیمەیان نەدیت هێزیکی (زوری) ئینگلیز هاتە پێش‌وو ئیمەیان دایە بەر تۆپ‌و لەپیش ئەو کاتە تۆپیان لەگەل نەبوو بەشەو ئیمە کشاینەوە بۆ دووا بو دێی (برایم ئاغا)و بەیانی دو تەیارە هات‌و دێیەکەیان بورمان‌کرد چوار پینج کەس مان لێ شەهید کرا لە نێو خانوویك‌دا لەوانە محمد خورشید شاسوار میکائیلی جاف‌و شێخ بابا علی کە خەلکی (سورکی) سورداش بوو پیاوێکی زەریف بوو من چوومە نێو کوژراوەکان‌و بابا علی‌م ناسی .

هەروەها (قالەی رحیم)ی اسماعیل عوزەیری‌ش کە زامار بوو لەوێ مردو ئیتر شەرنەما تا هێزی ئینگلیز گەیشتە بەردەمی دەربەندی بازیان .

شەرەکانی بانی‌مەقان‌و قەرەهنجیر چەند روژەکی خایان دوو . تا هێزێکی زۆری ئینگلیزەکان هات بەسەرکردایەتی (فریزر) ادموندز کە لەگەل ئەم هێزە بوو لە کتیبەکەی‌دا (کرد ترك عرب ل ٣٤ ـ ٣٥) باسی ئەو هێزەو ژمارەی کەرتەکانی کردوە بەلام باسی ئەو شەرانەی نەکردوە تەنیا باسی شەری دەربەندی بازیانی کردوە .

بیرەوەری‌یەکانی حاجی حسن کرژەیی زۆرەو سنگی مێژوویکی گەورەیە تەنیا ئەم بەشەی لێرەدا باس دەکەین بو ئەوەی رۆشنبیرەکانمان بزانن چەند بیرەوەری ئەم جۆرە پیرەمێردانە گرنگەو پێویستە فریایان بکەوین‌و ئەو هەموو زانیاری‌یە بەنرخە تومار بکەن‌و نەهیلین بفەوتی بە کۆچ‌کردنیان. بیرەوەری‌یە گرنگەکانی حاجی حسن کرژەیی‌و زۆر کەسی تر کە تا ئێمرو بە تومارکراوی بەدەنگیان‌و لە لای ئیمەوە گەیبووەتە (٥ر٨٩) ـ بەدرێژی بلاوی دەکەینەوە لە کتیبیکی چەند بەرگیدا لە ژێر ناوی « بیرەوەری بە سالدا چووەکان »و برای بەرێزی چیرۆك‌نووس کاك شیرزاد حسن یارمەتیم دەدا لە گوێزانەوەی شریتەکان بو سەر کاغەزو هاوبەشیم دەکا لەم کتیبەدا مامۆستا شێرزاد دەڵێ ڕاستە کەلەپوور زۆر گرنگەو زۆری لێ‌فەوتاوە چونکە ئێمە نرخی‌مان نەدەزانی‌و هەر خەرێکی شیعرو چیرۆکین‌و هەروەها بوی نوسیووم دەڵێ :

« قابیلە هەر شیعرو چیرۆکمان هەبووبی ... ئەوە (یانی شیعرو چیرۆك) نیشانەی تەمەڵی‌و مەسرەف سووکی‌یە ... ئاسانترە لە گەڕان‌و سوڕان بەدوای کەلەپووری جۆربەجۆری مللەتەکەی خومان » .

ئالان ـ پاشماوە

سەیرو سەمەرە دەکەن ، کابرایێکی بێگانەیان لێ‌پەیدا دەبێ و باسی ئەفریقیای ئەندیشاویان بۆ دەگێڕێتەوە . فیولیت پەیمانێکی لێ‌پەسەند دەکا ، بەلام پاش گەڕانێکی دوورو درێژ بەکارگەیێکی پڕ مەترسیدا ، بەکوژاروی دەیدۆزنەوە . بەلام بەشی دووەمی بۆ تونس دەمانگوێزێتەوە ، کە ئەویش فیولیت بە کابرایێکی بێگانە دەگات لەشێوەی پەیکەرتاشێك ، بەلام چەرمەسەریەکی زۆری چاوەڕوان دەبێت ، دیمەنی شەڕو دوژمنایەتێکی کوشندەی بەرچاو دەکەوێ ، کە هۆیەکەی دزینی تابلۆیەکە ، کوتایی فلیمەکە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ قاوەخانەی « عەدەن » ، وادەردەکەوێ لەمەوبەری هیچ شتێکی لێ ڕوو نەدابێ . بەپاڵپشتیی پوختەکردنی ئەم فلیمە چاپکراوەوە رۆب گرێ ساڵی ١٩٧١ فلێمیك دەردەهێنێ بە ناوی « ن ... بەردی نەرد وەردەگرێ » گەرچی لەراستیدا دەقێکی تازەی رۆمانی « عەدەنە » .

ئەمە چاوپیاخشاندێکی پەلە بوو بە بەرهەمەکانی « رۆب گرێ » دا ، گەرچیش ئەمە بێ‌گومان کەمە ، دەبێ بۆ تێگەیشتنێکی قوول لە رێبازی رۆماننووسیەتیی ئاگاداری روانگە ئەدبیەکانی بین ، لێرەشدا هەوڵدەدەین بیرو باوەڕە سەرەکیەکانی بخەینەروو لەئاستی ئەو رەخنەو لێکۆڵینەوەیەی « هنری میکسیولو » وە رۆب گرێ دەڵێ :

« رۆمانەکانم پێشوازیەکی گشتیی گەرمیان لێ‌نەکرا ، ئەمەش لەوە کەمترە سەبارەتیان بووترێت » .

لەراستیدا نەبوونی بە دەنگ هاتنەوەیێکی گەرم ، یەکەمین سەڵمینەوە بوو لەلایەن زۆربەی رەخنەگران‌و خەڵکیەوە بەرامبەر بە رۆمانەکانی رۆب گرێ ، خوێنەر بەم رۆمانانە هەست بە غەریبی‌و ناناسوودەیی دەکات ، چونکە نووسەر بەرەو جیهانێکی دەبات هەروەکو مرۆڤ لەو جیهانە دوور کەوتبێتەوە . لە لایەکی‌ترپشەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەم رۆمانانە دەبێ خوێنەر خووەکانی لنگەو قووچ کاتەوە ، چ کەسانێکی چەسپاوی تیدا نییە ، و نە رووداوەکانی چیرۆکەش بەدەم‌یەکەوە بەستراون ، تەنانەت نیشانێکی روون‌و ئاشکرای تیدا نییە ، خوێنەر نازانی لەسەر چ شتێك خۆی بگرێ و دەرحاڵ وون‌دەبێ . لەگەل ئەوەشدا رۆب گرێ دەیەوێ ئەرکی خوێنەر ئاسان کات ، هەروەها خۆیشی بە رۆماننووسێك دادەنێ‌و نەك مونەزرێکی رۆماننووسین ، تەنیا ئەوەی بەپوختەیی بەرهەمە ئەدەبیەکانی باس دەکات لەکتێبی « لەپێناوی رۆمانێکی نوێدا »دا دەردەکەوی (ئەویش بریتیە لە کۆمەڵی نووسین‌و لێکۆڵینەوە کە زۆربەی لە کاتی دەرچوونی رۆمانی « دڵ‌پیسی »دا بڵاوکراونەتەوە) .

١ ـ کوتایی رۆمانی بەلزاسی (واتا بەلزاك) :ـ

رۆب گرێ وای بۆ دەچێ رۆمانی کلاسیکی فەرەنسایی کە سەرکەوتنیکی گەورەی وەچنگ‌هێنا بە رۆمانی « دۆکلیفی کچە شازادە » لە نووسینی خاتوو دۆلافایێت ، تا گەیشتە لووتکە بە « کومێدیای مرۆڤایەتی »(١) بەلزاك . کەواتە لێرەدا ئەوە باوە رۆماننووس لەسەر بنەمایێکی بتەو خۆی رادەگرێ ، نووسەر بۆ نووسینەوەی ئاگاداری ئەوە دەکات ئەو کارەساتانەی دەیگێڕێتەوە دەبێ توانای قەومانیان هەیە ، هەروەها ریزکردنیان بە شیوەیکی مەنتقی ، و دەبێ کاریگەر بێت ، هەروەها چەند کەسانێك بخاتە سەر شانۆ کە رۆماننووس خوو رەوشت‌و هەست‌و نەستیان بەجۆرێکی قوول شی‌دەکاتەوە ، بەلام نووسەر بەوەوە ناوەستی ، بەڵکو چەند دیاردەیێکی قوول دەخاتە رۆمانەکەیەوە چ دەروونی بێت یان کۆمەڵایەتی یان میتافیزقی ، یان ئایینی .. هتد .

پێش هەموو شتێك ئەم رۆمانە پشت بەو رێکەوتنە دەبەستی کە لە نێوان خوێنەرو رۆماننووسدا لەمەوبەر هاتۆتەکایەوە ، ئەویش ئەوەبە بڕوا بە خوێنەر بهێنێ ، یان بەراستگۆیی ریالیزمی چیرۆکەکەوە خۆی نیشان‌بدات دەبێ :ـ **« بەتەواوی قەناعەت بەخوێنەر بهێنێ بەو رووداوانەی بۆی دەگێڕنەوە کە لە چەند کەسانێکی واقیعی قەوماوەو تەنیا لەسەر رۆماننووس ئەوەیە ئەو رووداوانە دەگەیەنی‌و دەگێڕێتەوە وەکو شایەتێکی بێ‌لایەن . بەو جۆرە رێکەوتنێکی تەواو لەنێوان نووسەرو خوێنەردا دروست دەبێت . نووسەر وا خۆی نیشان‌دەدات ئەوەی دەیگێڕێتەوە راستە ، و خوێنەریش ئەوەی لە بیردەچێتە هەموو شتێك دەستکرد بێت ، وا هەست دەکات لەگەل نامیلکەیێکی واقعیدا مامەلە دەکات یاخود سەرگورشتەیێکی کەسایەتی یان چیرۆکێکی زیندوو » .**

(رۆب گرێ)

بەلام ئەم رێبازە رۆماننووسینە لەدوای لووتکەوە بەلزاك نوێنەرایەتی دەکات ، هێدی هێدی لارەکە دەکات ، لە فلۆبیرەوە تا برۆستەو لە بروستەوە تا فۆکنەر ، لە فۆکنەرەوە تا دەگاتە پیکیت :ـ

« چۆن نووسینی رۆمان بەچەسپاوی‌و ووشکی دەمێنێتەوە ، گەرچی لە دەوروبەریدا هەموو شتێك بەپەلە پەرەدەسێنێ لەم سەدو پەنجا ساڵەی دوایەدا ؟ » . لووتکەی رۆماننووسی بەلزاسی کەوتە رێکەوتنێکی مێژوویەوە لەگەل سەرکەوتنی برژوادا ، بەلام جیهانی سەدەی بیستەم زۆر جیاوازە ، چونکە ناسینی خودی خۆمان‌و ئەوەی لە دەوروبەریدایە گۆڕاوەو قەناعەت چەسپاوەکانمان شتێکی ووشك وبرنیك نیە ، هەروەها رۆمانی سەدەی نۆزدەهەمیش لە توانستیدا نییە لە واقیعی هاوچەرخ بکات‌و لە ئامێزی گرێ ، بەپێ پیویست رۆمان گۆڕاو حبکەی چیرۆك‌نووسینش تلیسایەوە .

« گەیشتە ئەوەی کە گێڕانەوی چیرۆك لە شێوەی سەردی رووداوەکان کارێکی نەگونجاو بێت » .

(رۆب گرێ)

٢ ـ باری سەرنجەکانی رۆماننووسیی بەسەرچوو :

لە راستیدا زۆربەی ئەو قەناعاتانەمان ووردوخاش بوون کە سەرەبات بە رۆمانەوە پێیەوە بەسترابوین ، رۆب گرێش بە بێ بەزەیی‌انە ئەو باری سەرنجانەی رۆماننووسینی بەسەرچوو دەژمێرێ ، یەکەمیان (کەسایەتی) کە مۆڵی رۆمانی کلاسیکی بوو وە هەروەها لە بەردەوامیدا بوو بەشێوەیکی مومیا لە رۆمانی تەقلیدیدا .

بۆیە بەرهەمە ئەدەبیە تازە بالاکان جۆرە کەسانێکمان پیشان‌دەدەن بەهیچ شێوەیەك لەگەل پاڵەوانەکانی بەلزاکدا یەك ناگرنەوە هەروەکو لە رۆمانی (ئێلنجدانەوە ، نامۆ ، گەشتی کوتایی شەو)(٢) ئەم رۆمانانەش لێکۆڵینەوە نین دەربارەی خوورەوشتی مرۆڤایەتی .

« پیکیت ناو وشبوەی پاڵەوانەکەی دەگۆڕێ لە هەمان رۆماندا ، فۆکنەریش بە مەبەستەوە تاکە ناوێك بۆ دووکەس دادەنێی و . ك. لە رۆمانی « گۆشکێکی لادین »دا تەنیا پینی یەکەمی ناوەکەی دادەنێ ، کە هیچ شتێکی نییە ، نە رووخساری هەیەو نە خێزان ، دەشێ کرێکارێکی زەوی پێوانیش نەبێت » .

(رۆب گرێ)

● ماویەتی ●

هاوکاری ـ پاشماوە

بیرو تاقیکردنەوەی بیری‌ی پێتدارەوە .

★ شیعر لە نیشتمانی عەرەبدا گەیشتوەتە کوێ ؟

ـ پاش ئەوەی شاعیرە سەرمەشقەکان کە ناسراوان لە جووڵەوەی تازەی شیعری عەرەبیدا لامۆایەو وا سرنجدەدەم کە ئەوەی تازەی شاعیرانی عەرەب لە ژانێکی گەورەدان‌و هێشتا لە قۆناغی تاقیکردنەوەدان‌و کەیشتونەتە قۆناغی کۆتایی‌و پاش ئەمە لە ئاسۆدا ناوی زۆر پەیدا دەبێ کە جێ‌وپێ‌یەکی گەورەیان هەبێ لە جووڵانەوەی شیعری عەرەبیداو لام وایە ساڵانی داهاتوو شاعیری وامان پیشان دەدا کە بەهاو گرنگی‌ی گەورەیان هەبێ بەلام ئیستا پۆژی پوختەکردنی هونەری‌و بیری‌یەو ئەوەی بتوانێ بێنێتەوەو بەردەوام‌بێ و پێشکەوێ دەخرێتە سەر ئەم لایە کە وەك سرنجی دەدەم بەهۆی ئاگاداریمەوە لە شیعری تازە لەم دە ساڵەی دواییدا کە وا نەتەوەی عەرەب بە هەندێ تاقیکردنەوەی زۆر گەورەو گرنگدا تێپەڕیوەو زۆریان تاڵن‌و لەو جۆرە تاقیکردنەوانەن کە بەجۆرێ ڕووبەڕووی ئادەمیزادی عەرەبی دەبن بۆ ئەوەی یابێ یا نەبێ .

بێ‌گومانم لەوەی کە ئەم تاقیکردنەوە تاڵوتووشانە ئەوەی شیعری‌ی عەرەبی وا قاڵ دەکەن‌و وا خەیاڵو توانای پێ دەگەیەنن لە کۆتاییدا بەهۆی ئەو ئاگرەوە کە ئادەمیزادی عەرەبی پێ داخ‌کراوە خۆی دەرخاو کارێکی وا بکا هەروا بە ئاسانی تێنەپەڕێ‌و لە ئەنجامدا شتێکی کەورە لە بواری شیعردا دروست بکا باش ئەو ئازارو ستەمەی کە بینیمان .

سەرلەشاری سەیرانگای زەماوەند بدەن

* یەکێکە لە سەیرانگە دیارەکانی بەغداد دووەم لە هەڤاو بگرو دەنگە دەنگ‌ووڕەی ئۆتۆمبێل .. ئەم شارە سەیرانگایە کاتی پشوو جەژن‌و بۆنە .. باوەشتان بۆ ئەکاتەوە کە کات لە هەموو لایەکی رەنگینیا بەسەربەرن .
* باخ‌ەکانی بە گەل جۆرگول رازاوەتەوە کە دل ئەگەشێتنەوەو دلنیایی‌و خۆشەویستی‌و ئەندیشە ئەبەخشن .
* گوندێکی لادێیەو ئەتبات بۆلای هۆڕەکانی باشوورو بۆلای بەلەم‌و ماسی‌برژاو .
* چێشتخانەو گازینۆی تیایە کە بەسەر روباری دجلەدا ئەروانن .. شەوان ئاهەنگی هونەری خێزانی ئەگێڕن کە بە دڵی هەموانە .
* شوێنی مەلەوانی‌ی ژن‌و پیاوی تیدایە کە رەنگدەرەوەی مانگ‌و ئاوازی مۆسیقان .
* یارێکەی منداڵە خۆشەویستەکانیشی لێ‌یە .
* خانوو کابینەی تیایە کە کەپڕ رایەخ کراوەو تەلەفزیۆن‌و فیدۆشیان تیدایە .
* تەنیا جارێك سەر لەم شارە سەیرانگایە بدەن ئیتر دەستی لێ‌هەڵناگرن‌و هەموو کاتێ رووی تێ‌ئەکەن .

Institut kurde de Paris

له شاری شاعیران .... شاری هەنەبجەی لە نامێزگیراو بەچیای شنرۆیوگردەکانی چاوگەی باوەکۆچەکۆو دەوروپشتی‌عەنەبو بیاوێنە ....، ژمارەیەک لە لاوەگۆشکراوەکانی ئەو ناوچەیە دەست لە ملانو دلداری‌جیهانی ئەدەبی کوردین ...

بۆ بەسەرکردنەوەیان‌هەندێکیان بەنمونە دەهێنینەوە ... لەوانە کاک‌مەریوان ابوبکر سعید کە لەو شارە خنجیلانە بۆ یەکەم جارسالی ١٩٦٣ بەهاری ژیانی نۆشیوەو سەرەتای نوسینی‌دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٩٧٩ ،ئەمەش لە چیرۆکەوە بوە ،بەلام لە بواری شیعردا زیاتر هەستی بەخۆی کردوەوئێستاش لە ناخیا بەردەوامەو بەرهەمەکانی‌هەروەکو تەمەنی لاوێتی ناسکەو لەگەل بارودۆخی‌ژیانیدا وردە وردە دەخزێنە دوو توێی یەکترەوەو لەم‌روەشەوە دەڵێ ئەوەشدە دەزانم کە شیعر هێندەئالۆز نیە کە لە مرۆڤێکی خاوەن ویژدان یاخی بێتوئەوەندەش ساکارنیە زەمین بۆ هەموو پێنۆسی تەخت‌بکاتو ئەو بەرهەمەشی دەنوسرێ بۆ ئەو خەلکەیە کەلە ئەنجامی خوێندنەوەیدا بەپێی بۆچونو لێکدانەوەی‌خۆی چێژو سودی لێوەردەگرێ یان‌بەپێچەوانەوە .

کۆنترۆلی ژمارەیەک لە شاعیرە لاوەکانمان

ئەمەش نمونەیەک لە بەرهەمێکی :

نازیزەکەم .
دەیان جار تۆ پێتوتم .
تۆ دەریایتو
منیش ماسی
لەگەل هەموو شەپۆلیکا
نیگای سووری خۆشەویستیم
هەلدەرێژمە کەناری نەرمی خەمتەوە .

هەروەها کاک رزگارحسن علی کە لە سالی ١٩٦٧ هەر لەوێ چاوی بۆژیان کردوەتەوە ئێستاش قوتابی پۆلی چوارەمی گشتی‌یە وتی لە سالی ١٩٨٢ بەدوای زمانی شیعرم‌بۆاوەو جوانی سروشتی شارەکەمان بۆتە هەوێنی‌شیعرەکانمو ئەو بابەتانەش شیعریان بۆ دەنوسم کۆمەلایەتی‌و دلداری‌و جوانی سروشتو هەلس‌وکەوتی‌رۆژانەی خەلکی رەش‌وروت زیاتر دەمبزوێنێو لە یارچەشیعرێکیا دەڵێ :

ئاوارەی خاکی وەتەنمو
سەودای خاکم لە سەرمایە
دل غەمبارە وەتەن بێتۆ
زەخمی دوریم
لە تۆی ئازیز
هەو دەکەنو دێنەوە سۆ.

دواجار کاک کەمال‌کۆلنەدەر کە لە سالی ١٩٦٣ لە خێزانێکی هەژار باوەشی‌بۆ ژیان کردوەتەوە ، گەڕاندینینەوە قۆناغی قوتابخانەی سەرەتایی کە ئەو کاتە لە بگرەو بەردەی‌جیهانە فراوانەکەی ئەدەب وبستویەتی کەروێشکە مەلەبکاتو هەر جارەی بە قۆستنەوەی کتێبێکی کوردی خۆی دەرباز بکات هەتا بۆ یەکەم جار لە سالی١٩٧٩دا لە رۆژنامەی هاوکاری‌دا پارچە شیعرێکی‌بەناوی (کوردستان)ەوە بلاوکردوەتەوەو لە شیعرێکی‌کەیدا دەڵێ :

نەخشەی جیهان هەرچۆنێک بو
نەخشەیان کێشت
بەهەر پینەو پەرۆیەک بو
تەواوکراو بەجزیان هێشت .

فریا

« خانزادێکی تر »
بۆ تەلەفزیۆنی
تەئمیم

پەیامنێری هاوکاری زانیویەتی کە لەم رۆژانەدا تەلەفزیونی تەئمیم خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ تۆمارکردنی شانۆگەری «خانزادێکی تر» کە هونەرمەند طلعت سامان نووسیویەتی‌و دەری‌هێناوەو لە لایەن کۆمەلەی هونەرە جوانەکانی کوردەوە - لقی هەولێر لە ئیستیڤالی شانۆدا لە هەولێر پێشکەش‌کرا ، لەگەل شانۆکەری (فایلی ٦٧) .

هەروەها پەیامنێرمان زانیویەتی کە بربار دراوە شەش گۆرانیش بۆ تیپی مۆسیقای کۆمەلەی ناوبراو تۆمار بکرێ .

لقی هەولێر

بیرینکی ڕاگوزاری

● قسە کوردەواریەکە دەڵێ [بەهوی گولە بەنمێکەوە سەد درك ئاو ئەخواتەوە !!] ... هاورێیەکم هەبوو - یادی بەخێر- زۆر سەیر بەم پەند راهاتبوو .. باخچەیەکی بچوکیان هەبوو ... دوو کولە باخی تیابوو ... ئینر ئەرزی باخچەکە هەمووی درکو دال بوو .. ئەمان وت تۆزێ لەشت سووکەو لەماوەیەکی کەمدا ئەتوانی باخچەکەت لەو درکو دالە پاك بکەیتەوە .. خێرا پەنای ئەبردە بەر «رەسانایەتی»و ئەم پەندەی ئەدا بەکوێماندا لینجا ئەبووت سوودی نیە. ئەمرۆش پاکی بکەمەوە .. کە سبەینێ ئاوی گولەکانم‌دا .. سەر دەرئەکەنەوە !! لەجارێ زیاتر پەیکولی ئەو باخە هەر لەقاچی خۆی چەقی کەچی وازی لە «بێ بایەخی» خۆی نەهێنا بە پشت بەستن بە «رەسانایەتی» ... پەندی پێشینان .. هاورێیەکی ترم هەبوو ، مانای «رەسانایەتی» و «پەندی پێشینانی» وەك هەموو مانایەکی تری خۆشەویستی سەیر ئەکرد.. بەلام بێزار نەئەبوو هەموو ماوەیەك جاری ... جاخچەکەی لەدرکو دال پاك بکاتەوەو بە ئاودان هەر گولەکانی بگەشێنەوە ..

- بەدرە -

هەولێر

رۆژنامەنووسانی کوردستان دەچنەمیسر

● لەم رۆژانەدا وەفدێکی رۆژنامەنووسانی ناوچەی کوردستان سەر لە کۆماری عەرەبی میسر دەدەن ، بۆ بەسەرکردنەوەی کاروبارو چالاکی رۆژنامەنووسی‌و رۆشنبیری لەو ولاتەو ،ئاگاداربوونی تاقی‌کردنەوەی رۆژنامەنووسی لە میسرو. روونکردنەوەی باری رۆشنبیری‌و رۆژنامەنووسی کوردی لە عیراقی شۆڕشداو لە سایەی سەرکردایەتی سەرەکی فەرماندە صدام حسین‌و ئەندامانی وەفدەکە لەم برایانە پێك‌هاتوە : سعید یحیی خطاط ، عبدالوهاب تالەبانی ، حسین عارف ،فریا جاف ،هوشیار سید احمد ، حسین مصطفی لطیف بەرزنجی‌و . ئەوی شایانی باسیش بێ وەفدەکە بە سەرۆکایەتی کاك حسین سامرائی ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی نەقابەی رۆژنامەنووسانی عیراق دەبێ .

جیهانی سینەما

مۆنتان
لە
سینەماوە
بۆ
گۆرانی :

ئەکتەرەسینەمایی فەرەنسایی ناسراو ئیف مۆنتانی تەمەن ٦٣ ساڵە وازی لە ئەکتەری هیناوەو رووی کردە دنیای گۆرانی‌و مۆسیقاو ئیستا لە باخچەکانی مونتکارلۆدا ئاهەنگی شەوانە دەگێرێ .

ئەم هونەرمەندە ، ماوەیەك وازی لە مەسەلەی گۆرانی‌و مۆسیقا هینا بوو ، هەر خەریکی سینەما بوو بەلام دواشت بریاری دا واز لە یەکەم بێنێو هەر لەگەل دنیای گۆرانیدا بمێنتەوە .

● **شێتخانە .**

راکردن لە نەخۆشخانەی شێتان فلیمێکی عەرەبی نوێیە محمد راضی دەری هێناوەو فرید شوقی‌و ماجدە خطیب‌و کمال شناوی دەوری تیا ئەبینن .

ئەم فلیمە ئەکتەر ماجدە خطیب بەرهەمی دەهێنێو براکەی سیناریوی بۆ داناوەو لەم کارەدا نورشریف‌و عادل ادهم وەك میوان بەشداری دەکەن .

جیهانی رەنگاورەنگ

● **داهاتی‌نوێ**

کومپانیایەکی بێگانە جۆرە تەلەفونێکی دروستکردوە کە لەلایەن گەورەو بچوکەوە پەسەندە ، تەلەفۆنەکە بریتی‌یە لە قوتویەکی بێشتی رەنگاو رەنگ‌و لەگەل تەلەفۆن کردندا پارچەیەك بێشتی شیرین دێتە دەست .. ئەم جهازە لەلایەن خەلکەوە بۆ جوانی‌و بۆ بەکارهێنان رەواجی هەیە.

● **فلچەی نوێ بۆ پاککردنەوەی دان**

کومپانیایەکی تر جۆرە فلچەیەکی نوێی بۆ پاککردنەوەی دان دروستکردوە کە لایەنە پزیشکیەکان زۆر پەسەندیان کردوە ، فلچەکە لەموی پلاستیکی بەشێوەی بازنە دروستکراوە کە توانای پاککردنەوەی زیاتری هەیە .



● **دیاردەیەکی تری روخانی کۆمەلی رۆژئاوا**

یەکێ لەو دیاردانەی کە بەلگەی ئالۆزی‌و بەرەوروخان بردنی شیرازەی کۆمەلایەتی

مرۆڤ ئەبات لە رۆژئاوا روو کردنە بەرگ درووی تایبەتە بۆ سەگ‌و پشیلەو بەنرخێکی خەیالی . وەنەبێ جلی ئاسایش بەلکو مۆدەو بەپێی کات ، جلی تایبەت بۆ بەیانیان‌و تایبەت بە نیوەروان و تایبەت بە ئاهەنگ !!

نەك هەر ئەمە بەلکو لە رۆژئاوا ئارایشتی تایبەت بۆ سەگ‌و پشیلە داهاتووە .. جا خوێنەری بەرێز خۆت سەربشك بە ..

هەرچارەی نووسینێك

کێ قەڵای دەمدەمی روخاند ؟

ئەو بینەرەی شارەزایی لەڕووە مێژوویی‌یەکەی -قەلای‌دمدم- نەبووبێ‌وشاکارە مەزنەکەی (عەرەب شەمۆ)ی نەخوێندبێتەوە ، لەکتوپڕیەك شانۆگەریەکەی هونەرمەند -سعدون یونس-ببینێ ، کە لە هۆلەکەدا دێتە دەرەوە تووشی‌ساردبوونەوەیەك دێ ، دوو دلیەکی زۆر دەیگرێ ،لەوانەیەلە خۆی بپرسێ :

حیدر عبدالرحمن

ئەرێ ئەوە ئەو قەلای دمدمە بوو هەموو دەفو دۆلەیان بۆ لێ دەدا ؟! یا جارێکی دیکەش بە تابلۆی پرۆپاگەندەکان‌دا بچیتەوە بۆئەوەی جارێکی تریش خۆی دلنیا بکا کە ئەو شانۆگەریەی ئەو بینی ، بەلێ قەلای دمدم بوو !

ئەو بینەرە بەستەزمانە هەقیەتی ئەگەر گومان پەیدا بکات ، چونکە شانۆگەری -قەلای‌دمدم- تەنیا ناوی پالەوانەکانی لە دمدم- دەچێ ،ئەگینا شانۆگەریەکی سەربەخۆیەو دەبوا ناوێکی تریشی لێندرابوایە .

هەموو ئەو بەهاو بایەخەی لە -دمدم-دا هەیە لە ڕووە مێژوویی‌یەکەیەتی ، لە ڕوخانی قەلاو ئەو قوربانی دانەی کە کوردەکان دەیدەن لە رووی تەوژمی دڕندانەی -شاعەباس-ی فارسی چاوچنۆك لە خاکی کوردان‌و ئینسانی کورد ، هەروەها بەرگری‌کردنی کوردەکان تا ئەو کاتەی کە دوژمن پێدەنێتە ناو قەلا ، بێجگە لە جەستەی بێگیان بەو لاوە پیاو بەزیندوویی بەچاو نابینێ ..

دەرهێنەر نە کەم ، نە زۆر ، ئەوەی بۆنی مێژووی لێبێ ، خۆی لێنزیك نەکردۆتەوە ، وەکو ترسێکی هەبێ بەرامبەر بەو مێژووە، پەردەی بەسەر ڕوخانی قەلاو ئەو کوشتارو تالانو بڕینەی بەسەر کوردەکانیان هێناوە داداوە .

خانۆ بەخۆی‌و قەلاکەی ، شاعەباس‌و لەشکرەکەی لە دەقی خۆی‌دا بەجێدێلێ (تەنیا -سیف‌الدین-ی کوڕی خانۆی لەپزێرین نەبێ بەستەزمانەی لەو ناوە لە داستانی قەلای‌دمدم‌دا شەهید دەبێ) دەنا هیچ خۆبەختکردنێکی تر نی‌یە لە قەلادا ، هیچ ڕووداوێکی تر نی‌یە بێجگە لە شەڕە -حیوار -نەبێ ، هەموو کارەساتەکانی تریش شاردراونەتەوە ، بەلام بۆ دەبێ بەردە بەسەر کارەساتی ڕوخانی قەلاو بەرگری‌کردنی قەلا دابدەین؟! بۆ ئەو ڕوخانە نەبێتە تاقی‌کردنەوەیەکی مێژوویی کوردەکان‌و هۆو ئەنجامەکانی ئەو ڕوخانە پیشانی نەوەی ئەمڕۆ نەدرێتەوە ؟ ئایا ئەمە لادان نی‌یە لە مێژوو ؟

ئەگەر مێژوو کەرەستەیەك بوایە بەهاوهەوەسی خۆمان بمان‌کردایە هەویرو بەو شێوەیە دامان‌ڕشتایە کە دەمانەوێ ، هەر لە قەلای‌دمدم- خۆی‌دا ، وامان دەکرد خانۆی لەپزێرین -شاعەباس- بە پەت‌کراوی ڕاکێشێتە قەلاو مل‌کەچی کات ، وابزانم ئەگەر بەجوانی بوایە ئەو کاتە چی لەو دیمەنە جوانتر نەدەبوو ..

ڕاستە ئەرکی شانۆ نی‌یە مێژوو دەقاودەق بگوازێتەوە ،بەلام شانۆ بۆی نی‌یە سەرەونخوونی کا !

ئێستا بەهەر شێوەیەك قەلای دمدم نیشان‌بدەین ، درۆ لەگەل خۆمان‌دا بکەین‌و ڕوخانی قەلا بشارینەوە ، بەلام ئەی مێژوو !؟

بۆیە کاری مێژوویی ئەوەندە ئەرکێکی سەخت‌و گرانە ، هەموو کەس لە خۆی ڕانابینێ خۆی لە قەراغ بدات ، تەنانەت ئەگەر ئەو کارە کارێکی نەتەوایەتی گەورەی وەکو قەلای‌دمدم بێو بۆ شانۆش بێ ، ئەوە پێداویستی بە خۆئامادەکردنێکی تەواو هەیە ،ئەگەر مەسەلەکەش - خۆت‌و بەختت‌بێ‌و دەرهێنەر بیەوێ زۆرە ملی لەگەل شتێك‌دا بکات کە لە توانای خۆی بەدەربێ . ئەوە وەکو ڕوخانی قەلای‌دمدمی لێدێ بە دەستی -دەرهێنەر

ئێمەی کورد زۆر بەتاسەی ئەوەین ، ڕۆژێك بێت‌و شانۆی کوردیمان گاگۆلە بکات ، چاومان لەوەیە کە ئەمسال نا ساڵێکی تر ، ئەم کارە نا کارێکی‌تر ، کەمێك لەو ئاواتەمان ببێتەدی‌و شوێن پێی هەنگاوەکانی بەدی‌بکەین ، بەلام بەداخەوە دەڵێم هەندێ کاری سەربێی وا هەن بە زۆرەملی وامان لێدەکەن . بە ڕەش‌بینی بڕوانینە ئەمڕۆی شانۆی کوردی‌مان .

جیهانی منالان

چیرۆك بۆ منالان

دیاری ناو هەمانەکە

نیاز مستەفا

لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی

ڕۆژێکیان ڕاوچییەك خۆی‌و سەگەکەی دوای گورگێك کە وتن‌و تەنگیان پێهەڵچنی ، ئەویش پەنای بردەبەر جووتیارێك‌و لێی پارایەوە بیپارێزێ ، جووتیارەکە هەمانەیەکی کەورەی پێبوو گورگەی تێخست‌و دەمەکەی گرێدا، ڕاوچی‌و سەگەکەی زۆری بەدوادا گەڕان بێسوود بوو. کاتێ سەگ وەڕنەماو گورگە ترسی ڕەویەوە داوای لە جوتیارەکە کرد ئیتر بەرەڵلای کات ئەویش بیاوێکی ساوبلکەی دڵساف بوو دەمی هەمانەکەی کردەوەو گورگەی لێدەرپەڕی ئەمجا مام‌گورگ بە جووتیارەکەی ووت : خانۆ چی بێ لە تۆ نهێنی بێ من برسیمەو ئەمەوێ بتخۆم جوتیارە هەژارەکە ووتی : لە بری چاکە ، من لە مەرگ ڕزگارم کردووی ئیستا ئەتەوێ بم‌خۆی ، ئەمە چ ڕەوای حەقە ؟

ئەو زۆری ووتو گورگە کەمی بیست ، لە ئەنجامە لەسەر ئەوە پێکەهاتن مام ڕێوی بکەن بەسەر بشك بزانن ئەو چی ئەڵێ ڕێوی کاتێ گوێی لەبەسەرهاتەکە گرت ووتی :

- من بڕوام بەوە نییە کە مام گورگ لەو هەمانەیەدا جێی بووبێتەوە .

گورگ ووتی : بڕوا بکە لەناویا بووم .

- چۆن ؟

گورگ بە ئاسانی چوەوە ناو هەمانەکە تا پیشانی ڕێوی بدات چۆن لەوێدا خۆی حەشار داوە ،

ئەمجا مام ڕێوی بەچاو لە جوتیارەکەی گەیاند کە زارکی هەمانەکە بەبەستێ ، بەو شێوەیە گورگە بەیدەست کرا ، ئەمجا مام جووتیار بەتێکی بە هەمانەکەوە بەستو بەدوای خۆیا ڕای‌کێشا بۆ ئاوایی . منالانی ناو دێ کە زانیبان گورگەی چاوچنۆك لەناو هەمانەکەدایە کەوتنە بیرازکردنی ، شل‌کووتی عەمریان کرد ئەوەندەیان لێدا

جووتیارەکە ئەوەشی لە بیرنەچوو فرووجێکی باشی سەر بڕی‌و بە بڕژاوی پێشکەشی بەمام ڕێوی کرد بەرامبەر بەو چاکەیەی لە گەڵیا کردبووی .

شیعر بۆ منالان

کرێکارم

■ دایکی سۆلاف ■

من ڕۆلەی کرێکارم
هاوڕێی ڕەنج‌و جوتیارم
بە مەچەك‌و پەنجەکان
بە باوەڕو هێزی شان
بە بازو بە نامێرم
کار ئەکەم‌و دلێرم
بە باوەڕی پۆلایین
هەول ئەدەین بۆ ڕێی ژین
لە لادێ بم یان لە شار
پیروزن خوێندن‌و کار
من ڕۆلەی کرێکارم
هاوڕێی ڕەنج‌و جوتیارم

هاوکاری

دەزگای
رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی
کوردی

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی

تەلەفۆن
٨٨٧٥٧٩٥
٥ خەت

Institut Kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی نەنجومەنی کارگێڕی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

لەم ژمارەیەدا
- نەدەب و رۆشنبیری ئەم ژمارەیە لە ل ٥ و ٦ دایە .
- شانۆی کوردی ، هاملت لە سلێمانی ل ٨

● پێنج شەممە ١٩٨٤/٥/٣١ ژمارە ٧٤٠ ● ٨ لاپەڕە به ٥٠ فلسه ● الخميس ١٩٨٤/٥/٣١ العدد ٧٤٠ ●

سەرەکی فەرمانده : بەشی هاوولاتیان لە بەرهەمی دەوڵەتدا بە پێی ڕەنجیانە

بەڕێز سەرەك صدام حسین لەدوا کۆبوونەوەی کۆنگرەی پارێزەراندا ئامادە دەبێت

پێشکەوتنێکی زۆر لە هەڵسوکەوتی ئەندامانی دەوڵەت و حزب

بەڕێز سەرەکی فەرماندەصدام حسین پێرێ ئێوارەلە دوا کۆبوونەوەی سێیەم کونگرەی ساڵانەی پارێزەراکاندا ئامادە بوو .

بەڕێز سەرەکی فەرماندەباری سەرنج و ئامۆژگاری و راسپاردەی خۆی سەبارەت بە سەرجەمی ئیشوکاری پارێزەرەکان لە راپەراندنی پرۆژە خزمەتگوزاری و بەرهەمداراکاندا راگەیاند .

بەڕێزی دووپاتی کردەوەکە هەموو هاوولاتیەك بەشی لە بەرهەمی دەوڵەتدا هەیەو ئەم بەشەی بەستراوە بە جۆری ئەو رەنجەوە ئەیدات و بە تواناو جۆری قوربانیدانیەو پلەی گرنگی و قوڵی میژوو لە هەڵس و کەوتیا .

بەڕێز سەرەکی فەرماندەشادمانی خۆی دەربری بەرامبەر دیاردەی ئامادەبوونی پیاوانی دەوڵەت لە شوێنەکانی ئیش کردندا بۆبە دواداچوونی راپەراندنی پرۆژەکان .

بەڕێزی وتی : ئەم پێشکەوتنە گەورەیە لە ڕێگای هەڵس و کەوتی پیاوداله دەوڵەت و لە حزبدا بە گۆرانیکی قوڵیدا دەنێم چونکە وای لێ هاتووە کە خەمی پیاوی دەوڵەت لە بنەرەتدا ئەوە بێت چۆن خزمەتی گەل بکات و چۆن بینا بکات و چۆن بەرگری لە بیناکاری بکات ، هەموومان سوپاسی ئەکەین .

دەست وەشاندن تۆند لە بنکە و مۆلگاکانی دوژمن

سوپای عیراقی مەرد بەردەوامە لە بەرەنگاربوونەوەی ئازایانەی هەموو جموجوڵێکی دوژمنی داخ لە دڵ و دەستی مەردانە لە ئاسمان و زەوی و دەریا لە بنکەو هێزەکانی دوژمن دەوشێنێ و زیانی زیاتری پێدەگەیەنێت .

لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا هێزی دەریایی ئازامان و بە هاوکاری لەگەڵ هەڵوەلیرەکانی هێزی ئاسمانیدا دوو دەستی توندیان لە دوژمن وەشاند لە کەنداوی عەرەبی ، یەکەمجار رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو دوو نیشانەی گەورەی دەریاییان لە رۆژهەڵاتی خەرج پێکاو هەر بە دوایدا رۆژی هەینی لە خۆر موسا هەشت نیشانەی تری دەریان پێکاو ئابلوقەدانی دوژمن لە دەریایەوە پتەوتر کراو ئەم هاتنە دەستە مەردانەیەمان نەوت بارکردنی لە دوورگەی خەرج وەستاند .

لە کەرتەکانی تری بەرەی جەنگ هەر لە باکوورەوە تا باشوور هێزە دلێرەکانمان بەردەوامن لە پاراستنی مەردانەی سنووری رۆژهەڵات بە رووی چاوچنۆکی و جموجوڵی گومان لێکراوی دوژمن و هەموو رۆژی زیانی زۆرتری پێدەگەیەنن .

لەم هەفتەیەدا بەپێی بەیاننامەکانی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانمان ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی دوژمن کوژراون و بریندارکراون و لە کەرتی باکوور ژمارەیەك لە سەربازەکانی دوژمن دەردەستکراون ، سەرەرای زیانی گەورە لە ئالاتی شەڕی دوژمن دراوەو لە کەرتی رۆژهەڵاتی بەسرەو دیجلەو میسانیشدا دەستی ئازایانە لە بنکەو مۆلگاکانی دوژمن وەشێنراوە .

هێزی ئاسمانیمان پاپۆرێکی ئێرانی دەپێکێت

تاران : هەندێ سەرچاوەی ئاگادار بە ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسایان گەیاند لە تاراندا کە وا یەکێ لەو دوو نیشانە دەریاییانەی کە فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی عیراق رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو پێکایان پاپۆرێکی باربەری ئێرانی بوو .

ئاژانسەکە بەدەم ئەم سەرچاوانەوە وتی پاپۆرەکە لە نزیك دوورگەی خەرجدا لێی درا

هەردوو ووتە گرنگەکەی بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین

لەلاپەرەکانی دوو و سێدا لەم ژمارەیە هەردوو ووتە گرنگەکەی بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین لەکاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بە دەستەیەك جەنگاوەر لە ١٩٨٤/٥/٢٣دا و لەکاتی ئامادەبوونی بەڕێزیدا لە کۆبوونەوەی کونگرەی قوتری و کادیری پێشکەوتووی حزبدا لە ١٩٨٤/٥/٢٤دا بخوێنەرەوە .

خامنەئی هەڕەشە دەکاو خومەینی داوای پۆشینی ناکۆکیەکانیان دەکات

تاران : سەرەکی ڕژێمی ئێران ، علي خامنەئی ، هێرشێکی بردەسەر وڵاتانی کەنداوی عەرەبو هەڕەشەی ئەوەی لێکردن کە دەستدرێژی بکاتە سەریان .

خامنەئی لەو وتارەیدا کە لەبەردەم پارلەمانی ئێرانیدا خوێندیەوە وتی ئەگەر وڵاتانی کەنداو هەڵوێستی دوژمنانەیان هەبێ خراپیان بەسەر دێ .

لە لایەکی تریشەوە خومەینی دانی بەوەدا نا کە باری ناخۆشی ئابووری و سوپایی ڕژێمەکەی لە زیادبوونایەو لەو وتارەیدا کە کوڕەکەی لە جیاتیدا لە پارلەماندا خوێندیەوە وتی ئەو گیروگرفتانەی کە ئێران تووشیان بوە لە توانای بەدەرەو پشت دەشکێنن .

خومەینی وەك چوارساڵ لەمەوبەر بەخۆرایی بەڵێنی ئەوەی دا کە حکوومەتەکەی کۆشش بکا بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکان یەك لەدوای یەك بەڵام وتیشی ئەو گیروگرفتو کەم و کووڕیانەی لە ئێراندا هەن ئیستا چارە ناکرێن .

خومەینی ئەوەیشی دەرخست کە دەترسێ لەوەی ناکۆکی ناوەوە ببێتە هۆی ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران و داوای لە ئەندامانی پارلەمان کرد ناکۆکیەکانیان لە گەلەنی ئێران بشارنەوەو خۆی گێل کرد لە دەسنیشانکردنی ئەو هۆیانەی کە لە پشت باری تێکچووی ئابووری و سیاسی ئێرانەوەن و کە دەگەڕێنەوە بۆ سووربوونی لەسەر بەردەوامبوونی شەڕ دژی عیراق و ماندووکردنی گەلانی ئێران بە شێوەیەکی بەردەوام بە گیروگرفتەوە بێ ئەوەی داوای هیچ چارەیەك نەکات .

هەروەها خومەینی جارێکی تر هێرشی بردەوە سەر کۆمەڵگای دەزگاکانی جیهان چونکە دژی ڕژێمەکەی وەستاون لەبەر کردەوە تاوانکاریەکانی لەناو ئێران و بەرامبەر دەوڵەتەکانی ناوچەی جیهاندا . ئەنجا خومەینی وتی هیچ هۆیەکی ڕاگەیاندن و قورگێك نیە لە جیهاندا دژی ڕژێمەکەی نەبێ .

٤٠٠ ساروخی ستینجری ئەمەریکایی بۆ سعودیە

رۆژنامەی نیویورك تایمز وتویەتی کە ئەمەریکا ژمارەی ئەو ساروخە فرۆکەشکێنانەی زیاد کردوە کە دەیدات بە سعودیە .

رۆژنامەکە ئەڵی ئەمەریکا ٤٠٠ ساروخی ستینجرو ٢٠٠ بنکەی تەقاندنی ئەو ساروخانە بە نرخی ٤٠ ملیون دۆلار ئەدات بە سعودیەو ٢٠ تا ٣٠ شارەزایی عەسکەری دەنێردرێن بۆ سعودیە تا مەشق بە عەسکەریەکانی ئەوێ بکەن لەسەر بەکارهێنانی ئەو ساروخانە .

بەرەو یادی خۆماڵیکردنی نەوت :

عیراق لەمێژەوە سەرکەوتووە

سبەینی ، ای حوزەیران ، گەلی عیراقی مەزن کە بەرابەری سەرکردەو رۆڵەی خۆی صدام حسین رەوتی سەرفرازی لە سەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنێکی تر ڕێگا دەبڕێت ، یادیکی پیرۆزی خەباتی بێ وچانی دەکاتەوە کە تیایدا گەورەترین بزاری شۆڕشگێرانەی سەرکردایەتی درا ئەویش بزاری خۆماڵیکردنی سامانی نەوتی وڵات بوو .

بزاری خۆماڵیکردنی نەوت هەنگاوی بەتەواوی سەربەخۆبوونی عیراق بوو ، چونکە بەو بزارە دوایی بە دوا دیاردەی دەستەڵاتی بێگانە لەم وڵاتە هات و عیراق و گەلی عیراق بوون بە خاوەنی خۆیان .

بزارێکی وا شۆڕشگێرانە لەو سەردەمە مێژوویەی زەوتی شۆڕشی پیارەت دەبوو ئاسان نەبوو ، هەر لە سەرکردەیەکی لێهاتووی وەك سەرەك صدام حسین دەوەشایەوە کە بە پشتیوانی گەل بزارەکەی بەرەو سەرکەوتن بردو لەدوای ساڵێك هەموو کومپانیا بێگانەکان ملکەچی بزارەکە بوون و عیراق سەرکەوت و رەوتی سەرکەوتنی لەو رۆژەوە هەر بەردەوامە .

ئەمڕۆ کە گەلەکەمان یادی ئەو رۆژە پیرۆزە دەکاتەوە ، لە بیری ناچێت هەر وەك سەرکردەمان صدام حسین هەموو جار دووپاتی دەکاتەوە هێزە ناحەزو داخ لە دڵەکان بۆیە گەلەکۆمەکی لە عیراق دەکەن ، چونکە عیراق سەرکەوتووە ، ئەوان گەلەکۆمەکیان لە عیراق نەدەکرد ئەگەر بێ هێزو زەلیل بووایە ، ئەو شەڕە چەپەلەی خومەینیو دارو دەستەکەی ئەمە چوار ساڵە بەسەریاندا سەپاندوین ئەلقەیەکە لەو گەلەکۆمەکیە بە نیازی پەك خستنی رەوتی سەرکەوتووی عیراق بەڵام عیراق خۆیان و خەونو نەخشەو پیلانەکانیان یەك بە دوای یەکدا تێکدەشکێنێ و هەر بەرەو سەرکەوتن دەروات .

لە یادی بزاری مێژووی خۆماڵیکردنی نەوتدا سڵاو لە سەرکردەی دروستکەری بزارەکەو سڵاو لە گەلی عیراقی هەمیشە سەرکەوتوو خوراگرتوی پاڵەوان .

■ هاوکاری ■

بەرهەمی نەوتی ئێران کەم بۆتەوەو نەوتبەرەکان ناوێرن ڕووبکەنە بەندەرەکانی ئێران

رۆژنامەو ئاژانسەجیهانیەکان دانیان بەوەدا ناوە کە فراوان بوونی چالاکیچەکی ئاسمانی عیراق لە لێدانی پاپۆرە نەوتبەرەکان لە دوورگەی خەرج و بەندەری بوشهری ئێرانی هۆی سەرەکی کەم بوونەوەی بەرهەمی نەوتی ئێرانە .

رۆژنامەی «لویدز لیست» رای گەیاند کە لەم دواییەدا ئێران نەیتوانیوە نەوتی خاوی لەبەندەرەکانی خەلیجی عەرەبی بنێرێتە دەرەوەو ئابلوقەی عیراق لەسەر ناوچەی دوورگەی خەرج بە هێزو چەسپاوە .

ئەمەو لەلایەکی ترەوە زۆر کۆمپانیای دەریایی پاپۆرەکانیان ئاگادار کردۆتەوە کە ئیتر بەرەو دوورگەی خەرج نەچن و نزیکی ئەو ناوچەیە نەکەونەوە عیراق بە ناوچەی عەسکەری داناوە .

هەواڵەکان ئەم هەفتەیە وایان گەیاند کە ئەوروپای ڕۆژئاواو ژاپۆن دوای گفتوگوی نهینی بریاریان داوە پەیوەندیان لەگەڵ بەندەرەکانی ئێران ببرن لە ئەنجامی زیاد بوونی دەست وەشاندنی چەکی ئاسمانی عیراق .

شیسۆن :

ئێران تاوانێکی گەورە دەکات بەلێدانی پاپۆڕ لە ئاوی کوەیت و سعودیە

پاریس : وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کلۆد شیسون وتی ئێران خەتایەکی گەورە دەکا کە لەو کەشتیانە دەدا کە لە ئاوەکانی کوەیت و سعوودیەدان .

شیسۆن وتی بەڵێ ڕاستە عیراق لە سەرەتای شەڕەوە تا ئیستا لە زۆر کەشتی داوە لە بەندەرەکانی ئێراندا بەڵام لەو شوێنانە لێیان دەدا کە بەناوچەی شەڕ ژمێردراون و ناوچەیەکی بەکەڵکنەبوون بۆ دەریاوانی جیهان .

شیسۆن وتی هێشتا گەرم کردنەکەی ئەم دواییەی شەڕ کارێکی وای نەکردوەتە سەر بازاڕی نەوت لە جیهاندا بەڵام ڕەنگە ببێ بە مەترسی لەمەودوا .

ئەنجا شیسۆن وتی شەڕی عیراق و ئێران شەڕێکی ترسناکەو لە هەردوو شەڕی جیهانیەوە تا ئیستا شەڕێکی وا ڕووی نەداوە کە ئەوەندە پەلی کێشابێ .

هەروەها وەزیری دەرەوەی فەرەنسا وتی هەموو شەڕێکی گەورە لای وا دەخاتە مەترسیەوە کە لە سەرەتادا پێوەندی پێوە نیە وەك هەردوو شەڕی جیهانی کە لە سەرەتادا ئێمەهەستمان پێکردو کەچی لە دواییدا زۆر وڵات و ناوچەی تری گرتەوە .

بەکورتی

● بۆن :

فرۆکەیەکی جەنگی هولندی لە جۆری ئف ١٦ لەسەر ناوچەیەکی نیشتەجێی شاری لێنز لە سەر رووباری راینی ئەلەمانیای رۆژئاوا کەوتۆتە خوارەوەو بۆتە هۆی سوتاندنی چەند ماڵێك .

● لۆساکا :

سەرەکی زامبیانامەیەکی لە سەرەکی نایجیریاوە وەرگرتوە کە پەیوەندی هەیە بە پشتیوانی خەباتی هاوولاتیە ئەفەریقاییەکانەوە دژی ڕژێمی خەواروی ئەفەریقا .

● نیودلهی :

هنیدستان باداشتی نەهرۆ بۆ ساڵی ١٩٨٢ی بەخشیوە بە سەرەکی پێشوی سەنگال لیوبو لدسنگور بەرامبەر رەنجی لە پێناوی هاوکاری دەوڵەتاندا

● پەکین :

رۆژنامەی «گەل»ی چینی رای گەیاند کە چین ئیازی هەیە بەرهەمی نەوتی لەسەدا پەنجا ساڵانە زیاد بکاتو نەخشەی حەوت ساڵی داهاتووی بۆ ئەم مەبەستە داناوە .

Institut Kurde de Paris

بەڕێز مامۆستا سیروان جاف

کردنەوەی پرۆژەیەکی گرنگی ئاگاداری کردنەوەی لە پرلە ناوچەی کوردستان

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەڕێز مامۆستا سیروان جاف ئەمینداری کاروباری ناوخۆی ناوچەی کوردستان بە پەیامنێری ((هاوکاری))راگەیاند کە ئەم رۆژانەدا پرۆژەیەکی گرنگی(ئاگاداركردنەوەی لەپر) لە هەر سێ شارەکەی کوردستان کراوەتەوەو هەروەها وتی :

ـ ئەم پرۆژەیە لە دهۆك و سلێمانی و هەولێر دامەزراوەو تێکرا نزیکەی یەك ملیۆن دیناری تێچووە، بێگومان ئەم پرۆژەیە هزیەکی زۆر گرنگی پاراستنی گیانی هاوولاتیانە ، چونکە زۆر زوو ئاگاداریان دەکاتەوە ئەگەر بێتو دوژمن هێرشێکی ئاسمانی بکاتە سەر ناوچەکە.

هاوکاری : وەکو زانیومانە ئێستا بوون بە بەڕێوەبەری گواستنەوەی کەلوپەل هەر لە ناو ئەمینداریتی ناوخۆدا. چۆن ئەم تاقی‌کردنەوەیە هەندەسەنگێنن ؟

لە وەڵامدا بەڕێز مامۆستا سیروان جاف وتی :

ـ بێگومان لە رێکەی ئەم تاقی‌کردنەوەیەوە دەست نیشانی ئەو کۆسپانە دەکەین کە دێتە بەردەم زیادکردنی بەرهەم و رایی‌کردنی ئیش و کارو ، هەروەها دانانی نەخشەو پلانی پێویست بۆ چارەسەرکردنی هەر گیروگرفتێك دێتە رێو دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە یەکێکە لە دەزگا هەرە گرنگەکانی ئەم ئەمینداریتی‌یەو دەورێکی باڵای هەبوە لە جەنگی رەواماندا دژی رژێمی بەکرێ گیراوی خومەینی و هەروەها ، تەنانەت لە سەردەمی جەنگیشدا بەرهەمی بەرەو پەرەسەندن چوەو مەبەستمانە کە بایەخی باشی پێ بدرێ بۆ ئەوەی لە جاران باشتریش دەوری خۆی بگێڕێ .

عبدالوهاب تاڵەبانی
لقی هەولێر

ئیمڕۆ یەکەم رۆژی مانگی رەمەزانی پیرۆزە

بەرێز قازی یەکەمی بەغداد راگەیاند کە رۆژی پێنج شەممە ١٩٨٤/٥/٣١ رێکەوتی یەکەمین رۆژی مانگی رەمەزانی پیرۆزی ساڵی ١٤٠٤ی کۆچی دەکات .بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لەسەرەکی فەرماندە بەرێز صدام حسین و گەلی عیراق و گەلانی موسڵمان کردوە .

بەم بۆنە پیرۆزەوە دەستەی نووسەرانی هاوکاری پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی دڵسۆزی وڵاتو لە سەروبانەوە سەرەکی فەرماندەی گەل صدام حسین دەکات ،هەموو ساڵو کەلی عیراق بەرابەری ئەو لەسەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاتر دابێت .

تەواوکردنی کۆمەڵێ پرۆژەی گەشتی خزمەتگوزاری لەناوچەی کوردستان

ئەمینداریتی گشتی بەڕێوەبردنی شارەوانی و هاوینەهەوارەکانی ناوچەی نۆتۆنۆمی کوردستان کۆمەڵێ پرۆژەی گەشت و گێڵ و خزمەتگوزاری لە چەند جێگای جیاوازی ناوچەکەدا تەواوکرد .

ئەم پرۆژە تەواوکراوانە بریتین لە تانکی ئاو بۆ بەهێزکردنی پرۆژەی ئاوی گوێر بە (١٥٠) هەزار دینار و قۆناغی یەکەمی بانەی پشوودانی ناحیەی صلاح الدین و زێرابی ئاوی باران و قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوەوەی پارێزگای هەولێر. لە پارێزگای سلێمانی یشدا ئەمینداریتی گشتی قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوەوەی قەزاکانی چەمچەماڵ و قەڵادزەو هەڵەبجەی تەواوکرد بەهۆی کاری میللی یەوە .

بینایەکی نوێی زانکۆی صلاح الدین

بەڕێز مامۆستا دکتۆر خەسرەو شالی سەرەکی زانکۆی صلاح‌الدین بە پەیامنێری هاوکاری راگەیاندو وتی :

لە ئەنجامی گرنگی پێدانی تایبەتی سەرەکی فەرماندە صدام حسین بە زانکۆی صلاح الدین و بەسەرکردنەوەی تایبەتی بەڕێزی بۆ کاروباری ئەم زانکۆیە ، لەم رۆژانەدا عقدی ئامادەکردنی نەخشەی بنەڕەتی بینایەی نوێی زانکۆی صلاح‌الدین لەگەڵ کۆمپانیایەکی بێگانەدا ئیمزا کرا .

هەروەها بەڕێز دکتۆر خەسرەو شالی وتی بینایەی نوێی زانکۆ لەسەر پارچە زەویەك بینا ئەکرێ کە پانیایەکەی هەزار دۆنمەو دەکەوێتە لای نزیك کۆنترۆڵی هەولێرو کەرکوکەوە ، وە وا دروست ئەکرێت کە جێگەی دوانزە هەزار قوتابی تیا ببێتەوە ، وە جگە لە بینای تایبەتی بۆ کۆلیجەکان لە بنیای نوێدا بەشی ناوخۆی بۆکچان و کوڕان دروست ئەکرێت لەگەڵ خانوو بۆ مامۆستاو فەرمانبەرو کرێکارانی زانکۆ هەروەها بانقێك و نەخۆشخانەیەك و باخچەیەکی منداڵان و دایەنگایەك و قوتابخانەیەکی سەرەتایی و مەلەوانگەیەك و شانۆیەکی گەورەی تیا دروست ئەکرێت ،وە وا چاوەڕوان ئەکرێت ئەم نەخشەیە لە ماوەی (٣٠)ی مانگی ئاینەدەدا تەواو بکرێت

بە تەلەفون لە
لقی هەولێرەوە

کۆڕی هوشیارکردنەوە بۆ کارکەرانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەولێر

شوعبەی ئاراستەکردنی سیاسی لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر (٦) کۆڕی هۆشیار کردنەوەی بۆ کارکەرەکانی لە قەزاکانی صدیق و چۆمان و مێرگەسوورو ڕەواندزو ناحیەی خەلیفان و سیدەکان‌دا سازکرد .

مقدم بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگا لەم کۆڕانەدا قسەی‌کردو باسی ئەم‌لاوئەولای بارودۆخی ئیستاو دەوری کارکەرانی ئاسایشی ناوخۆی کرد لە پێناوی پاراستنی ئارامی و پشتگرتنی شەڕی پیرۆزی قادسیەی صدام‌دا .

لەم کۆڕانەدا کە ژمارەیە لە کاربەدەستە ئیداری و حزبی‌یەکان ئامادەی بوون باسی پێویستی‌یەکانی دایەرەکانی پۆلیس و چۆنیەتی جێبەجێ‌کردنیان کرا بۆ ئەوەی توانایان زیاتربێ لە خزمەتکردنی هاوولاتیانا .

کرێکارانی سلێمانی باسی زیادکردنی بەرهەم دەکەن

کادیرە پێشکەوتووەکانی کرێکارانی سلێمانی لە کۆبوونەوەیەکدا کە لەم هەفتەیەدا کرا باسی ڕەوتی کاری نەقابەیان کرد لە پارێزگاکەدا و ئەو شتانەی کە بەرەپێدانی چالاکی و جم‌وجوولی نەقابەی کرێکاران دابین‌دەکەن بۆ پەرەپێدان و زیادکردنی بەرهەم بۆ پشتگرتنی ئابووری نیشتمانی و شەڕی ڕەوامان .

لەم کۆبوونەوەیەدا کە هاوڕێ ئەمینداری نهێنی نووسینگای کرێکاران لە سەرکردایەتی‌ی شوعبەی حزب لە سلێمانی و سەرەکی‌یەکێتی نەقابەی کرێکارانی پارێزگا ئامادەی‌بوون لە نەخشەی ئیشی یەکێتی کۆلینەوە کە بۆ ماوەی‌داهاتوو داناوە .

بانگەوازێك بۆ شاعیرانی دهۆك

لقی دەزگاهامە [دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی] لدهوکی رابێت بە سازکرنا مهرەجانەکا شیعری ،مە داخازیا شاعیرت کوردیت هێژا دکەین بەرهەما خو بوما ڤرێ بکەن تا دوماهیا هیڤا حوزەیرانی .

لەسلێمانی :

ئامادەبوون بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی

پارێزگای سلێمانی خەریکی خۆ ئامادە کردنێکی فراوانە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کە لەمانگی ئابی داهاتوودادەکرێت .

مەلبەندەکانی هەڵبژاردن دابەشکران بەسەر سێ ناوچەدا بەکەم شاری سلێمانی و هەردوو ناحیەی قەرەداغ و بازیان و دووەم قەزای کەلارو دەربەندیخان و هەڵەبجەو پێنجوین و شاربازێرو ناحیەکانیان و ناوچەی سێیەم قەلادزی و رانیەو دوکان و چەمچەماڵ و ناحیەکانیان لەگەڵ سەرچنار دەکرێتەوە .

لەسلێمانی لیژنەی قەزاکان دروستکران بۆ ئەرکی سەرپەرشتی هەڵبژاردن .

● مەلبەندی رۆشنبیری کرێکاران لە هەولێر ، وەك مەلبەندێکی هوشیارکردنەوە دەوری کاریگەری خۆی گێڕاوە لەم مەیدانەدا ، بەتایبەت لە سەردەمی جەنگی پیرۆزمان دژی رژێمی خومەینی بەکرێگیراو ..

لەم مەلبەندەدا گەلێك کادیری نەقابی بە توانا هاتە کایەوەو بەشداری‌یان کردووە لە بەڕێوەبردنی کاری نەقابەگەری ... لە کۆتایی هاتنی دوا خولی ئەم مەلبەندە ئامادەبووین کە چەند کرێکارێکی ئافرەتو پیاو تیایدا بەشداری‌یان کردبوو شەهادەنامەی سەرکەوتنیان وەرگرت ... جا ئەم بۆنەیەمان بە هەل زانی چاومان بە چەند کرێکارێك کەوت ...

ـ خوشکە صنوبەر حیدر مصطفی لە بەڕێوەبەرایەتی راژەی پۆستەو تەلگراف وتی :ـ

ئاشکرایە کە لە سەردەمی ئێستاماندا و لە سایەی بەرەو پێشەوە چوونی خەلکی عیراق کرێکارانمان توانیویانە لە رووی زانستو زانیاری‌یەوە بێ بەش نەبن.. چونکە کرێکاری خوێندەوار بەرهەم هێنەرێکی بە توانایە ... ئێمەش کە بەشداری ئەو دەورەیەمان کرد گەلێك سوودمان لەم موحازەرانە وەرگرت کە لەم مەلبەندەدا خوێندمان ... بەڵام پێویستە لەسەر هەر کرێکارێك هەولی کەستیەتی بدات بۆ خۆ رۆشنبیر کردن لەم بوارەدا .. گرنگ ئەم مەلبەندە هەوڵدانێکی پیرۆزە بۆ پێش‌خستنی چینی کرێکاران .

هەروەها برادەر اسماعیل عمر کریم لە کۆمپانیانی گشتی جگەرەی نیشتمانی وتی :ـ

کە هاتینە ئەم دەورەیە وامان دەزانی چەند رۆژێکەو تەواو ، بەڵام بە پێچەوانەوە بوو گەلێك شتی سوود بەخشانە فێر بووین لەمانە یاسای کار (قانوون العمل) کە ئەمە لایەنێکی زۆر گرنگە لە ژیانی چینی کرێکار ،چونکە چارەنووسو دوا رۆژی کرێکارانمان لەم یاسایەدایە. هەروەها ئەو روون‌کردنەوە پیرۆزانەی جەنگی رەوامان دژی رژێمی ئێرانی شەڕ پەرست ... ئەمانە لایەنی ئیجابانەی خۆ رۆشنبیرکردن دەبەخشێ لەلای کرێکارەوە وا لە کرێکار دەکات کە زیاتر هەوڵ بدات بۆ ئەوەی زانیاری پەیدا بکات لە رووی رۆژانەی ژیان و وڵاتەکەی و بەرهەم هێنان.

ـ ئینجا خوشلە سناء وعدالله لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی لە هەولێر وتی :ـ

لەم سەردەمەدا تا سنورێك کرێکارانمان خوێندەوارن و بەکردار هەتا قۆناغێك خوێندەوارانە ؛

لە مەلبەندی رۆشنبیری کرێکارانی هەولێر

لەهەوڵدان بۆ خوڵقاندنی کادیری نەقابی

هەروەها برادەر اسماعیل عمر کریم لە کۆمپانیانی گشتی جگەرەی نیشتمانی وتی :ـ

کە هاتینە ئەم دەورەیە وامان دەزانی چەند رۆژێکەو تەواو ، بەڵام بە پێچەوانەوە بوو گەلێك شتی سوود بەخشانە فێر بووین لەمانە یاسای کار (قانوون العمل) کە ئەمە لایەنێکی زۆر گرنگە لە ژیانی چینی کرێکار ،چونکە چارەنووسو دوا رۆژی کرێکارانمان لەم یاسایەدایە. هەروەها ئەو روون‌کردنەوە پیرۆزانەی جەنگی رەوامان دژی رژێمی ئێرانی شەڕ پەرست ... ئەمانە لایەنی ئیجابانەی خۆ رۆشنبیرکردن دەبەخشێ لەلای کرێکارەوە وا لە کرێکار دەکات کە زیاتر هەوڵ بدات بۆ ئەوەی زانیاری پەیدا بکات لە رووی رۆژانەی ژیان و وڵاتەکەی و بەرهەم هێنان.

ـ ئینجا خوشلە سناء وعدالله لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی لە هەولێر وتی :ـ

لەم سەردەمەدا تا سنورێك کرێکارانمان خوێندەوارن و بەکردار هەتا قۆناغێك خوێندەوارانە ؛

چونکە باری وڵات کە بەرەو پێشەوە دەروات وای کردووە کە نابێ لەمەودوا کرێکار لە وڵاتی عیراق نەخوێندەوار بێ ... واتە من کە ئافرەتێکی کرێکارم بەر لە ئێستا شتێکم زانیووە دەربارەی بارو دۆخی سیاسی عیراق و سەرکەوتنی .. بەڵام کە هاتمە ئەم دەورەیە گەلێك شت فێربووم کە بەر لە ئێستا نەمدەزانی .. بەڵام پێویستە ئەم مەلبەندە زیاتر هەوڵ بدات بۆ بەرەو پێشەوە چوونی ، بەتایبەت چەند دەرسێك کە عەمەلی بێ ..

ـ دوا جار کاك اسماعیل علي طاهر لە دەزگای بیری ئیرتیوازی لە هەولێر وتی :ـ

مەلبەندی رۆشنبیری کرێکاران ، تاکە مەلبەندە کە بتوانێ ئارەزووەکانی کرێکاران بهێنێتەدی ... مەسەلەی ئەو چەند رۆژەی کە لەم مەلبەندە دەمێنینەوە با نەبێتە شتێکی تەقلیدی و بەس .

ناظم دلبەند
لقی هەولێر

■ **بە بۆنەی یەکی حوزەیرانەوە :**

خۆراگرتنی گەلی عیراق کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی شکاند

● کێ ئەو رۆژە نەمرەی، لە ژیانی گەلە مەزنەکەماندا لە یاد دەچێت ، رۆژی یەکی حوزیران ، رۆژی خۆمالی کردنی نەوت ، رۆژی روخاندنی دەستەڵاتی کومپانیا مۆنۆپۆلەکانی بێگانە کە خوێن و سامان و خێرو بەرەکەتی ئەم نیشتمان و گەلەیان دەمژی ، عیراقی مەزن بەرابەری سەرکردەی لێهاتووی صدام حسین راپەری و مەردانە بریارە مێژوویی ئازایانەکەی‌دا .. دوایی ئەوەی ئەو کۆمپانیانە هەموو دەرگایەکی گەیشتن بە سوودی عیراق و گەلەکەی داخست و وایان دەزانی عیراقی ١٧ ـ ٣٠ تەموزی مەزن عیراقی رۆژانی رەش و نەهامەتیەو ئەمجارەش مل بۆ خواستەکانی ئەوان شت دەکات .

● بەڵام نەء .. عیراق لە ١٧ ـ ٣٠ تەموزدا هەستایەوە بۆ ئەوەی سەربەرز بروات ، بریاری مەزنی خۆمالی کردن لە سەرکردایەتی شۆڕشەوە دەرچوو ، لێدانێکی جگەر بڕ بوو بە سەرسەری ئەو کومپانیانەدا ، گەل مەردانە لە پشت سەرکردایەتیەکەیەوە وەستا ، خۆی راگرت ، پشتێنی توندو تۆڵی بەست ، خۆمالی‌کردن سەرکەوت کومپانیاکان مل‌کەچ بوون ، لە عیراق دەرچوون ... باخچەی عیراق رازایەوە .. هەموو شتێ بۆ گەلەکەی گەرایەوە .

● سەرکەوتنی گەلی عیراق لەم زۆرانبازیە گەورەیەدا هێزەکانی دوژمنی شێت گیر کرد ، کەوتنە پیلان گێران دوا ئەلقەی ئەو پیلانە داخ لە دڵانەبان ، ئەو شەڕە نارەوایە کە ئەمە چوار ساڵە بەسەریاندا سەپاند ووین ، بەڵام عیراقی سەربەرز ، ئەو عیراقەیە چۆك دانادات ...

● گەلی عیراق کوردو عەرەبیەك ریز لە پشت سەرکردایەتیە مەزنەکەیەوە وەستاون ، هیچ گەردەلولێکی دوژمن نایترسێنێ و لەسەر رێگای بەرەو پێشەوە چونی لا نادات و ناگەڕێتەوە ئەم چوار ساڵەی جەنگ سەپاندنی کە جارێکی تر ناکرێ دەلاقەی وا لە عیراقدا دروست ببێ بێگانەی لێوە بێتە ژورەوەو خێرو بێری گەل و نیشتمانەکەی بەرێت تیشکی رۆژی عیراق هەر کەشتر دەبێت و چاوی هەموو ناحەزانی کوێر دەکات .

● هەزار سڵاو بۆ گەلی عیراقی مەردو خۆراگرتو لەو پەری باکوورەوە تا ئەو پەری باشوور .. پیرۆز بێ لە سەرکردەو رابەری گەل صدام حسین هەموو سەرکەوتنە گەورەکانمان سڵاوی خۆشەویستی بۆ ئەو جەنگاوەرە مەردانەی سەربەرزی عیراق دەپارێزن .

■ **ذکریات محمد حسن** ■

Institut kurde de Paris



وتەکەی سەرەکی فەرماندە
بەڕێز صدام حسین
لەکاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بە دەستەیەك
لە جەنگاوەرەکانمان
١٩٨٤/٥/٢٢

بەم زوانە ئەبین بە خاوەن جۆرە چەکێك کە ئەتوانێت خەرج وهەموئابووری ئێران بڕوخێنێت

سلاوی خوا لە پیاوان هەموو لەمەودوا کە ئیشێکتان دەکەوێتە دەزگاکانی دەولەتەوەو دەبێ هاتوچووی بۆ بکەن مەدالیای ئازایەتی یەکانتان هەلدەگرن بۆ ئەوەی لەناو سوپادا جیابکرێنەوە چونکە مووچەخۆرەکانی دەولەت بەجۆرێکی تایبەتی لەگەل هێزە چەکدارەکانا دەجوولێنەوە .

ئێوە دەزانن کەوا گەلتان ڕێزێکی وای هەیە بۆتان لەپلەی قوربانی یەکانتانابێو لەگەل ئەوەیشدا ئەوەی لەناو هێزە چەکدارەکانا جیاوازو دەرکەوتووبێ مافی ئەوەی هەیە ئەم جیاوازی یەی دیاربێ لە کاتێکدا کە سەر لە دایەرەکانی دەولەت بدا یا هەر ئیشێکی تریان هەبێ لە دەرەوەی وەحدە سوپایی یەکانیانا .

ئەو پیاوانەی ئەمڕۆ هاتوونەتە ئێرە بۆ ئەوەی گەورەبکرێن بریتین لە هەندێ پیاوی هێزە چەکدارەکانی دەریاو فڕۆکە دلێرەکانی لام وایە تیاتانایە لە فڕۆکەی سوپاو لە هێزی سەرزەوی ئەو پیاوانەی کە لە هێزەکانی سەرزەوی و لە فڕۆکەی سوپان لەو پیاوانەن کە جیاوازو دەرکەوتووبوون لە ناو برا جەنگاوەرەکانیانا لە شەڕەکانی ئەم دوایی یەی ڕۆژەلاتی بەسرەو لە شەڕەکانی ڕۆژەلاتی دیجلەو لە شەڕەکانی ڕۆژەلاتی میساندا .

● شەڕەکانتان پڕن لە پاڵەوانی ●

چەندە پێمان کرابێو شایانی بووبێ باسی شەڕەکانتانمان کردووە لەگەل ئەوەشدا هێشتا شایانی قسە لەسەر کردنو پڕن لە پاڵەوانی بە ڕادەیەکی وا هەرچەندە قسەیان لێوە بکەین بەس نیەو ، لەو جۆرە دەرسە زۆر تاڵانە بوون کە دران بە دوژمن بەلکو دەڵێم بەهێزترین چەپۆك بوون کە درابێ لە دوژمن ئەگەر بەراورد بکرێن بە هەموو شەڕەکانی پێشوو هەرچەندە ئەنجامی شەڕ لە بینای هەرەم دەکا .

دوژمن بە یەك شەڕ نابەزێو ویستی نانەوێ بەلکو بە زنجیرەیەك شەڕ بە ویستی یەك فەرمانده نا بەلکو بە ویستی هەموو فەرماندەکانو بە ویستی یەك جەنگاوەریش نا بەلکو بە ویستی هەموو جەنگاوەرەکانو هەموو سنفەکان ، لەگەل ئەوەیشدا دەرسەکانیان وەك ژەهری تاڵ وابوو لە دەمی دوژمنو لە دەمی شێتە گومان لێکراوەکانی قومو تاراندا . وە لایەکی بێداری بۆ گێڕانەوە بە پلەیەکی گرنگو پێویست ئەوەیە دەستی زیاتریان لێ بوەشێنرێ بۆ ئەوەی بە تەواوی بێدار ببنەوە ، یا گەلەکەیان ڕابەڕێ بەرامبەریان بۆ ئەوەی بەرەو دۆزەخ بچن .

ئێمە گومانمان لەوەدا نیە کە یەکێ لەم دوو ڕێتێچوونە وا دێتو زۆری نەماوەو کاتەکەی لە مەودای بینیندایە .

● جیهان بێزاری دەردەبڕێ بەرامبەر بە ڕەوشتی ئێران ●

دوای ئەوەی لە شەڕەکانی ئەم دوایەدا شکان ئیستا بەپێی دوا زانیاری کە پێمان گەیشتوە وە ئێوە دەزانن ئیستا جیهان بێزاری دەردەبڕێ بەرامبەر بە ڕەوشتی ئێرانو بێزاری دەردەبڕێ بەرامبەر بە کەللەڕەقی ڕژێمی تاران لەبەر ئەوە ڕێگا لە نێوان ئێمەو جیهاندا فراوانە بێجگە لەوەی کە شانازی دەکەین بە کۆشش ئیستیخباراتو موخابەراتمانو ئەو زانیاریی یە وردانەی کە لەم ڕێگایەوە پێشکەشمان دەکرێ .

دەڵێم ئێمە بە تەواوی ئاگادارین لە نیازی دوژمنو ئەو شتانەی کە دەیکا لەبەر ئەوە دوا دەنگوباسمان وا دەسنیشان دەکەن قسەوباس لە سەرکردایەتی یە تایبەتی یەکانیانا بەردەوامە لەبارەی بڕیاردانی کاروباری شەڕو زۆر بیرو ڕا لە ئارادایە هەندێ دەڵێن پێویستە بگەڕێینەوە سەر وردە شەڕی ئەملاوئەولا بە درێژایی بەرەدا بۆ ئەوەی هێزە چەکدارەکانی عیراق داچۆڕێنینو هەندێکی تر لە وەلامدا دەڵێن شەڕی درێژو ئەو توانایەی عیراقی یەکان هەیانە کارێکی وا دەکەن وردە شەڕ کەلکی نەبێو پاش ئەمەیش کات گرنگە بۆ بڕیاردانی ئەو ئەنجامەی دەیانەوێ کە وا بوو پێویستە بەرەو دیاردەکردنی ڕێبازە سەرەکی یەکان بڕۆینو گرنگی یان پێبدەین بە هەموو توانایەکەوەو هەندێکی تر دەڵێن دەبێ هەردوو حالەتەکە یەکبخەین لە لایەکەوە عیراقی یەکان جەنجال بکەین لە هەندێ شوێندا بەرەو ڕێبازی پلە دوو دوابەدوای یەك پێش ئەوەی کاری سەرەکی بکەین بە ماوەیەکی کورت یا لە هەمان کاتداو ئەنجا کارە گەورەکە بکەین بەڵام لە هەموو حالەتێکدا ئەنجام ناگۆڕێ بە یارمەتی خواو ئەنجام بڕێتی دەبێ لەوەی کە سەرتان هەر بەرزدەبێو ئەوان هەر بەزیو دەبنو درەویش بڕێتی دەبێ لە لاشەی گەنیوی زیاتری مێشك نەفامە گومان لێکراوەکان .

● گومان نیە لە فەوتانیانا ●

چەکو جبەخانەتان باشترو زۆرترەو شارەزاییتان بالاترەو ورەتان بە یارمەتی خوا بەرزترە بەگوێرەی ئەو شەڕانەی لەم دواییەدا چوونە ناویان هیچ هیوایەکیان نیە ئەوە نەبێ کە شەڕ ڕاوەستێنن ئەگینا بێگومان لەناو دەچن ئینشەللا لەم بوارەدا ئێوە ئاگاتان لەو هەڵمەتە دلێرانەیە کە هێزی ئاسمانی یی دلێرتان هەڵۆ دلێرەکانی ئاسمان دەستیان پێکردوە پاش ئەوەی سەرکردایەتی ی سیاسیتان لە وڵاتدا هەموو هۆیە سیاسی یەکانی تەواوکرد بۆ ئەوەی ئێران بێتەوە سەرخۆیو خۆی لە ڕێگای لادانو گومڕایی دووربگرێ .

● پاشگەز نابینەوە لە ئەمارۆدانی خەرج ●

کاتێ کە بڵاومان دەکردەوە کەوا گەمارۆیەکی ڕاستەقینەی دوورگەی خەرج دەدەین گاڵتەیان دەکرد ئەنجا کە دەست وەشێنرا بۆ ئەوەی ئەوەی بە تەواوی هۆشی لەسەر خۆی نیە یا چاوی بە تەواوی نابینێ بزانێ کە لێدانەکان تەفروتوونا کەر بوون ئەنجا ڕەفتارە شێتانەکەیان دەستی پێکرد بە لێدانی ژمارەیە لە کەشتی ی عەرەبی ی نەوتبەر لە کەنداودا کە هی چەند دەوڵەتێکن نەچوونەتە شەڕەوە لەگەل ئێرانداو ، لایان وابوو کە ڕەفتاری وا لە تەنگوچەڵەمە ڕزگاریان دەکاو ئێمە لەبەردەم ئێوەو بۆ عیراقی یەکانو بۆ ئەوەی کە گوێی لێ یە دووپاتدەکەمەوە کە وا ئێمە پاشگەز نابینەوە لە نەخشەکەمانا بۆ توندکردنی گەمارۆی دوورگەی خەرجو لێدانی هەر کەشتی یەکی نەوتبەر لەو ناوچە تەدەغە کراوەدا هەرچەندە دەنگ بەرزبێتەوەو هەرچەندە هەوڵو تەقەلا زۆرلێبرێ بەوانە دەڵێین کە لە قسەکانیانا وەك یەك کەیری عیراقو ئێران دەکەن لە ژێر پەردەی ئەوەی کە دەڵێن کە دەبێ عیراقو ئێران ئاقلانە لەگەل کەشتی یەکی نەوتبەرەکاندا بجوولێنەوە بەوانە دەڵێین ئێمە ئەم هەوڵو تەقەلا هەلبازی یانە دەزانینو ڕێبازی ئەم جۆرە سیاسەتە دەزانین لە حیساباتی هێزەکانی ئێو دەوڵەتانداو لە سیاسەتی ئێودەوڵەتانیمانو لە سیاسەتماندا لە ناوچەکەدا بەجۆرێکی وا لەگەلیا دەجوولێینەوە کە شایانی بێو بەڵام بە یارمەتی خوا لە هیچ حالەتێکدا پاشگەزنابینەوە لە نەخشەمانو لەم سیاسەتەمان .

● دەبین بە خاوەنی ئەو چەکەی کە ئابووری ئێران تێکبشکێنێ ●

پشووی تەواومان دا بە هەموانو ئەو کاتە هاتووە کە گەمارۆکەی دوورگەی خەرج پتەوتر بکەین بەلکو پێیشتان دەڵێمو لەبەر ڕووتانا کە وا ئەو ڕۆژە نزیك بوەتەوە کە چەکی وامان ببێ کە توانای وێرانکردنی دوورگەی خەرج خۆیی هەبێو لەبەر دەمتانا دەڵێم کە وا ئەو چەکەی لامانە بەشێکە لەو چەکەی کە بۆمان دێو کاریگەرتر دەبێو تواناتر دەبێ بۆ دەرسدادانی دوژمن بە جۆرێکی وا بەس بێ بۆ تێکشکاندنی ئەم کەللە بۆگەنانە بە ئابووری ئێرانەوە لە سەر زەوی نەك هەر لە دوورگەی خەرجدا .

● عەرەب پێویستیان بە یارمەتی ئەمەریکا نیە ●

قسەوباسی وا هەیە لەبارەی ئەوەوە کە ڕێی تێ دەچێ ئەمەریکا دەستبخاتە ناو ناوچەی کەنداوەوە بۆ یارمەتی برا عەرەبەکانو ڕووبەڕووبوونی ئێرانو من دەڵێم عەرەب پێویستیان بە شتی وا نیەو توانای تەواوو بەسیان هەیە بۆ تێکشکاندنی کەللە دەست درێژی یەکانو بڕینی دەستە چەپەلەکان کاتێ کە ئێران ڕێگە بە ناوی نێو دەوڵەتانو ئازادی ی مەلەوانی بگرێ دەبێ بەرژەوەندی یەکانی خۆی بێنێتەوە بیر کە بە دەریای سوورو نۆکەندی سوەیسدا دەگوێزرێنەوەو بەپێی پەیمانی بەرگری عەرەبی و ئاسایشی عەرەبی کە دەبێ هەموو هاوکاری بکەن پێکەوە بەرامبەری میسرو سعودیەو یەمەنو سۆمالو سوودان دەتوانن بینەقاقەی هەموو کەشتی یەکو کەشتی یەکە نەوتبەرەکانی ئێران بگرن یا ئەوانەی کە هاوکاری لەگەل ئێراندا دەکەن لە دەریای سوورو نۆکەندی سوەیسدا ئەمە بێجگە لە توانای بێسنووری عەرەب بۆ ئاراستەکردنی لێدانی کوشندە بۆ دوژمنو بۆ کەشتی گەلی دەریایی و بۆ کەشتی گەلی بازرگانی و بۆ کەشتی گەلی دەریایی سوپایی ی لە ناوچەی کەنداوو دەریای عەرەبدا .

کە وا بوو ئەمەریکا هەرچەندە یارمەتی بدا ناتوانێ فڕۆکەی لەوە زیاتر پێشکەش بکا کە چەکی ئاسمانی ی عیراق پێشکەشی دەکا هەر بیری لێبکەنەوە ئەگەر چەکی ئاسمانی ی عیراق لەسەر داوای براکانی کەنداو بچێتە هەر کام لەو دەوڵەتانەی کە بەسەر کەنداوەوەن حاڵی ئێران چۆن دەبێ لە دەریاو لە ڕۆخی دەریادا .

● چەکی بەکاری عەرەب ●

چەکی عیراقی بە تەنها لەگەل چەکی برا عەرەبەکانیا لە کەنداودا ئەمەیش چەکێکی بەکارە چونکە ئەو چەکە بەکارەی کە لە سعودیەو کوەیتو هەندێ وڵاتی عەرەبیدا هەیە بەسە بۆ تێکشکاندنی ئێرانو زۆرلێکردنی بۆ ئەوەی ئەژنۆ دادا ئەگەر لەسەر دەستدرێژی یەکەی بڕوا لە ناوچەی کەنداوی عەرەبدا .

ئێرانی دەستدرێژیکەری نەگریس هیچ پاشەڕۆژێکی لەبەردەمدا نیەو تاقە یەك مۆمی داگیرساوی لەبەردەمدا نیەو هەمووی ئەوەی لەبەر دەمیایەتی بڕێتی یە لە تاریکی لەبەر ئەوە چارەی هەر ئەوەیە بە ئەقڵ ڕەفتار بکا . بەڵام لە بەردەمی وڵاتی ئێوەدا ڕێگایەکی بێپایانو ئاسۆیەکی بێپایان هەیە بۆ خێرو ئاشتی و ئارامی چاوەڕێی دەکا ئینشەللا کاتێ کە بە یارمەتی خوا بە سەرکەوتوویی لەم شەڕە دەردەچن کە داسەپێنراوە بەسەرمانا .

ئێوە دەزانن ئێمە بە باشی جووڵاینەوە لەگەل هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشداو هەتاکو بڕیاری ٥٤٠یش کە سوودی بۆ ئێران زیاترە لە سوودی بۆ عیراق .. بە باشی لەگەلیا جووڵاینەوە بەڵام پێویستە لەسەر ئەنجومەنی ئاسایش ئەگەر باسی ئەم مەسەلەی کرد حیسابی ئەوە بکا ئەو بارو دۆخەی بڕیاری ٥٤٠ی تیا دەرچوو جیاوازە لە بارودۆخی ئیستەو لەبەر ئەوە دەبێ بە تەواوی وەك چۆن پێویستە سوودی عیراقو ئاسایش عیراق بخاتە بەر چاو .

● عیراق پشووی تەواوی دا بە هەموو لایەك ●

لایشم وایە عیراق پشووی تەواوی دا بە هەموو لایەك بە دەزگا نێو دەوڵەتەکانیشەوەو کاتێ کە قسە قسەی بەکارهێنانی هێزبێ کە سیاسەت نەبتوانی سەربەرزیو ئاسایشو سەربەخۆیی بپارێزێ ئێمە تا ئەو پەڕی ئەمە بەکار دەهێنینو ، ئێمە تا ئیستا ئەوپەڕی هێزمان بەکار نەهێناوە لەم بوارەدا بە تایبەتی لە بواری بەرژەوندی ی ئەوتدا لە ناوچەی کەنداودا کە هی ئێران بێ .

سلاومان بۆ براکانتان ئێمە لەگەل خۆری ئیستادا مامەڵەت دەکەینو لەگەل خۆری گەورەتردا وەکو ئەوەی کە ڕاستی یەکی هەستپێکراوبێ بە دڵنیایی یەکی واوە سەیری دوا ڕۆژ دەکەین سنووری نەبێو بەجۆرێکی وا سەیری ووزەو تواناتان دەکەین بێ سنوور بێ لە ڕووبەڕووبوونی هێزەکانی تاریکیدا .

سلاوی خوا لە پیاوان گەلەکەتان ئەوپەڕی ڕادەی ڕێزو شانازی هەیە بۆتان .

Institut Kurde de Paris

وتەکەی هاوڕێ سەرکردە صدام حسین لەکاتی سەرەکایەتی کردنی کۆبوونەوەیەکی گۆنگرەی قوتری وکادیری پێشکەوتوی حزبدا ٩٨٤/٥/٢٤



بالای عیراق هەر بلند ئەبێت و بەردەوام لە سەر ڕێگای بیناکاری و بەرەنگاری کردنی دوژمن بەردەوام ئەبێت

دەمەوێت دەست لەسەر دوو مەسەلەی بنەڕەتی دابگرم ، مەسەلەی بیناکاری چونکە بنەڕەتەو ئەگەر ئەوە نەبوایە شەڕ وا درێژەی نەدەکێشا تا ئەم وەختەو ئێمە لە سەرەتاوە وامان داناوە کە بەردەوامی بیناکاری بە پێی نەخشەی گشتی بریار دراو لە لایەن سەرکردایەتیەوە مەسەلەیەکی بنەڕەتی و پێویستەو پێویستی لە رادەی بەرگری کردن لە خاکی عیراق لە سەنگەرەکانی پێشەوە لەسەر سنوور کەمتر نیە ، چونکە ولاتی دواکەوتوو توانای نابێ بەسەر ئەوەدا دەوری شارستانی و مرۆڤایەتی و نیشتمانی وەك پێویستە ببینێ .. لەو باوەڕەدانین دوژمنان گەلەکۆمەکێی لێ بکەن وەك ئەمڕۆ گەلە کۆمەکی لە عیراق ئەکەن ، چونکە عیراقی دوێنێ بە نرخێکی زۆر هەرزان پێش چاو خرا بوو لە بەردەم شای ئێراندا و بە تەفەللایەکی زۆر کەمترلەوەی شای تازەی ئێران دای داگیری بکات ، شای ئێران - لەم باوەڕە دام - توانای هەبوو ساڵانی ١٩٦٤ و ١٩٦٥ و ١٩٦٦ و ١٩٦٧ و ١٩٦٨ و ١٩٦٩ و ١٩٧٠ .. هند داگیری بکات .

● مرۆڤی نوێو بیناکاری نوێ ●

بۆچی وای نەکرد ... چونکە عیراق لەم رادەیەدا نەبوو کە ئیستا تیایەتی و کەواتە هێزە جیهانیەکان کە دەیانویست عیراق بشکێنن ، عیراق وا لە بەرچاویان بەرز نەبوو بوەوە تا رادەیەك موستەحەقی ئەوە بێ گەلە کۆمەکێی لێبکەن وەك ئەمڕۆ لێ دەکەن ... شتی تازە چیە ... بیناکاری نوێیە .

کێ ئەم بیناکاریە نوێیە دەکات .. مرۆڤی نوێ ، مرۆڤی بەعسی ، کەواتە پێداگرتنی بنەڕەتی لەسەر شکاندنی مرۆڤ و شکاندنی بیناکاریە ، دەیانەوێ مرۆڤ مەعنەوی بشکێنن کە لە ئامانجە ئیعتباریەکانی دەکەنەوە ئەوسا بیناکاری دەروخێ و دیسان دەیروخێنن لە لایەنی بەکاریەوە ، ئێوە لە عیراق دەژین و باری سەرنجتان هەیە لەسەر مرۆڤی نوێ و چاك دەیناسن ، بەلام بەلامەوە گرنگە ئەوە دووپات بکەمەوە بۆتان کە بیناکاری نوێ لە هێڵە بنەڕەتەکانیاو لە ئەلفە بنەڕەتەکانیا وەك دەیخوازن بەردەوام بوو ... راستە شەرکاری کردە سەر رەوتی بیناکاری نوێ بەلام نەبتوانی رووی سەرەکی بگۆڕێ کە ئامانجی بنەڕەتیە لە ئامانجەکانی ئەو هێزانەی گەلە کۆمەکێیان لەسەر عیراق کرد .

ئەم لایەنە سوپاس بۆ خوا بەردەوام بوو ، شەر وەك وتمان زۆر پرۆژەی وەستاندو زۆر چالاکی و زۆر توانای دارایی ، بەلام لە هەمان کاتدا بەرچاو روونی زیاتری دا بە مرۆڤی عیراق بۆ دۆزینەوەی مەیدانی نوێ کە حالەتێکی لێهەڵێنجێ باشتر رکیفی ئابووری بەدەستەوە بگری و هەڵس و کەوتی چاکتر بکات لە مەیدانەکانی بەرهەمدا .

● سوپای عیراق ئیستا بەهێزترە ●

لایەنێکی تر توانای عەسکەریە .. من لە بەردەمتاندا دەیڵێم سوپای عیراق ئیستا لە وەختی سەرەتای شەڕ بەهێز ترە ناتوانم بە ژمارە بڵێم چوار جاریان پێنج جار یان شەش جار .. چونکە من حەز لە بەراوردی بەو جۆرەناکەم هەتا بتوانم ئەم قسەیە بکەمو جەدوەلی بەراورد بۆ هەر حالەتێ لە حالەتەکاندا بنێین ، بەڵکو گرنگ ئەوە ئەنجام لامان وا بمێنیتەوە لایەنی ئیعتباری و مەعنەوی بێ ناتوانین ژمارەی بۆ دابنێین بەڵکو حالەتی بۆ دادەنێین .. بەلام بەسەڵماوی دەڵێم سوپاکەتان ئیستا زۆر بەهێزترە لەوەی لە سەرەتای شەردا تیا بوو بە حساب و لێکدانەوەو تەدبیرکردن و توانای ماددی و تەکنیکی راستەقینە .

ئیستا سوپا لە رادی بالاتردا لەوەی لەدوا جەنگدا تێ چوو لە رۆژهەڵاتی بەسرەو رۆژهەڵاتی دبجلەو رۆژهەڵاتی میسان .

حماسی پیاوان کەم نەبۆتەوە لەو وەختەی چونەتە جەنگەوە ئەگەر نەڵێم زیادی کردوە .. دوژمن ، وەکە وشەی دوژمن دەڵێم تەنیا مەبەستم ئەوانە نیە خۆیان لە تاران و قوم ئاخنیوە بەڵکو هەموو ئەوانەی دەیانەوێت عیراق بشکێن یان لەسەر ئەو خاڵە بنەڕەتیانەی وتم دەستە مۆی بکەن .. دوژمن وای دەزانی دەتوانێت لە ڕێگای گەمارۆی ئابوری بەوە عیراق راونێ دوای ئەوەی نەیتوانی لە مەیدانی شەر بیشکێنێ .

● توانای راستەقینە لە ناو دەروونەوە تیشك دەدات ●

ساڵی رابووردو ساڵێکی زۆر سەخت بوو ، نەك ساڵێکی ئاسایی ، بەلام هەمیشە لەوەوە رائەپەرین کە توانا لە ناومانەدایە نەك لە دەرەوەمان ، توانای راستەقینە لە ناو دەروونەوە تیشك دەدات بەتەنیا لەو زروفە مەوزوعیەوە نایەت کە دەوری مرۆڤ دەدات .. بەڵکو لە بنەڕەتەوە لە ناخی مرۆڤەوە دەست پێ ئەکات ، بەر لە ساڵێك پێمان ئەوتن کە بەسەر ئەم گرانیانەدا رەت ئەبین ، چونکە باوەرمان بەوەیە کە بەو گرانیانەدا رەت ئەبین ، بەلام گرانی جدی بوون و ئیستا کەوتنە دواوە ، هەموویان نەء ، بەلام ئەو حالەتە چڕە گەورانەی هێزە دوژمنەکان وایان دەزانی توانایان دەبێت عیراقی تێوە گلێنن ، ئەمە مانای ئەوە نیە دەبێ [پشتێنی لێ شل بکەین] لە بەرنامەکەماندا کە دەست پێوە گرتنی زیاترە لە خەرجیداو چاوکراوەی زیاتر لە چالاکی ئابووریداو چالاکی زیاتر لەسەر ئەم ڕێگایە ، بە پێچەوانەوە ئەم بەرپرسیارە بە بەهێزی و قولی دووپات دەکەینەوەو بەلام بیر دەهێنینەوە ئێمە لە حالەتی چڕی گەورە تێپەرین تەنیا لە رووی بیرهێنانەنەوەو حسابی ئەنجامو هەڵسەنگاندنی یەوەو بینینی وەزعی پێشوو بینینی وەزعی نوێ .

گرنگترین خاڵ ، خاڵی دەروونیە ، ئەویش ئەوەیە توانای دارایی عیراق بەکردەوە دوای مارتی ١٩٧٣ بەگشتی لەسەرکەوتندا بوو ، ئەم سەرکەوتنە بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٨٢ . ئەگەر نەوتمان خستە سەری کە لە توانای عیراق دابرا ئەویش سەرکەوت چونکە توانای ترمان دەستکەوت بە شێوازی قەرز یان یارمەتی لە برایانی عەرەبەوە .

دەزگای دەوڵەتو زنجیرەی حزب رانەهاتبوون لە پڕ لە بەردەم وەستانێکدا بن تا چاوبگێرنەوە بە هەموو لایەنێکی چالاکی ئابووریدا بە یەك کەرەت لەبەر ئەوە لە لایەنی دەرونیەوە قورسایی هەبوو وە هەیبەتی تایبەتی هەبوو ، راگەیاندنی دوژمنانیش هەموو باسیان لەو عیراقە دەکرد کە دەروخێت چونکە باری ئابوری تیایدا چاك نیە - بەقسەی ئەوان - بەلام سوپاس بۆ خوا ئەم لایەنە دەرونیەو لایەنێکی گرنگ لە سازاندنی کاروبار کەوتنە دواوەو ئیستا ڕێگا کراوەیە لەگەڵ هەمان هیمەتو تەفەللای زیاد لە داهێنانو ئابوری زیاترو دەست پێوەگرتنی زیاترو هەست بە مەسئولیەتی زیاتر لە کاری داهێنانو بەرهەمداردا لە عیراق .

● باری دەوڵەتی چاکتر ●

لە رادەی سیاسەتی دەوڵەتاندا .. وەزعی ئیستا چاکترە لە لەوەبەر .. لایەن هەبوون لە سیاسەتی دەوڵەتاندا دۆست نەبوون بەلام دوژمنایەتیان پیشان نەدا بە مانای دوژمنایەتی هەرچەند دەستی لە بنەوە دەوەشاند وەك دەست وەشاندن لە مل ... لەو لایەنانە بون بە دۆست یان هەندێ لایەن گرەوی دەکرد .. وەرەقەی گرەوەکەی کێشایەوە چونکە روو بە رووی ئاشکرا بووکە عیراق مل کەچ ناکات بەڵکو هەر بالا بڵند ئەبێ و بەردەوام بەرەو پێشەوە دەچێت لە ڕێگای بیناکاری و بەرەنگاری کردنی دوژمندا بە هێزی زیادەوە لە رادەی توانای عەسکەری تەکنیکی و چەکداریەوە .

ئیستا ئێمە لەوەی بەر لە ساڵێك باشترین و باشترین لەوەی پێش شەش مانگ و چاکتر لەوەی بەر لە دوو مانگ .. توانای چەکداری و کەرەستە بالاترە زۆر لەوەی کە پێوەی چوینە شەرەوە .

● پاشەڕۆژ بە بێ کۆسپ کراوەیە ●

پاشەڕۆژ کراوەیە بە بێ کۆسپ ، ئەو کۆسپانە نەبێت ژیان بۆ بپاوی دەردەدات .. بە جۆری کە دەوریان ئەرکی زیاتر نەخاتە ئەستۆی ئافرەتانی تێکوشەر ، گەلەکەتان ئێوە دەیناسن و رادەی قوربانی و رادەی راپەراندنی ئەرکی دەزانن ... ئیستا لەو گرانیانەی روو بە رووی دەبین بەتایبەتی لە ئافرەتە هاوڕێکانەوە ... دەیانەوەی لە هەمووشدا بەشداری بکەن لە هەموو دەورێکی پەروەردەیی کە رای دەپەرێنن ... هەموو دەورێکی خۆ کۆکردنەوە .. واتە وای دا دەنێن هەموو کاریان لە هێلەکانی پشتەوەی جەنگ بەس نیەو سوورن لەسەر ئەوەی بەشداری بکەن لەبەرەدا ، ئەو بەشداریەی تا ئیستا لەو باوەڕە دایە دەوری پیاوە کاتێ نەبێ هەندێ پیاو پاشەکشە بکەن ئەوسا ئافرەتی تێکوشەر لە جێیان دادەنێین نەك لەبەر کوی نەدان بە ئافرەتانی تێکوشەر بەڵکو لەبەر ئەوەی ژیان هەمیشە دەور دابەش دەکات بەسەر مخلوقاتی مرۆڤایەتیدا بە پێی پێویست ئەو دەورە بە تەواو بۆ فلان پیاو دەشێ هەر وەك بۆ ئەوانی تر دەشێ ، هەتا لە نێوان پیاواندا هەندێك دەور هەبە هەمیشە خەڵك لە هێزی تایبەت وەك ئەوان نین لە پیادەدا ئەوانە لە درع کار دەکەن وەك ئەوانە نین لەسەر توپ کار دەکەن ، وەك ئەوانە نین لە هەندەسەی ئالی کارەبایی کار دەکەنو بەم جۆرە ، کەواتە پیا ئەرکی بۆ هەیەو لە ناو سوپادا ئەرك هەیە ... جۆرەچەکی هەیە ناتوانی هەمان ئەرك ببینێ کە جۆرێکیتری چەك دەیبینێ .

کەواتە مەسەلەکە لە ئافرەت کەم ناکاتەوە کە دایك بێو ژیان بە هەموو مانا فراوانەکەیەوە لەوێوە دەست پی دەکاتو دەوری ئافرەتانی عیراق ئێمە باسمان کردوە بەبێ ئەوەی تەنیا بۆ خۆش دواندن بوبێ ، لە بەردەم ئێوەو لە بەردەم گەلدا دەڵێم لەو کارانەی ئیستا روو بە رووی دەبین ئەوەیە ئافرەتی عیراقی نیشتمان پەروەر سەرجەم لە بەعسیو غەیری بەعسی ئارەزوویان هەیە لە جەنگدا بەشداری بکەن ئەمە لە هەفتەی یەکەمو دووەمو سێیەمی جەنگدا دا نیە بەڵکو لە کۆتای ساڵی چوارەمی جەنگداو بە توندیو بە راستی .

● ژیان یاسای ناوەندی هەیە ●

ژیان یاسای ناوەندی هەیە کە لقە گشتیەکانی ئیشارەت دەکات لەو یاسا ناوەندیانە نەتەوەیەك کە دەیەوێت راپەڕێ یان رادەپەڕێ بەرەنگاری ئەوە دەبێتەوە دەیەوێ بەری راپەراندی بگرێو لەگەڵیا دەکەوێتە زۆرانبازی خویناوی بۆ سەلماندنی حالەتی راپەرین ، یان سووربون لەسەر بەردەوامیو لە مێژوودا زۆر نموونەی ئەو نەتەوانەمان هەیە کە رائەپەڕێ روو بە رووی هەوڵدانێ دەبێ وای لێ دەکات بکەوێتە .. زۆرانبازی خوێناویەوە تا سەر بکەوێ لە پێناوی بەردەوامی راپەرینەکەیداو هەندێ جار زۆرانبازی خوێناویو ئەم زۆرانبازیە خوێناویە لە خاسیەتی نیشتمانیو مرۆڤایەتیو نەتەوەییدا باد ئەکرێتەوە بەو جۆرەی هەموو توانای هەڵدەستی لە کاری راپەریندا .

● حالەتێکی نوێ ناوی عیراقە ●

ئێمە لە عیراق چوینە ئەو زۆرانبازیە خوێناویە چونکە راپەرینو لەم زۆرانبازیە خوێناویەو خۆراگرتنی عیراقی مەزن بەم جۆرە وای بۆ دەچم ئەگەر بە ڕێگایەکی هیمنانەش بو بێ زۆر هوی خێرخوازی لە دەروونی بە شەری مرۆڤی عەرەبی لە دەرەوەی عیراقدا هەڵسانو ناکرێ خۆراگرتنی بەرگری بە رووی داگیر کاری زایۆنیدا لە بەیروت ئەو خۆراگرتنە بالایە جیا بکەینەوە کە گەلی عیراق بەدی هێنا .

شەرمیان لە خۆیان دەکرد نەجەنگن وەك پێویستە چونکە حالەتێکی نوێ هەبە ناوی عیراقە حالەتێکی لەو گەورەترە بە پێوانەی تەقلیدی ئیتر بۆ نەجەنگن بە رووی قەوارەی زایۆنیدا لەو باوەڕە دام ئەم حالەتە یەکێکە لە هۆ سەرەکیەکانی دروستکردنی حالەتێ لە عەقڵو ویژدانی جەنگاوەری فەلەستینیو عەرەب لە بەیروت لە کاری خۆراگرتنا بە رووی دەستدرێژی زایۆنیدا .

کەواتە ئەم کارە وەك بەعسیو وەك عەرەب لە قۆناخەکانی داهاتوودا بەرەکەی وەردەگرین لە دەروازەی تەنگی حزبایەتیەوە نەء بەڵکو لە دەروازەی راونینی فراوانی حزبمان بەپێی بەرپرسیاری نەتەوەییو لەو باوەڕە دایە ئەنجامەکەی وەك عەرەب وەبەر دەهێنن بە ئیجابی کە هوی ژیانەوەی دەروونی دەبێ بۆ عەرەب .

● وەك بەعسی ئەمە قەدەرمانە ●

وەك بەعسی ئەمە قەدەرمانەو دەبێ بەقەدەرێکی شەرەفمەندی دانێینو لێی بێزار نەبین بەتایبەتی کە بار لە سەر شان گران دەبێ بەڵکو بروێنو ئەهلی ئەو بارە بین کە سووك نیە بەلام لەو باوەڕەشدام قورس تر نیە لە توانای بەعسیەکان بەپێی خەتی مەبدەئیو توانای عیراقیەکان بەپێی بینای مێژوویی قولیان لەسەر ئەم ئەرزە ، بەڵکو من لەو باوەڕەدام کە هێشتا عیراقیەکان لە بەعسیەکانو غەیری بەعسیەکان توانای هەڵگرتنی باری قورسی تریان هەیە .

لەباری دەوڵەتیدا شەش مانگ لەمەو بەر کەس نەبوو بایەخ بە شەر بدات بەڵکو بایەخیان بەکاروباری تر دەدا بۆ نموونە ئەمەریکا لەفلانە شوێن دابەزیو بەم جۆرە ... بەلام شەر کەس نەبوو بایەخی پێبدات ، بەلام ئیستا کە کاربەدەستێك لە دەوڵەتێکی ئەفەریقاوە بروات بۆ ولاتێکی ئەوروپاو بەیانی ناوکۆیی دەربکەن دەبێ باسی شەری عیراقو ئیرانی تیا بێ ، ئابلوقەمان بۆ دورگەی خەرج چەسپاوەو توانامان بۆ راپەراندنی پشت بەخوا راستەقینەیە .

● بینای مرۆڤ وەك پێویستە دەروات ●

بینای مرۆڤ بەو جۆرە دەروات پێویستەو ئەمە بە خاسیەتێکی نوێی سەردەمی نوێی ئەتەوەی تێ دەگەم کە دەیەوێت راپەڕێ .. بەڕێگای راستدا دەروات لە هەموو مەیدانێکدا .

هێشتا لە مرۆڤی دەوڵەتدا توانا هەیە دەبێ بکەوێتە کار مرۆڤی دەوڵەت کە ئێمە بەشێکین لێی بەلام کە لەحزبدا دەبین هیمەتمان بەرز ترە لەوەی لە دەوڵەتدا بین هەندێ جار هەندێ لە بەعسیەکان کە لە دەزگای دەوڵەتدا کار دەکەن لایەکیان پەکی دەکەوێت یان ژەنگ هەڵدەهێنێ جا کە ژەنگ دای لە مەسلەکی بەعسی لە دەوڵەتدا ئالۆزی لە روانینی مندا ئالۆزی ئیداری نیە بەڵکو ئالۆزی لە باوەری هەندێکدایە بە بیروباوەر ، چونکە دەبێ بەعسی دەوڵەت نەیشێوێنێ هەر چەندە دەوڵەت لە هەموو مێژوویدا بیروباوەر نادات بە مرۆڤ بەڵکو بیروباوەر وەردەگرێ بەلام خاوەن باوەڕەکان دەتوانن وەك پێویست دەوڵەت رابێنن لەسەر ئەوەی بەپێی بیروباوەر هەڵسورێ ئەگەر حزبەکەمان دەوڵەتو دەزگاکانی رانەهێنا لەسەر هەڵسو کەوت بەپێی بیروباوەر ئەوا بەکردەوە لەرادەی خواستدا نابێ لە روی قولی بیرو سلوکەوە کە دەبێ چاو بگێردرێتەوە بە هەر لەقینێکدا لەم دوو سیفەدا روودات ئەگەر لەقینی واروی‌دا ، ئەوەی ماوە کەمترە لەوەی رۆشت لە هەموو حالدا ئەوەی ری دەکات دەبێ تەواوی کاتو باوەرمان بە بەعسیەکانو بەگەل موتلەقە ، پشت بەخوا بەخێرو هیمەتی بالا دەتان بینینو سەربەرز دەبنو سلاومان بۆ هەموو هاوڕێیان لەحزبدا .

Institut Kurde de Paris

لەسەر شیعرەکەی نالی

● عبدالرحمن معروف رسول ●

ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٨٤/٣/١ لە ژمارە (٧٢٧)ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا لە لاپەڕە (٣)دا لەلایەن برای نازیز (محمود احمد محمد)ەوە ووتارێك بلاو کرایەوە بە ناونیشانی (چەپکە گوڵێکی تر بۆ سەر گوڵشەنی نالی) .....

سەرەتا ئەڵێم گەڕان بەدوای هۆنراوەو نوسراوی کۆنو ڕزگارکردنیان لە نێو چوون کارێکی زۆر پیرۆزە . ئەو کەسانەی کەلەپووری نەتەوەکەمان زیندوو دەکەنەوە ، یا هۆنراوەی بلاو نەکراوەی شاعیران یا هەر بەرهەمێکی تری ئەدیبان شایەنی ڕێزو سوپاسن لە ڕاستیدا ئەدەبی نەتەوەکەمان دەوڵەمەندو خاوەن گەنجینەیەکی ناکۆتایە ، جا پێویستە لە هەر یەکێك لە ئێمە بە پێی توانینی خۆی هەوڵ بدات بۆ زیندو کردنەوەو ڕزگارکردنی ئەم بەرهەمە ئەدەبیانەی کە بلاو نەکراونەتەوە ، بەڵام شتێك هەیە دەمەوێ بیڵێم ئەویش ئەوەیە تکا لەو بەڕێزانە دەکەم ئەیانەوێ هەر هۆنراوە یاخود هەر بابەتێکی ئەدەبی تر کە بلاو نەکراوەتەوە بلاوی بکەنەوە ، پێویستە لە چەند سەرچاوەو لایەنێکەوە بەڕێك وپێکی ڕوونی بکەنەوە کە هی کێیە بە هەلە دەست نیشانی خاوەنەکەی نەکەن ، جا باسەکەمان لێرەوە سەرهەڵئەدا : ئەوەی ڕاستی بێ ئەم هۆنراوەیەی بە ناوی نالی بلاو کراوەتەوە لە پەڕتوکی (مقیدذنیقور)(١) بەر چاوم کەوت بە دەستی تاهیر گەزنەیی(٢) لە ساڵی ١٣٦٩ کۆچی دا لە شاری کەرکوك نوسراوەتەوە ، ئینجا دەمەوێ بۆ کاك محمودو خوێنەران شتێك بخەمە ڕوو کە ئەم هۆنراوەیە هی کێیە ؟ ئایا هی نالیە ؟ وەئەم هۆنراوەیە چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ ئەم هۆنراوەی بە ناوی ئەمین شنۆیی‌یەوە بە ناوبانگە لە ناو مەلاو پیاوە ئاینی‌یەکانا(٣) ، جاتکا لە خوێنەران ئەکەم ئەگەر ئەم هۆنراوەیان لا دەست ئەکەوێ بە هەر شێوەیەك دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاکردنەوەی کوردی ئاگادار بکەنەوەو بینێرن تا وەکو شاعیرو ئەدیبەکانمان چاوێکی پیابخشێنو خاوەنە ڕاستەقینەکەی بۆ بدۆزنەوەو سەرنجی دارشتنی هۆنراوەکەش بدەن بزانن لە هی ئەم شاعیرە دەچێ ؟ تا هەر کەسە ماڵی خۆیی وەربگرێتەوە ، ماندوبوونی خاوەن ماڵ بە فیڕۆ نەڕواتو ببێتە (چەپکە گوڵێکی تر بۆ سەر گوڵشەنی ... ؟؟) ئەگەر ئەم داخوازیانەشم نەهاتە دی ئەوا چاوەڕوانی پاشە ڕۆژی ڕەوتی ئەدەبی کوردیم کە ئەم هۆنراوەیە لە یەك ببژێرێ ، ئەوەی شایەنی باسیشە ئەوەیە کە هۆنراوەکان جیاوازی یان لە نێوان دانی‌یە لەو دێرانەی کەوا دووبارە کراونەتەوە کە شەش دێرە تەنها لە چەند ووشەیێ نەبێ کە کارێکی وای نەکردۆتە سەرماناو کیشو سەروا ، بەڵام هۆنراوەی بە ناو ناڵی دوو دێری کۆتایی لە هۆنراوەی بە ناوشنۆیی دانی‌یە ، کەچی پێنج دێر لە هۆنراوەی بە ناو شنۆیی لە هۆنراوەی بە ناو ناڵی زیاترە ، لێرە دا پرسیارێك سەر هەڵئەدا : ئایا هیچ شتی لە خۆیەوە دروست دەبێ ؟ مەبەستیش ئەوەیە کە ئەم هۆنراوەیە بۆ خراوەتە پاڵ ناڵیو شنۆیی‌یەوە ؟ با سەیری دێری کۆتایی هەردوو هۆنراوەکە بکەین ناڵی دەڵێ :

نالیا بیستوومە ئەمڕۆ یار خەڵاتی کردووی
ساوەرە ئەمجارە بمرە تۆ لەسەر ئەم خۆشی‌یە

یان شنۆیی ئەڵێ :

ئەی ئەمین فەسڵی بەهارە ڕەونەقێ لە ناو گوڵان
ئەزیەتو میحنەت بەسەر چوو ئنجا نۆرەی خۆشی‌یە

مەبەستیشم ئاشکرایە ، نە وەك بڵێم کە ئەم هۆنراوەیە هی شنۆیی‌یەو بەس ، بەڵکو چاوەڕوانم ، هەواڵێکی ڕاست بێتە ئاراوە ، کە ئاواتی منو هەموو ئەدەب دۆستێکە . بیرم بۆ ئەوەش چوو کە وێنەیەکی دەست نوسەکە بکەمە دیاری بۆ خوێنەران ، بەڵام دەبێ ببوورن کە بۆم ئەلوا وەنوسراوەکەش زۆر پلتۆخو ناشیرین نوسراوە .

■((ئەممەش دەقی هۆنراوەکەیە))■

ڕۆحی شیرینم لە بەرچی ئەمڕۆکە لوتفت نی‌یە(٤)
نووری بینای چاوەکانم پێم بڵێ سووچم چی‌یە
بێ قەباعەت لێم زویری چاکە ئینسافت هەبی
تا وەکو نەمرم مەحاڵە ڕۆینم لەم قابی‌یە
حەپسی چاوی موحسینم کافر بە حاڵی من نەبێ
کاروپیشەم دائما گریانو شینو زاری‌یە
خوێن لە چاوانم خرۆشە تاکو فارەی بەستووە
جارێ نامبەیتە سەر ئەم حەوزو جۆگەوکانی
قاسیدی ئەحمەق دەنێرم بۆچ خەبەر نایەتەوە
گەر دەچم نابێ ئەگەر ناچم دەڵێن بێ ڕەحمی‌یە
شێخی سەنعانی ئەگەر دەستی بە دامانت بگا
خەرقەوو تەسبیحو تاجو تەیلەسانی بۆچی‌یە
واعزێك دوێنێ لە سەرمینبەر وەها وەعزی ئەدا(٥)
هەر کەسێ یاری نەبێ ئەحقیقە عومری فانی‌یە
قازی‌و موفتی دوێنێکا ئەسحەتی منیان ئەکرد
ئەمڕۆ قازی موتربە ، ساقیش جەنابی موفتی‌یە
ڕەنگی گوڵ قوربان وەکو ڕوخسارەکەت ڕەنگین نی‌یە
شەکەری میسری وەکو گوفتارەکەت شیرین نی‌یە
زاهیدو سۆفی ئەگەر سەد ساڵی دیش تەوبە بکەن
شارمزا نابن وەکو من موشکڵی ئەم وادیە
ئەی ئەمین فەسڵی بەهارە ڕەونەقێ لە ناو گوڵان
ئەزیەتو میحنەت بەسەر چوو ئنجا نۆرەی خۆشی‌یە

لە کۆتاییدا سوپاسی کاك محمود احمد دەکەم کە ئەم هۆنراوەی بلاو کردەوە تا وەکو منیش ئەم چەند سەرنجەی لێ بدەمو بیخەمە بەرسەرنجی خوێنەران .

● **پەراوێزەکان :**

١ ـ کتابێکی (علم الصرف)ە کە لە ساڵی ١٣٢٣ی کۆچی چاپکراوە ، کانوسەریش لاپەنە نوسراوی لێ دۆزیوەتەوە هۆنراوەکەی لێنوسیوە وا دیارە لە بێ کاغەزی بووە .

٢ ـ تاهیر گەزنەیی ئێستا مامۆستایی سەرەتایی‌یە لە هەولێر .

٣ ـ لە زۆر مەلاکانم پرسی : وەلامیان ئەوە بوو کە ئەم هۆنراوەیە بە هیچ جۆری هی نالی نی‌یە ، بەڵام من لەگەڵ ئەوە نیم .

٤ ـ لە دەست نوسەکە ووشە عەرەبی تیابوو بۆیە بە چاکم زانی بیان هێنمە سەر شێوەی کوردی (لوطفت : لوتفت ، واعظ : واعز ، قاصد : قاسید) .

٥ ـ شێوەی دەست خەتە کەلابەنێکی تری تیا بەدی ئەکرا ئەویش شێوە نووسی عەرەبی : (ام : ئەم ، احمق : ئەحمەق ، عمری : عومری) ئیتر سوپاس .

دروێنەو ستران

جارەکا دی دێ بەحسێ سترانێن دروینا کەین ، چونکوئەز بخو گەلەك حەژ فان سترانا د کەم و گەلەك پوێتەیێ ژی د دەمە فی بابەتێ فولکلوری یێ هێژا ،

ژ بەر هندێ کو دروینە د ئی سەردەمی دا یا بەرف بریانێ ئە د چیتن و بێ ئەگەریان ، لەوا د ئێتن ئەف ڕەنگێ ڕند و شەپال یێ سترانێن کوردی بهێنە کوم کرن و پارێزتن دا کو نە چن وەکو گەلەك تشتا . هەر وەکو مە گوهل هندەك وان سترانا بوی ، ئەف سترانە جوان ترین و خومال ترین پەیڤێن لێك دای و تەر و نازك و ژێهاتینە ، ئو فان پەیڤێت هوسا دەورەکێ بەرکەتی هەبو د کاری دا ـ کو دروینە بو ، دروینە ژی هەر وەکو ئەم د زانین کارەکێ سەرەکی بۆ د بارێ ئابوری دا د ژیانا کوردەواریێ دا د وەختێ خوە دا ، یانکو هەکە ئەم ل دویف بچین دێ سترانێ کەینە د هەڤبەندەکا جەدەلی دا د گەل ئابوری و دگەل هەڤبەندێن کومەلایەتی یێت پر چەق و گرێ . لێ هەکە ئەم ب ساکاری بنێرینە بابەتی و ب سەرفە سەرفە پێدا بچین دێ بینین کو دروینێ .. ئی کارێ هندە نە خوش گەلەك سڤك د بوو زی د بوری .. ئایا ئەگەرێ وێ چەندێ چیە ؟ ئەز د شێم دەورێ سترانێ دا نم دەورەکێ سەرەکی ـ هەر ژ بەر وی ئەگەرێ مە بەری ئی گاڤێ گوتی و مە نە ئێت ئەم وی دەرگەهی د ئیگاڤێ دا بقوتین .

ئەف سەروبەرە .. بانکو دروینە .. من بخو یا دیتی و یا کری و من سترانێت ئەگێراین . ئەز لەوا هەستێ ب وی دەورێ مەزن یێ سترانێ د کەم د کارێ دروینێ دا . ئو ئەف تشتە یێ ئاشکەرایە د دستار هێرانێ ژی دا ما هەکە ستران د بەر دستارا دا نە هاتبا گوتن ما کی دا کوم کرن و ئامادە کرنا

رمضان عیسی

شێت هەتا سپێدێ نە ئێت و هەر دستاری بادەت ، گەلەك کارێت دی ژی هەبون ستران دەورێ خۆ تێدا هەبو ،وەکو لاندك هژاندنێ ، یان ژی دەمێ ژنکا کورد ڕێسانەك یان ئەهاندنەك یان هەر مزیلاهیە کا دی کربا ، هەر وەسا سترانێ دەورێ خۆ هەبو د سەرکەتنا دا د شەرا دا ، ل دەمێ کو کچەکێ بەندەك هافێتبا سویارا ، ئەوان مرن ل بەرێ خۆ نە د دیت و .دا قیچکەنە دوژمنی و چ ترس د دلێ وان دا نە د ما . نە ، ژی یا زێدەبو من گوتی چونکو نە هند تشتەکێ ئەشارتیە و یێ دویرە ژ ئاوایێ مە . لێ مەبەستا من بتنێ ئەوە نەز «تلمیح»ە کێ بدەمە گرنگیا سترانێت کوردی ئێکجار بێت دروینا ، دا کو هەمی کەنجێت مە پوێتەیێ بدەنە بابەتی و کوم بکەت ل سەر کاسێتا چونکو دەنگی گرنگیا خۆ گەلەکا هەی چونکو هەر ڕەنگەکی ئاوازێ خۆ یێ هەی ، نهە گەلەك سترانێت هەین وەکو «سینەم خانێ» ل دروینا ژی دبێژن و ل دەهواتا ژی و ل دستار هێرانا ژی و ل مزیلاهیا ژی ـ لێ ل فێرێ دەنگ یا نکو ئاواز دەورێ خۆ د ئینیت ئو ل دماهێ هیفیا من هەر ئەوە کو نەز بشێم خەریکیا خۆ بیمە سەری و هژمارەکا هلبژارتی ژ سترانێن دروینا ب سەروبەر بکەم و پێش کێشی دلسوز و خەم خورێت کەلەپوریێ مللەتێ خۆ بکەم . ئو نهە ئی سترانێ د گەل من ئەگێرن یا کو ژ جەرگ و هنافێت کوردەواریێ دەرکەتی و هاتیە ژەنین ل بەر دەفێت داس و قەیناغا و هاتیە گوتن د ناف خوە و وەرارا ئەینا پالێ کورد و هاتیە ئەگێران ب هزاران جارا ل سەر لیڤێن زەری و پەریێن دول و چیایێن کوردستانێ ..

لەبرسەی نۆبەرە دیوانێکی جوانە مەرگ دا

● **قوباد جەلی زادە** ●

شاعیرێ بووم گەوجو نەفام ..
بە سەرابی عومری جوانیت هەڵخەڵەتام !؟

* * *

کە دەهاتی
کارە شیعرم لەبەر پێتا دەکوشتەوە !
ووشەکانم قردێلەبوون
بە چەپکەتیشکی قژتەوە .

* * *

لەسەر مێزی شەوی تاری ژوورەکەتدا ،
سەدان گڕی شیعرم خۆش کرد .
سەبارەت بەو چاوە ڕەشەت ..
دەیان چاوی زەردوشینم ،
فەرامۆش کرد .

* * *

هەرچی فرمێسکی شیعر بوو
بۆ سینگی تینووی تۆم هەڵڕشت .
لە ئارەقەو خۆشاوی خوێن ،
پێکەوەنا
دیوانێکی لە بارو قشت .

* * *

هەزار ناو سەری تێژەنیم ،
هەر ووتم‌نا .. !
تا نۆبەرەی شیعرەکانم
بە ناز ناوی تۆوە ناونا .. !؟

* * *

ئەوێ ڕۆژێ ..
بە سۆراغی‌یا .. ڕێکەم بردە ،
کتێبخانەکەی چەقی شار ..
دیم لە سووچێکی تا ڕیك‌و تەنگەبەردا .
وەك بەبازی تاقی جوجرەی مزگەوتەکان ،
تۆڕ درابوو ..
تۆز گلینەی چاوەکانی هەڵکۆڵی بوو !
لاشەیێ بوو دیوانەکەم ،
کزر بێ‌ڕەنگ ..
وەك دووا گەڵای پایزێکی مەیلەو درەنگ .. !

* * *

هەڵتووتر کام بە دیاریەوە ،
فرمێسك قەتیس لە چاوا ..
وەك جووتیاری ڕەنج بەخەسار ،
لە ئاست خەرمانی سووتاوا ..

* * *

هەر لەوێدا ..
شیعرێ بە قەد نووکی دەرزی ،
بۆنی قژی تۆی پێوە بوو .
پێم لە کزەی جەرگی خۆم ناو
ستەرم بڕی .. !
هە چ ووشەیێ ..
لە ڕێ‌ڕەوی پێشوازیتا
ئاوێنەی نابوو بە کۆڵ .
بەرەو خەرەندی بەردەڵان ،
هەڵم بڕی ؟!
بە بێدەنگی دەروونداا هەڵگەرامو
لە چرکەی چاو قوچانێکدا ،
دەیان لانەی زەرنە قووتەی
شیعرم تێکدا !
ئەوسا ڕوەو
زنجی ڕووتو بڕسی‌یەکاندا ،
بۆ وولاتێ
پیرۆزتر لە عەشقی باڵات ،
بە ئاسمانی شیعری یاخی هەڵکشامو
باڵم لێکدا

* * *

مەتەل گوتن

« ئەوێ ڕۆژێ ئەز خوارم ڕۆژا تەگایێ سپی خواری »

وسیلە علی خالد

دبێژن دناف دارستانەکا ئەدەردا .. پر ژ داروبارێت بلند ... سێ‌گایێن زیخ ،ئو شێرەك درندە هەبوون ..ئەو گا هەر ئێك ژوان ڕەنگەك بوو ، یێ ئێکێ ڕەنگێ وی وی سپی بو ، ویێ دووێ ڕەنگێ‌وی زەربو ، وگایێ سێی ڕەنگێ وی ڕەش‌بو .

شێری پیلانەکدانا بو خوارنا وان گایا .. داکو تێر گوشتی بخوت .. بەلێ شێرێ درندە ئەف تشتە ژێ نەدهات ! زاروکێت خۆشفی هوین دزانن بۆچی ئەف تشتە ژ شێری نەدهات؟ بەرسف گەلەکا ساناهی‌یە .ئو هوین هەمی ژی دزانی چونکە هەر سێ گایێت مە هەر وەخت پێکڤە بوون ..ئو ئێك دەست بوون .و ئێکەتیا وان پێکڤە قایم‌تر بو ژ هێزا شێرێ درندە .

بەلێ شێرێ فێلباز قەنج هزرا خوکر داکو ڕێیەکێ بخۆ ببینیت ئارمانجا دلێ خو بجهبینیت ئو هەڤالێت خو بخوت .. ئینا تەکبیرا خو کر هەتاکو دیماهیێ گەهشتە وێ چەندێ وان ژێك ئەکەت ، بڤێ چەندێ بتنێ تشتێت کریارا دلێ خو بنجهکەت .

ڕۆژەکێ ژڕۆژان خو گەهاندە گایێ زەرو یێ ڕەشی و، گوتە وان نوکە ئەم دژین دناف ڤێ دارستانا مەزن دا بخۆشی ئو تەناهی ژ دوژمنێت نێچیرفان چونکە ڕەنگێت مەوەکی ئێکن ... بەلێ گایێ سپی نەخوشیا دێ‌بسەرێ مە ئینیت ئو هوین دەستیرا من بدەن کو ئەز وی بخوم داکو بتەناهی ئەم بژین .. وتەنگافیا ژخو دویر بێخین .

بڕوانە ل ٧

بەهارێکی خەمگینی

ئەحمەد بەگی کۆماسی

● **عوسمان هەورامی** ●

بەهار بۆ کەسێ خۆیشی بەهار بێ
لەگەڵ گوڵاڵان باڵای دیار بێ

جا بە هانای پر لە پەلەپرووزێو هەڵە داوانەوە ، پەنا ئەباتە بەر فریشتەی سەرچاوەی بوونی‌و ، ئەم هۆنراوە نایابە(٣) ئەبێتە مایەی ڕەنجو هەستو پەنجەو خامەی ناسکی :ـ

وەهار نمانا ، وەهار نمانا
وەهار ڕەنگی سەوز گوڵگوون نمانا(٤)
بولبولان نەغمەی زوگاری وانا
عاشقان جە چەم هوونناوان شانا(٥)
دریاوە ڕێزەی هوونناوی زەمین
پۆلی نازداران جەلادا جەمین(٦)
سەیلات هۆرێزا ، شەتاوان ماڵا
وەفری نساران بەردش وەباڵا(٧)

لە فەرهەنگی لێکدانەوەی شەیدایانا ، بەهار ترۆپکی شادیو ژیانی نوێو ، نوێبوونەوەیە . یەکێکە لە وەرزە هەرە گەشەکانی دڵانی پر لە ئاگرو تینی خۆشەویستیی بێ‌گەردی بێ‌سنوور ...

شەیدایانی ڕاستی لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیانەوە ، بە شێوەیەکی جیاوازو لە ڕووی سەرنجی تایبەتی خۆیانەوە ئەڕوانننە بەهار ، بەهاری سەرچاوەو بزوێنی هەستی بە جۆش‌و بجمێنی کڵپەی متکراو ، بگۆڕی سەراپای سروشتو ژیان ...

ئەگەر ئاواتو بەهاری دڵی شەیدایان یەك کەون ، وا گەرمەی سەردەمی بە دیهاتنی وەرزی دەروونەو ، بوونی سەودا سەر ئاوێزانی وەرزی دڵا نەو گەلەی لە بەخت ناکرێ ، ... خۆ ئەگەر نیگارو دیمەن ئاوەژوو بن ، وا دۆزەخی بێ وێنە بەر ئەبێتە گیانی بێ‌ئارامو پر لە کڵپەی ئەویندداری ڕاستو دروستو ، بوونی هەڵئە قرچێنێ ....

ئەحمەد بەگی کۆماسی(١) [١٧٩٣ ـ ١٨٧٦(٢)] یەکێکە لەو شاعیرە شەیدایانەی بەڕاستی ڕێیان بە ڕێڕەوی ئەوینی ڕاستو بێ‌گەرد بردووە ، بەر بەشی دووەم کەوتووەو ، لەگەڵ گەشتی لوتکەکانو دیداری بەفرو کانیو خاڵخاڵو گوڵزارەکانی کوێستانی نەخشینا ، ناڵەو هاواری بێ‌پایانی بەرز ئەبێتەوەو ناسۆرێك بەبوونیدا گوزەر ئەکات ، هەر وەك بڵێی زمانی جەستەی ئەم تاکە فۆلکلۆری‌یەیە :

وەهار پەی کەسێ وێچش وەهار بو
چەنی گوڵاڵا باڵاش دیار بو

واتە :

داران ڕەنگی سەبز پەیدا کەردەوە
ڕەنگی سیای تار جەوێ بەردەوە(٨)
وەفراو هۆرێزا ، شەتاوان جۆشا
عەرصەی سەرزەمین بەرگی سەبز پۆشا
شاخەی شەتاوان سەدای سازو تەرز
خەمان بەرد لە یاد ، دەماخان کەرد بەرز
سنوور چەی گوڵان جە نۆ پەیدا بی
عاشقان بێ هۆش ، شێت‌و شەیدا بی(٩)
ئەو وەل وەنەوشە جە خاك هورداسەر
بۆی عەتر مدا چوون زولفی دلبەر
بەرەزا پەخشەن وەسەر ئەندەردا
ئاوێزان بیەن وەسای کەمەردا(١٠)
نەورۆز گوڵ کریاش تاسەی سەراوان
ڕێزیان نەپای ڕێزەی شەتاوان
چنوور کۆنە زێد لەیلا خان کەرد مەیل
جۆق جۆق جەم بەستەن وێنەی زولفی لەیل(١١)
چنوور جە سەرکۆ ، وەنەوشە لە چەم
گوڵ جە گولستان جەهەم بیەن جەم(١٢)
سۆسەنی ساق سەوز جە لانساران
چوون تەوافچیان پەی دینی یاران(١٣)
عاشقان گوڵان مەلەرزانەوە
سەف سەف جەم بەستەنوە بەرزانەوە(١٤)
شەقایق مدران جە لانساان
زار زار مەگرەوان پەی دینی یاران(١٥)
خەم گرتەن نە دڵ ، دەروون کەردەن کەیل
مەواراش نە چەم ئەسرین وینەی سەیل
گوڵان بەسەد ڕەنگ زەمین پۆشنا
عاشقان سەودای دەروون جۆشنا

بڕوانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

بەرهەڤدانا بیزەنتی ل بابەتێ ئەزمانێ کوردی

● صلاح سەدالله ●

دبێژن هینگا لەشکەرێ ترکی ئێریش دبەرن سەر باژێرێ « قوستەنتینی »یێ - ئیستامبولا کەفن - پایتەختێ دەولەتا بیزەنتی ، سالا ١٤٥٣ ، خەلکێ باژێری کەتی بون بەر گرفتاریەك مەزن . هەلبەت ، مرۆڤ دێ هزر کت . گافا وەلات بکەفت بەر تەنگافیەك هوسا گران حالێ هەمی خەلکێ دێ نەخوش بت . لێ تەنگافی یا بیزەنتی یا خەم ژێ دخارن نە ئێریشا ترکا بۆ و نە گەفا سەهما کەتنا نێزیك بۆ . پرس بۆ وان نە ئەوا مان و نە مانێ بو . نەخێر . گرفتاری یا وان گەلەك مەزنتر بۆ و ئێکجار سەهمتر بۆ . نێ گرفتاری یا خرابترا وان ئەڤە بۆ : گەلۆ جن نێرە ئان مێ یە ! باژێر ببۆ دوجین ، جینەکێ دگۆت جن نێرە . جینێ دی ماندلا دکر و بێ دودلی بەرسڤ ددا کو جن مێ یەك تەمامە ! ڤێجا هەر دو جین ب ڤێ بەرهەڤدانێڤە مژۆل و بەرگری ژ بیر کرن و هند دبتن لەشکەرێ بیانی دا سەر وان و باژێر گرت و دەولەتا وان هەرفاند . بەرهەڤدانا پێگوتی یا بێ - بەوش ل دبروکێ ناڤێ بەرهەڤدانا بیزەنتی وەرگرت .

نوکە ژی گافا بەرهەڤدانەك دۆر و درێژ و بێ - سود ل ناڤبەرا خەلکێدا هەلکەڤت مرۆڤ دبێژت گەلۆ ئەڤ بەرهەڤدانا بیزەنتی بۆچی یە ، چونکو ئەو پرسەکێ چارە ناکت ، و بەس دەمی هندا دکت ، هەکە تێکڤەدانێ پەیدا نەکت و زیانەك بێقام نە گەهینت هەمی یان .

ب هزرا من بەرهەڤدانەك هوسا ل ناڤ خەلکێ مەدا هەبە ، گەلەکێ درێژکری و هێش پێڤە دچت . ئەڤ بەرهەڤدانە ژخوڤە ل بابەتێ ئەزمانێ ئەدەبی یێ هەڤکرتی یە .

مە ژی دو جین هەنە . یەك دبێژت زارافێ سۆرانی باشترە ڤێجا پێدڤیت هەمی کورد ، چنەبت ل عیراقێ پێ ب خوینن .

جینێ دی دبێژت کرمانجی ژ سۆرانی چێترە ، زارافێ « مەم وزین »ە ڤێجا ئەوە زمانێ ئەدەبی یەکگرتی .

● شاراندن ●

بەرهەڤدانا مە سالا ١٩٦٠ ، ل شەقلاوە ل کونفرەنسێ دۆوێ یێ ماموستایێت کورد هاتە شاراندن . ل وێرێ ماموستایێت رێزدار کۆم ببون دا بەرێ خو بدن بارێ پەروەردەیی و روشنبیری یا مللەتی . ئەز ژی ل وێرێ بوم ، ل سەر خاستنا مامۆستایان ، و مێهڤانێ کونفرەنسێ بۆم . ئەز کەتم ناڤ کارێ کۆمیتەیا زمانیدا . کۆمیتە ژ بیست کەسان پێکهاتی بۆ . قەنج ل بیرا منە برادەرەکێ ل سەر کرمانجی و سۆرانی ئاخفت . هینگێ روشنبیرەکێ کتێبوکەك نڤیسی بۆ ل سەر ڤی مژادی رامیارەك ناڤدار کو هەڤپشکی ل ناڤ کاریدا دکر گەلەك تنگژی گافا ئەڤ ئاخفتنە بهیست و رابۆ سەر خو و ئەنری گۆت کو ئەڤە نە ئەو دەمە مرۆڤ ل سەر ڤی بابەتی باخفت . هزرا کۆمیتەیێ ئەو بو کو تشتێ مە نوکە هەبت پێدڤیت ئەم ل سەر ئافا بکین و هەکە پێڤیابت ب ئەوێت دی خەمل بکین . کەسێ نەگۆت پێدڤیت ئەم زارافەکێ ڤەمرینین بۆ ڤێ ئێکێ . کەسێ ژی نەگۆت کیش زاراڤ چێترە کۆمیتەیێ قەبۆل کر کو ڤی دەرگەهی ڤەنەکن .

● خاندنا کوردی ●

ڤێجا مامۆستا ، رەوشنبیر دەست هەلینان دا بریارێت کونفرەنسی وەستا ب جهێ بینن . خەبات ل بەهدینان پچەکێ زەحمەت بۆ چونکو خاندنا کوردی ل وێرێ نوی بۆ . شاگردان ل وێرێ دگۆتن کرمانجی زارافێ مەیە . ئەم چێتر ژ سۆرانی تێدگەهین ، باشترە ئەم ب کرمانجی ب خوینین . ماموستا کەتن شیرەتا : ئەرێ وەیە ، لێ نە ئەو دەمە ، ڤی دەرگەهی نە ڤەکن ، دا جودایی سەرێ خو رانەکت . سۆرانی هەر کوردی یە زمانی مەیە ، بۆ مە دەستکەتنە شاگردان گوهێ خو دان ڤان شیرەتان و خاندنا کوردی وەسا ل بەهدینان دەست - پێکر و چەند سالان پێشڤەچۆ .

● رێزمان ●

بۆ مە رۆنتر دبت هەکە ئەم ژ نڤیسینێ ب چین رێزمانێ . هەرکەس دزانت کارێ رێزمانا کرمانجی بنەجهترە . گەلەك ل سەر ڤی بابەتی هاتە نڤیسین ، و رێزمان هاتە راهینان ل ناڤ نڤیسینا کوردیدا . بەسە مرۆڤ کارێ نژادی یێ هێژایی رەحمەتی « میر جەلادەت بەدرخان » و رەحمەت « میر کامران بەدرخان »ی نیشان بکت . ڤان رێبەرێت مەزن رێ یا نڤیست و خاندن و ئاخڤتنا راست بۆ مە هێسان کرن ، ئاڤاهی یا زمانی پاراستن ، هینگا بنیاتەك قایم بۆ رێزمانی دانان .

● زمانی ئەدەبی یەکگرتی ●

نوکە کیشکە زمانی ئەدەبی یەکگرتی ؟ چ رەنگە و چ نیشان هەنە ؟ ئەم باش نزانین چونکو هێش مللەتی ئەڤ زمانە نە هەلبژارتی یە ، لێ تشتێ ئەم دزانین ئەڤەیە : هندەك مرۆڤ کو ب زارافەکێ دنڤیسن دبێژن مە ئەڤ زارافە « زمانی ئەدەبی یەکگرتی یە » . ئەو چ توڤ زارافە ؟ ئەم دزانین کو ئەو پارچەیەکە ژ زارافێ سۆرانی .

سۆرانی یا راست و رەسەن و سڤك و ساناهی وتێر نێزیك کرمانجی « رەواندزی »یە ، ئان زارافێ دور و بەرایە . راستی رەواندز نە هەر وارێ سۆرانی یە لێ ستۆرێ کرمانجی و سۆرانی یە ژی ، ل باکورێ و باکورا رۆژئاڤایی کرمانجی دەست - پێدکت ، و ل باشورێ و باشورا رۆژئاڤایی سۆرانی ژ کرمانجی دۆر دکەڤت ، دگەهت سلێمانی ، دهەورامیرا دبورت و دبت لۆری پشتی لۆری دبت فارسی . لۆری ستۆرێ کوردی یە ل گەل فارسی .

ڤێجا هەکە زارافێ ئەدەبی یەکگرتی نە ل سۆرانی بت ، ئەو دێ چەوا ل بەراهی یا کرمانجی بت ؟ لێ هندەك هند ب گرن باش رەوشی یا هەیەری نابینن ، نزانن چ هەیە و چ قەومی یە ئان پێتێ ب هەر دووا ناکن . قەرڤەشا ئەو ل سەر « زمانی ئەدەبی یەکگرتی » دکن ڤێ ئارمانجا راست ڤاژی دکت و هێدی هێدی دو گەلان - سۆرانی و کرمانجی - دئافرینت .

پێنەڤێت ژی مرۆڤ بێژت مە نهو هەزار دەردێت گرانتر ژ زمانی ئەدەبی یەکگرتی هەنە ، یەك ژ وان نەخاندنە . نەزانینا خاندن و نڤیسینێ ، چ ب سۆرانی ئان ب کرمانجی ، ئەڤە دەردەك مەزنترە ، ئەڤە گرفتاری یەك گرانترە ژ ڤی هەمی شەرێ بۆ وجا زارافەکێ و دەڤەرەکێ . ڤێجا چێترە ئەم بزاڤێ بکین دا ژ ڤی دەرافێ تەنگ ب بۆرین بەری دەستێ خو بکین ڤێ گرفتاری یا نازك .

● زمان و سازکاری ●

مرۆڤ دشێت ب رەنگەك گەلەپەری بێژت کو هەر ل وەلاتێت سازکاری زاراڤ نامینن و زمانەك ب تەنێ ئەدەبی و یەکگرتی و هەمی ، ل مەیدانێ دمینت و باش جهێ خو دگرت و رهێت خو کۆر دکت . لێ تاکو ل چەند وەلاتێت سازکاری ژی ماچی یە سێ - چار زمان و زاراڤ هەبن و دەمەك درێژ ب مینن . نوکە ل ئیسپانیا ، بۆ نمۆنە ، « کەتەلانی » ، « گالیسی » ، و « باسك » ب رەخ ئیسپانیڤە دمینن ، و هێش زمان - زارافێت ئەدەبینە . گەلەك وەلاتێت دۆ - زمان هەنە وەك بەلچیکا : فرەنسی (ل دەڤەرا والونیا) و فلێمنگ (ل دەڤەرا هولەندی) و ل کەنەدا (ئنگلیزی - فرەنسی) ، لێ ئەم ل سەر وان نا ئاخڤین چونکو ئەو تشتەك دنێ !

من ئەڤ نمۆنە ئینان ، و ئەز دشێم ب ساناهی هێش بینم ، دا دیار بکم کو حالێ زمانێ مە ل ڤان مەرجێت هەیبەری و بەرامبەری ڤان زمانان و گەلەك زمانێت دی یێت جیهانێ .

لێ ئەم دیسا دبێژین بەرناکەڤت مرۆڤ شەرەکێ ل سەر ڤێ پرسێ بکت ، و چێترە ئەم ل نیڤا رێ ب گەهین یەك . بلا مە دو زارافێت ئەدەبی نوکە هەبن .. بەلکو ئەو رۆژەکێ ، پاشەرۆژەکێ ، ببن یەك . هەر باشە مە دو هەبن ژ کو مە چ نەبن ! وەك مە دیارکری هندەك خەلکێ زارافەك ئەدەبی نینە ، زمانەك بیانی بۆ وان میری یە . زمانێ مە ب خو میری یە و ناسکری یە .

ل گەل هندێ ئەم هیڤی دکین و دبێژین : خوزی مە یەك « زمانی ئەدەبی یەکگرتی » هەبت ، چ گۆمان تێدا نینە دێ مە هەبت هینگا خاندن ب کوردی ل هەمی وەلاتی بەلاڤ ببت . تاکو ب گەهین وێ قوناغێ بلا ئەم ب هەر دو زارافا ب خوینین و ب نڤیسین و بسترینین ، بلا هەر دو گولێت سورانی و کرمانجی گەش ب بن و بێهنا خوەیا خوەش ب گەهینن هەمی وەلاتی . بلا کۆبی چاڤ ل خانێ ب کت ، بلا جەگەرخوین ملێ خو بدت « گوران » و « هیمەن » و « هەژار » و « بێکەسی » ، بلا « هاوار » و « گەلاوێژ » وەك دو خوشکان بن ، بلا تەمبورا « حەمو » ل گەل گورانی یێت « فوئاد » کیانێ خەلکێ گەرم بکن ، بلا کەڤۆکا « حەسۆ » ل گەل « هەرێ لەیلێ یا » شەمالی دلێت لاوێت کورد ب شارینن .

بروانە ل ٧

بهرەنگی

مرۆڤ و هونەرمەند

جەلالی زەنگابادی

سەمەدی جوانەمەرگ(١٩٣٩-١٩٦٩ز) ، لە کووچەی (ئەسکوونیلەر)ی باشووری تەبریز لە دایك بوو وە هەر لەویش قۆناغی منداڵیتی و نەوجوانیتی بە ئیش و خوێندن بردەسەر ؛

تا لە سالی ١٩٥٨ز بووەتەمامۆستای سەرەتایی . بەڵام بەوە قایل نەبوو ؛ وە لەفرۆانکردنی ناسۆی رۆشنبیری و زانستی داکولنەدەر بوو . وە لەم بوارەدا توانی بەکەلوریۆسی زمانی ئینگلیزی وەربگرێت ، وە هەر بەخۆی فێری زمانی تورکی (ئەستانبوولی) ببێت.

بهرەنگی یازدە سالی رەبەقی لە دێهاتی (مەمقان)و (قەدجهان) و (ئازەرشەهر) و (گوگان)و (ئاخیرجان)ی ئازەری بە مامۆستایی بردە سەر . وە لەو ماوەیەدا خەریکی کتێب خوێندنەوەو نووسین بوو ، وەلە وەیش گرنگتر خوێندنەوەی کتێبە زیندووەکانی بوو ، واتە جەماوەری جوتیاران و رەنجدەران و پیرەمەردان و منداڵانی گوندەکان کە لەگەلیاندا پەیوەندی یەکی بەتینی هاوخۆشی و ئەفسانەو داستانەکانیان دەگەرت و چیرۆك و حەکایەتەکانی خۆیشی بۆیان دەگێڕایەوە . وە هەروەها کتێبی پێیان پێشکەش دەکرد یاخود بە ئیستیعارە . بە کورتی رێبازی سەمەدی نەمر لە ژیاندا ئەوەبوو کە فێریێت و فێربکات .

بهرەنگی هەر لە تەمەنی نۆزدە ساڵانەوە (کە دەستی کردووەتە نووسین) لەزەتی دۆزینەوەو ناونانی ڕاستی بەناوی خۆی چێشتووە .. وە لەم کایەدا یەکێك لە کتێبەکانی بەم ووتەی (بریخت) کردووەتەوە . «ئەوەی کە ڕاستی نەزانێت، بێهەستە . بەڵام ئەوەی کە ڕاستی دەزانێت و تەزییفی دەکات ؛ تاوانبارە» وە بهرەنگی وەکو ئەدیبێکی پێشکەوتوو خواز لە جیهانی سێهەمدا بەهەستو نەستەوە هەر لە بێناوی ڕاستیدا ژیاوەو نووسی یەتی و قوربانی بووە .

سەمەدی ڕۆڵەی کەلی ئازەری هەمیشە هەستی نەتەوایەتی و چینایەتی لە نووسینەکانیدا ئاوێتە کردووەو هونەرەکەی بە خاکی ئازەربایجانو جەماوەری و کەلەبووری دێرینی وە جۆشاوە هەرچەند کەلی ئازەری لە سایەی ڕژێمی فارسی ئۆتۆقراتیدا ناهۆمید لە مافەکانی و چەوساوەیە ، سەمەد هەر شەیدای زمانی زگماکی خۆی بووەو تێدەکۆشا بۆ کۆکردنەوەی سامانی کەلەپووروو فۆلکلۆری ئازەری و خەریکی تەرجەمە بوو لە ئازەری یەوە بۆ فارسی و لە فارسی یەوە بۆ ئازەری .

هەروەها ئەزموونی بهرەنگی لە ژیاندا بووەتە مایەی سەرکەوتنی لە جیهانی هونەرداو ناودار بێت وەکو هونەرمەندێکی کەم هاوتایی لە ڕەسەنایەتی و دڵێری و کولنەدان و دڵرۆشنی بە ئاینەدا ، وە چونکە بهرەنگی مرۆڤ و نووسەرێکی هەلوێستدار بوو هونەرەکەشی شەقڵی تایبەتی خۆی هەبە و بیروباوەڕی قووڵ و فراوانی شۆڕەشگێرانەی تیادا هەیەو لەناو کۆمەڵدا کاریگەرە وە لە چیرۆکەکانیدا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت کە چۆن کەرەستەکانی هەرکامیان لە ڕوداوو شەخسی یات و گرێ .. لە بۆتەی شێوازێکی دیالەکتیکی یانە هاوکارن و چەسپاون ، وە بەزمانێکی پاراوو بێ ئاڵۆز داڕێژراون .

ئەوەی مایەی سرنج ڕاکێشانە کە سەمەدی بهرەنگی لە ووتارە نرخدارەکەی دا «سەبارەت بەداستانی کۆرئۆغلو» ئەوە دسڵمێنێت کە خێڵی (جەلالی) کورد ڕابەڕیون دژی سولتانە عوسمانی یەکان و شاهە سەفەوی یەکان لەسەرانسەری باشووری ڕۆژئاوای ئازەربایجانداو ئەو ڕابەڕینە پتر لە سی سالی خایاندووەو دژی خان و دەرەبەگەکانی ناوخۆی یش بووە . وە داستانی کۆرئۆغلو زائیدەی ئەو سەردەمەیە کە لە ڕاستیدا لەسەر هێم و بناغەی ڕوداوە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری یەکانی ئەو قۆناغە مێژوویەدا داڕشتراوەو بەتایبەتی بزۆتنەوەی

بروانە ل ٧

عومەری نعمان و دەمەتەقێیەك دەربارەی شیعری میللی

● لەتیف هەلمەت نامادەی کردووە ●

عومری نوعمان شاعیرێکی میللی یە ، گەلێ هۆنراوەی هەیەو لە دیدەنییەکدا کەوتینە قسەو گوتی :

لە سالی ١٩٠٣دا لە شاری سلێمانی لە دایك بووم و لە سالی (١٩٣٧) وە کەلکەلەی شیعر کەوتۆتە سەرم و ویستوومە لە ڕێی شیعری میللی یەوە خزمەتی میللەتەکەم بکەم ...

لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی هەندێ ڕووداوی دلتەزێنی کۆنی سلێمانی وتی :

لە بیرمە لە سالی ١٩١٩دا سلێمانی بۆردمان کرا . گەلێ خانوو وێران کراو بازار ڕووخاو دزو هەڵبەرست بازاریان تاڵان کرد بەڵام شێخ مەحموود توانی دەس بەسەر بارو دۆخەکەدا بگرێ و شار بگێڕێتەوە دۆخی خۆی ...

ئەنجا جگەرەیەکی داگیرسان ووتی : سەبرترین شتی لافاوەکەی ساڵی ١٩٥٧یش کە بە چاو دیبێتم و لە بیرم مابێ ئەوەیە - حوسین مام تۆفیق - لەبەر دەرکی سەرادا خۆی بە دارتەلێکدا هەڵواسی و لە لافاوە کە ڕزگاری بوو ...

ئەنجا گەڕاینەوە ناو جیهانی شیعرو سەبارەت بە یەکەم پارچە شیعری خۆی پرسیارمان لێ کردو لە وەڵامدا ووتی ئەمە بەشێکە لە یەکەم شیعرم وا پێشکەشی خوێنەرانی هاوکاری دەکەم ... !

سەرسامو حەیران بەخت سەرنگوونم
ناوارەو مەجهوول ... ویڵو زەبوونم
گێژەڵووکەو تۆز چاوی کوێر کردم
زەوقی شاعیری بەتاڵان بردم
جێی بەزمو زەوقم شرە رەشماڵە
بەفراوی ساردم ناوی تەیناڵە
بەم حاڵەیشەوە هەمیشە شادم
چونکی نیشکەرم چوستو نازادم

لە پاش خوێندنەوەی شیعرەکە نەختی راماو گوتی : من لەگەڵ بێکەس و بەنگینەو گۆراندا ناسیاویم هەبوو ... لە بیرمە ڕۆژێکیان لەگەڵ بێکەسدا بوو بە مشت و مڕمان لەسەر ئەوەی کە ..

بروانە ل ٧

شەهید

● هەوار یوسیل باڕزانی ●

[illegible]
قوربانی خاکی زێدکەی
شەهید ساخەو نامرێت
[illegible]
شەهید . . . . . .
شەهید . . . .
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]

وەلاتی مە

● هناء احمد نعمان ●

های وەلاتو
وەلاتێ مەیێ رەنگین
ئەڤە ئەم بۆ سێرانکەها
سەرکانبێت ئافێت شرین
هاتینە ڤە
دا گەشی بین دلێن غەمگین
کەوو بلبلێن چیاکی
دا ئەبێژن
ئەڤیندار چون ئەزفرین
چونکو هەردەم ،
ئاوازێت وان دگەهشنە مە
ژ سەرێت کومەو کێری یا
لێ کەس نەبو لێ ڤەگێرین
ڤێجا نەبە دێ ڤەگێرین
وەك شڤانا و شەنگ بێری یا

Institut Kurde de Paris

موزەخانە خاندنگەلەکا ڕۆشنبیری و زانیاری یە

بهجت محمد هروری

هەر کەسێ سەرەدانەکێ بیەت هەر موزەخانەکا بیت (بو نموونە) موزەخانا مێژوویی‌یا سروشتی ، دێ زانیت تا چ قاس مروڤو هوفا شەڕەنیغ دگەل سروشتی‌یێ کری‌یە .

یانژی موزەخانا سوپایی ، دێ مشە ڕەنگێن چەکا بینیت ،مەیدانێن شەڕو جەنگا بینیت ، دفێرێدا سەرەدانچی ناچار دبیت کو مەژی‌یێ خو بکەتە چەرخا بەر ئاشو دستاڕا .. هەر هزرو بیرا تێکفە دەت . ڕەنگ‌و چونیەتا ژینا گەلا یا کەفن دێ نەقشێ خو دسەریدا چێکەت‌و لپێش چافا خویا بیت ، کا چەکێ شەڕو شەڕنیخا چ بوو و ژینا وا د چ ڕەنگدا بوو . ئەفجا موزەخانێ دەورەکێ خویاو خوگرو کاریگەر هەیە دڕوشنبیرکرنا سەرەدانچیدا .

ئەم دشێین ژ خاندەفارا بێژین .. کو موزەخانە نەك پیشانگا کەلەپورو فولکلورو زانیاری‌یێ‌یەو بەس .. بەلکو پێش چاف کرنا هەبی‌یێن ڕوشنبیری‌و ڕامیاری‌و کومەلایەتی‌و شارستانی‌یەتا گەلایە یا بوری‌و نەقشەدانانا نوکەو ڕوژێن‌بێن .

ژبەر ڤێ چەندێ من ڤیا هەندەك لایەنا ژ موزەخانا مێژوویی‌یا سروشتی پێش چاف کەم بو خاندەڤا .. ئەو دکەفیتە بەرامبەری کولیجا ئادابێ زانکویا بەغدا .. ئەڤە ساڵا (٣٨) یە ئەڤ موزەخانە یا دخزمەتا ، سروشتی‌و پێشکەفتنێدا ..

کورتە مێژوویەك لسەر موزەخانێ :

موزەخانا مێژوویی‌یا سروشتی جوانترین موزەخانەیە ژڤی ڕەنگی ، دەرکەهێ خو ڤەکری ل ڕوژهەلاتا ناوەڕاستێ . بو ئێکەمین جار دەرکەهێ وێ ڤەبوی ساڵا (١٩٤٦) بو ، ل ئافاهی‌یەکێ ل تاخێ (الوزیریە) . لێ ژبەر تەنگی‌و نەڕێکو پێکی‌یا وی ئافاهی، موزەخانێ مالا خو ژوێرێ بارکرو دانا وی ئافاهی‌یێ نوکە تێڤە ل (العلوم) ل ساڵا (١٩٧٢) .

هەمی ڕەنگێن گیانەوەرو شینکاتی‌یێ یێن کێم (نادر) تێدا هەنەو ، بڕەنگەکێ جان‌و ژێهاتی یا هاتی‌یە چارچوفە کرن‌و دابەش کرن لسەر هوڤو مروڤو شینکاتی‌یێن وێنە چێکەرو دارتاش‌و هونەرمەندا دەورەکێ مەزن‌و پڕ بها یێ هەی دچێکرنا دیمەنێن سروشتی‌دا لدویف سروشتی‌و ڕەنگێ ژینا هەر گیانەوەرەکی یان هەر تەبرەکی‌و دانانا چارچوفاو چێکرنا پەیکەراو کولان داگرتن‌و حەشاندنا گیانەوەراو تەیرا «الرسم والنحت و التحنیط» .

نوکەژی دەرگەهێن وێ لتاقن ژ سەعات (٨) ی سپێدێ تا (٥)ی ئێڤارێ . ئەڤ هونەرمەندو دارتاشە هەمی نوکە عراقینە ، ڤاژی ساڵێن بەری (١٩٤٦ – ١٩٦٠) کو هەمی بیانی بوون .

پێکهاتن‌و لێکڤەکرنا موزەخانێ :

بڕەنگەکێ ئەندازەیی‌و شارەزایی نافا وێ یا هاتی‌یە لێکڤە کرن . هەر پشکەکێ ڕەنگەکی ژ سروشتی‌یێ خانێکێن خو یێن تێ ئافا کرین .

هەر کەسێ بچیتە ژور بەری هەر تشتەکی دوو تابلویێن زەخم دێ کەفنە بەر چافا ، ئێکێ نەخاسمەیە ب پێش چاڤ کرنا کەلەك ڕەنگێن گیانەوەرا بڕەنگەکێ بچویك یێن هاتینە چێکرن‌و کولان ، دگەل ناڤ‌و جهێ ژینا وان . تابلویا دی نەخاسمەیە بو گەلەك ڕەنگێن شینکاتی‌یێ .. دگەل ناڤ‌و جهێ ژیناوان .. پشتی ڤان تابلویا ئەو لایێ تو ڤێدا دچی یێ هاتی‌یە لێکڤەکرن بو دوو بشکێن مەزن ، نێزیکی نیڤا موزەخانێ تێ هەنە : پشکەك بو گیانەوەراو یادی بو تەبرا .

پشکا نەخاسمە ب گیانەوەراڤە :

دەورێ هونەرمەندو دارتاشا گەلەك جوان تێدا خویا دبیت ، کو هەر ڕەنگەکێ گیانەوەری چارچوفەکا نەخاسمە یا هەی دگەل دیمەنەکێ سروشتی لدویف ژین‌و جهێ وی . کو هەمیزی یێن هاتینە داکرتن‌و حەشاندن . هندەك ژڤان گیانەوەرا (هوفا) (بونمونە) : (هرچ ، گورگ ، خەزال، مەیمونك ، سفورە ، ڕویڤی ، شێر ، پلینگ ، زوڕافە ، صە ، کێڤریشك، کەرکەدان ، ئو پەز کویڤی‌و .... تاد) .

پشکا نەخاسمە بتەیراڤە :

کا چەوان پشکا نەخاسمە ب گیانەوەراڤە نەقشاندی‌یە ب هونەرەکێ جوان ، وەسان پشکا نەخاسمە ب تەیراژیڤە نەقشاندی‌یەو د چارچوڤێ ڕێکو پێکدا دانانیەو دیمەنێن دل کێش تێدا چێکرینە ، ژڤان تەیران ژی (بونمونە) :

(کەو ، سەقەر ، نولەو ، بوم ، نەعامە ، دارکولە ، طاووس ، کوتر ، مێش‌خورینك ، عەلوعەلو ، بەط ، ئو هەمی ڕەنگێن چیچکاو ... تاد . دگەل کورتە شروفەکێ لسەر ڕەنگێ وان‌و جهو چوانیەتا ژینا وان ژ گیانەوەرو بالندا پی‌یاو .. تاد ژڤان ڕەنگا . بەلاتیك‌و ... تاد بهەمی ڕەنگاڤە ، دگەل دیارکرنا جهێ ژین‌و چونیەتا ژینا وا .

مروڤو پێشکەفتنا وی ژ کەفندا تا ئەڤروکە :

موزەخانێ کەلەك پوتە یا مروڤی دای ، لسەر ڕەنگێن مروڤی‌و پێشکڤە چوناری تا ڤێ ڕوژا ئەم تێدا د تابلویەکێدا لسەر مروڤی دناخڤیت‌و دبێژیت :

بەری سەدەها هەزار ساڵا مروڤ یێ هاتی‌یە لێکڤەکرن بـ (٦) شەش، ڕەنگا یانژی (٦) شەش ڕەسەنا ، هەو ئێك ناڤ کری‌یە بجهێ لێ دیار بوی ، هەروەکی لێیدا خویا دبیت :

١ – مروڤێن کرومانیون .
٢ – = بلتداون .
٣ – = پکین .
٤ – = نیاندرتال .
٥ – = جاوە .
٦ – = (القرد) .

دتابلویەکا دیدا چەند مروڤەك یێن د شکەفتەکێڤە ئاگری هەلدکەن ، ڕەنگێ مروڤێن بەری مێژوویی‌یێ دەدەن ، گەلەك ڕندو جوان یێن هاتینە چێکرن ، پەبکەرن ،لێ مروڤ بزەحمەت باوەر دکەت کو بدەست یێن هاتینە چێکرن .

دیسان تابلویەکا دی پەبکەرێن بناڤ‌و دەنگترین زانایێن گیانەوەر زانی‌یێ نیشامە ددەت کو ئەڤەنە :

١ – شارل دارون ، یێ ژیای دناڤبەرا ساڵێن (١٨٠٩ – ١٨٨٢)ی ز . خودانێ بیردوزا پێشکەفتن‌و کهوڕێنێ‌و ڕەسەنا ڕەنگایە .

٢ – کارلوس لینایوس . (١٧٠٧ – ١٧٧٨) ز بناڤ‌و دەنگترین کەسە ڕابوی ب دانانا ڕەنگێن گیانەوەرو شینکاتی‌یێ .

٣ – ئەرسطو ، (٣٨٤ – ٤٣٢) ب ، ز ، ئێکەمین زانایە دمێژوویدا لسەر گیانەوەرا نڤیسی .

٤ – ابو عثمان عمر ، (٧٧٥ – ٨٦٨) ز . دانەرێ بناڤ‌و دەنگترین نڤشتا عەرەبی‌یە لسەر گیانەوەرا کو لێکڤە کری‌یە بو (٧) پشکا .

بەر بهەمی ڕەنگێن خوڤە :

موزەخانێ یا خو لبەرا کری‌یە خودان بهەمی ڕەنگاڤە ، کو مەیدانەکا بەر فرەه یا بو بەردای‌و کری‌یە پیشانگا . بەر ژی یێن بکەیفا دلێ خو کەفتین ، هەر چەندەکا جهەکێ بو خو کرتی دناڤ چار چوفەکێدا ،دگەل ناڤێ هەر بەرەکی‌و جهێ بدەست کەفتنا وی .

☆ ☆ ☆

ڕاست

چاکردنەوەی دوو پێی براو

دەستەیەك زانای مەلبەندی لێکولینەوەی نیشتمانی بریندارانی لەمۆسکۆ توانیان دوو پێی براوی منداڵێك بەستنەوە ئەوا ئەوەی بە داسی ئامبرێکی درووێنە براو بوونەوە عملیاتی لکاندنەوەی هەردوو پێی منداڵەکە کە ناوی [ڕۆژابراسیفیوف]ە نۆسەعاتی خایاندوە دوایی بەسەرکەوتوویی منداڵەکە بە دوو پێی ساغەوە دەرچوو .

چاپکراوی نوێ

چۆراوگە

لە کتێبە چاپکراوەکانی پرۆژەی (١٠٠) کتێبی کوردی دیوانی شاعیر محسن ئاواره بەناوی چۆراوگەوە دەرچووە کە بریتییە لە ١٩ پارچە شیعری شاعیر لە ٨٠ لاپەڕەی قەوارە بچووك داو ئەمە دووەم دیوانی چاپکراوی ئاوارەی شاعیرە .

شانۆی کوردی

«هاملت»

لە تاقی کردنەوەیەکی تردا

لەچوار چێوەی فیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانکەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەرهەمە ناودارەکەی ولیەم شکسپیر (هاملێت) پێشکەش کرا :

ئەم شانۆیە کاك یاسین قادر بەرزنجی کردویەتی بەکوردیو لەدەرهێنانی هونەرمەند ئەحمەد سالار بو کەلەسەر شانۆی قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی پێشکەش کراو لەم بارەیەوە کاك ئەحمەد سالار دەڵێ : هەبو نەبو ... ڕەشەبایەکی کوێر شەوێکی تاری بە هەڵزانیو بەگژ بێستونێکی ئەستێرە لە کۆڵدا چوو ...، چەند گیفەگیفی هەرەشەی کرد بەڵام بەیێ کەلەشێریش خۆر لەناو چەوانی چیاکەوە هەڵهاتو بە هەڵهاتنی وەبشومەکە پێکەنی .. منی کوردە دەرهێنەریش وەك ئەو سەوداسەرە سەختەی کە گشت سەرماو سۆڵەیەکی ڕەق کە ڕەوەی بەزاندن نەیتوانی وانەی قالبونی نێو سەهۆڵ بەندانی بێبدۆرێنێ چونکە دۆزەخو سەهۆڵ بەندانی ژێر پێناو ئاسمانێ ئەورۆزی بروای بەحەبیبە کەیشکنی ئالیبانەی لەبۆتەی بوونداداگیرساندبوو .

هەر کۆشتێك لەپای دڵنیاپادابێ ، شایانی ڕێزو ستایشە ، (هاملێت)یش سەکردایەتی هێرشێکی پێویستە بۆ ڕاستکردنەوە .

لە تاقی کردنەوەی هەمونیمدا بە (هەم) بردیەوەو ئاکامی دڵنیایی چنگکەوت .

● **پاشان کاك نەهرۆ صالح سعید کە دەوری (پاشا)ی بەسەرکەوتوی دەگێڕاو سەبارەت بە دەستنیشان کردنی وتی:**

هەموو داهێنانێك و نوێکاریەك لەلایەن ئەکتەرەوە کارێکی ئاسانی نییەو لەخۆیەوە نایەتە گۆڕێ بەڵکو هەوڵدان و تێکۆشان لەلایەك و لەلایەکی ترەوە مەسەلەی ئیلترام و ڕێزگرتن دەوروبەر چونکە هونەری شانۆ پێویستی بەکۆمەك کردن هەیەو ئەوەش هەولی ماندوبوون بدات بەرهەمەکەی ئەچنێتەوە کەئەویش قایلبوونی جەماوەرە بەرامبەر بەهونەرو بەمەش توانیم کونجێك پڕبکەمەوەو زیاتریشی دەگەڕێتەوە بۆ دڵسۆزی ئەوهونەرمەندو مامۆستا بەرێزانەی کە ڕێپیشاندەرم بوون و لەگەڵیانا مامۆستای دەرهێنەر کاك ئەحمەد سالار .

کاك سۆران اسماعیل کە دەوری هاملێتی بینی دەڵێ :

ڕاستی نیشانەبەکی ئەوەندە بیرۆزە کە هەموو مرۆڤێکی ڕاستگۆ هەمیشە عەودالێتی بۆ ئەوەی بەدیداری بکات بەڵام مرۆڤە گەلۆرو دەبەنەکان هەمیشە عەودالی ڕیایی و مەرایی کردنیانەو وەك چقلێك دێتە سەر ڕێگای ئەو ڕاستگۆیانە بۆ توانەوەیان و هاملێتیش نمونەی ئەم باسەبەو سەبارەت بەم دەورەش برادەران و مامۆستاو دەرهێنەر زۆر یارمەتیان دام بۆ دیراسەی کەسایەتی هاملێت و نوسەرەکەی .

● **دوابەدوای ئەمیش خوشکە تریفە جمال کە دەوری (ئوفیلیا)ی دەگێڕا دەڵێ :**

من (ئوفیلیا) لەدوو جیهانی جیاوازدا دەبینم ، ئوفیلیایەك لە دەریای خۆشەویستی یەکی پاك و بێگەردا کە ڕەونەقی دابوە ژیانی بەڵام درێژەی پێدانی کارەساتەکانی شانۆیەکە وای لە هاملێت کرد ڕەشبینی دروشمێکی شەکاوەبێت بەرامبەر هەموو ئافرەتێك ، نزیکترین کەس ئوفیلیای ئەوینی بو ، خۆراگرتنیش بەرامبەر بەو کتوپڕیە بێئەوەی تاوانێك لە ئەستۆی ئوفیلیادا بێت کارێکی جەرکبرو بەر مەترسیەو ئەوەش تەنها مردنی لێ بەئاکام دێت هەروەکو بەڕێمان کرد .

پاشان کاك دار عبدالقادر کە دەوری (هوراشیو) دەگێڕاو ووتی :

وەك قوتابیەکی شانۆکە ئەم دەوردم پێسپێرابو دوای ئەوەی هەر نوسینو ڕونکردنەوەبەك لەسەر هاملێت دەستم کەوت خوێندمەوەو هەوڵمدا بەپێی توانای ڕۆشنبیری خۆم شکسپیر بناسمو شاکارەکانی وەکو ئوتیلو .. یولیوس سیزەر ... بازرگانی ڤینیا .. مکبت بەسەر بکەمەوەو ئەمەش ڕێگای بۆخۆش کردم بۆ ئەوەی دەوری هۆراشیو بینم .

دواجار کاك ئەریوان عمر دەوڵەت کە دەوری [لاپرتس]ی دەگێڕاو دەڵێ :

وەك قوتابیەك لەشانۆو هەنگاونان بۆ شارەزا بوون و قوڵبوون لە هونەری ئواندنو هەوڵو تەقەلا لەو بوارەدا هەوڵمدا کە بتوانم لەو کێشەیەدا قالبەم و لە چوارچێوەی حاڵەتەکە دەرنەچم ... بۆ ئەمەش گەلێك کەلکم لە تێبینیەکانی مامۆستای بەڕێزم احمد سالار لەکاتی پرۆڤەدا وەرگرتوە .

فریا

بیرێکی ڕاگوزاری

توانا ...

بێ توانا ...

هەندێ جار . کە سەرنجی وردی ئبشو کاری ئەوانە دەدەم لە دەوروپشتم کار دەکەن . ئەگەمە ڕاستیەك مەسەلەی بە توانایی و بێتوانایی مەسەلەیەکی نیسبیەوەك زۆر شتەکانی تری ئەم ژیانە فراوانە ... یەعنی وای ئەبینم هەر کەسێ «بیەوێت» تێبگات و پێ بگات و توانای ئەوەی هەیە تێبگات و پێبگات و ئەگەمە ئەوەی کە بێ توانایی نیە ئەگەر «بویستری» چونکە بە تاقی کردنەوەی دیار بۆم دەرکەوتووە کە سانێ کارم لەگەڵ کردوون «ئەلف و بێی کاری ڕۆژنامە نووسیان ئەرانیوە .. کەچی چونکە «ویستویانە» فێر بن ... توانایان خستۆتە کار.... وە فێربوون.. ئەم دیاردەیە لە زۆر لایەنی تری ژیاندا دووبارە دەبێتەوە کەواتە زیاتر مەسەلە «ویستن» و «بەویستنە» نەك بە توانایی و.. بێتوانایی .. لەوانەشە هەندێ جار لە «وبستن»و و «نەویستنا» «حەزکردن» و «حەزنەکردن» دەوربگێڕێ ..

بەهرە

جیهانی سینەما

گرانترین فلیمی فەرەنسایی

لە فیستڤاڵی «کان»دا

لە ٣٧ هەمین فیستڤاڵی «کان» لە فەرەنسا فلیمی فەرەنسایی «قەڵای ساگان» بیشاندرا کە ماوەکەی چوار سەعاتەو کارەساتێکی میژووی لە بیابانیکەدا دەگێڕێتەوە کە سالی ١٩١١ ـ١٩١٤ ڕووی داوە ئەکتەرە دیارەکانی فەرەنسا «ژێرار دیپاردیوو سۆفی مارسۆو کاترین دینۆف» بەشداریان تیا کردوە ، ئەم فلیمە کەورەترین پارەی بۆ خەرج کراوە کە لە میژووی سینەمادا شتی وا نەبوە. فلیمەکە زیاتر لە ٥٠ ملیون فرنکی فەرەنسایی بۆ خەرج کراوە .

لەگەڵ ئەم دوو هونەرمەندە

هونەری کوردی ئاسمانێکی فراوانەو چەندان ئەستێرە تیایدا لە دورو نزیکەوە دەجرووبێنن و لەوانە هەن دۆزراونەتەوەو خۆیانیان ناساندوەو هەشیانە سەرەتایەو دەیانەوێ بە هەوڵو تەقالایان قوژبنێکی هونەری کوردیمان روناك بکەنەوە لەوانەش دوو لاوی تازە هەلکەوتو کەمال و میدیا ...!

● میدیا لەسالی ١٩٦٠ لە کەرەکی چوارباخی سلێمانی بەژیان شاد بوەو تاکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندوەو پاشان لەودەمەوە تائێستا بۆ مۆزگەر کردنی پاروی ژیانی پەنای بردوەتە بەر جلوبەرگ دروین .

● کەمال هەمان ساڵ لەگەرەکی سەرکارێز بوە بە هاوڕێی ژیان .

● سەرەتای هونەری میدیا هەر لە منالیەوە حەزی لەگۆرانی گردوەو لاسایی گۆرانی بێژە گەورەکانی کردۆتەوەو ئەم خولیایە لەگەڵ تەمەنیدا گەورەبوە تاکو ساڵی ١٩٧٨ خۆی گەباندوەتە ئێستگەی کوردی بەغداو چەند گۆرانیەکی تۆمار کردوە .

ئەو گۆرانیانەی پێکەوە لەگەڵ کەمالی هاوەڵیدا بۆ تەلەفزیۆن تۆماریان کردوە لەوانە گۆرانی بەفرەباریە. ..و بەتەنهاش گۆرانی کاکی زەرنکەر ، گولی چوارباخ ، کەوهەرێ ، شەدەلار .

● کاك کەمال سەبارەت بە بارەتی دانی ئێستگەو تەلەفزیۆن دەڵێ دەرگایان لەسەر پشتەو بە بارەتی ئەوان لیتپرسراوان توانیمان بگەینە ئەو ئامانجەی کە مەبەستمانە ئەویش خزمەت کردنی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردیە چونکە ئێستا خۆم و کاك میدیا لەیەکیی نیشتمانی قوتابیان و لاوانی پارێزگای سلێمانیدا کار دەکەین .

● پاشان سەبارەت بەوتیپانەی کاریان تیا کردوە میدیا دەڵێ بە دووقۆلی لەگەڵ کاك کەمالدا لەتیپی هاونازی ڕۆژئاوایی و بە تەنهاخۆم لەتیپی مبللی ژواندا بەشداریم کردوە .

دایکی گەورە

شاژنی هەنگ

شاژن دایکی شانەیەو بەگرنگترین ئەندامەکانی ئەم خێزانە گەورەیە دائەنرێت کە مرۆڤ لە بەرهەمو بەریوەبەرایەتی هەلس و کەوت و ژیانی ئەم ئیمپراتۆریەتە سەری ئەسوڕمێ ..

بۆیە ئەبێ بۆ ای جوتیارو خاوەن هەنگەکان بایەخێکی بێ کۆتا بدەنە سەر خاڵە گرنگەکانی بوژاندنەوەو بە خێوکردنی ئەم جۆرە هەنگە پیرۆزە .. وەلە بەر ئەوەش شاژن [الملکة] بە بڕبڕەی پشتی ئەم خێزانە ئەزمێردرێ و ئەبێ ئاگاداری بیت و هەر کاتێ هەست بە لاوازبوون و لە ناو چونی کرا بگۆڕدرێت بە شاژنێکی نوێ و چالاك ...

شاژن کۆو ئەندامێکی تەواوی هەیە بۆ زاوزێ تەدارەیەکی گەورەی هەیە لەگەڵ لەشێکی درێژ لە هەموو هەنگەکانی تری شانە دەکوو کارە کەرو نێرە .. .

شاژن وەك کارەکەرەکان جزویەکی هەیە بۆ پێوەدان کاتێ توشی نازاردان و مەترسی ئەبێت ، بەڵام باش پێوەدان نامرێت وەك کارەکەر ،چونکە جزوەکە بەدەمارو ریخەلۆکەو ئەندامەگرنگەکانی هەناسەدان نەبەسترا وە کەچی کارەکەرەکان پاش پێوەدان یەکسەر ئەمرن .. چونکە جزوی پێوەدان هەموو دەمارو ئەندامەکانی تری لەشی بەندە .. بۆیە کاتێ شتێك دەگەزێ هەموو ئەندامەکانی

لەشی لەگەڵ تەکان نەپچڕێنێ شابستەی باسکردنە نێرەکان جزویانی یە بۆیە بەشتەوە نادەن .

شاژن دوو جۆرە هیلکەدەکا هێلکەی چاکراوو کە کارەکەری ـ شفالە ـی لێدەردەچێ و هێلکەی چافەکراویش نێرەکانی لێدەرنەچێ ، تەمەنی شاژن لە ـ٤ـ٧ ساڵە تێناپەڕێت کە لە یەکەم ساڵی تەمەنی ١٠٠٠ ـ ١٥٠٠ هیلکەدادەنێت لە ڕۆژێك لە وەرزی بەهار ، کەچی لە دووەم ساڵدا ٢٥٠٠ـ٣٠٠٠ هیلکە دادەنێت لە ڕۆژێك پاشان ئەم بەرهەمەی لە هیلکەکردن بەرەبەرە کەم ئەبێتەوە .

لەبەر ئەوەی ـشاژن ـ ڕۆلێکی باڵا دەگێڕێ لە ژیانی خێزانی هەنگ بۆیە دەبێ سەرنجی هەلس و کەوتی بدرێتو کاتێ هەستبە لاواربوونی کرایە کەر بگۆڕدرێت بە پەیڕەو کردنی ئەم خاڵانە :ـ

١ ـ دانانی چوار چێوەیەکی بڕ لە هیلکەو کرمی تەمەن تازە تا هەنگەکان بەکێك لە هیلکەکان هەلبژێرن بۆ شاژنێکی نوێ .

ب ـ کڕینی شاژنێکلە دەرکای گشتی باراستنی کێلگەکان و تێکەڵکردنی لەگەڵ ئەندامانی هەنگەکان بۆیە ئاواتەخوازین برای خاوەن هەنگ بایەخێکی تەواو بە شاژن بدات و تاشانەیەکی تەواو بەرهەمێکی چاکی لە هەنگوین بە دەست دەکەوێ چونکە هەنگوین خواردنێکی بە چێژو تامەو هەر بۆیەشەخوای مبهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێت [فیەشفاء للناس] .

« جەمال خدر احمد »

هاوکاری

دەزگای
ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی
کوردی

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الغلانی

تەلەفۆن
٨٨٧٥٧٩٥
٥ خەت

شیعر

بۆ منداڵان

نەمامێکی بچکۆلەم

نەمامێکی بچکۆلەم — عەزیز ڕەشید حەربری
ڕاهاتووی سەرماو سۆلەم
باکم بە ساردی نییە — قوتابخانەم شیرینە
گەرمام لەلا هیچ نییە — دووهەمین ماڵی ژینە
حەز بە تەمبەڵی ناکەم — زانست لەوێ فێر دەبم
کتێبە باوکو کاکەم — خونچە گوڵم گەش دەبم
گورچو گوڵم دەخوێنم — ڕێز لە مامۆستا دەگرم
زانستی دەچەسپێنم — قسەی ئەو لەگوێ دەگرم
یەکەمین فێرگەم ماڵە — پەیمانبێ هەر دەخوێنم
نەزانینم لا تاڵە — نەزانین دەبەزێنم

Institut kurde de Paris